# وەقایعی کوردستان

رۆژنامەی ڕەسمیی هەرێمی کوردستانە - وەزارەتی داد دەری دەکات

ژمارە (٢٧٦)سالی بیست و یەکەم ٢٣ کانوونی یەکەم ٢٠٢١ ٣ بەفرانبار ٢٧٢١ کوردی ١٩ جەمادی یەکەم١٤٤٣ کۆچی

276



**یاسای ژمارە (٨)ی سالی ٢٠٢١** ل ١

یاسای هەمواری یەکەمی یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت
لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق ژمارە (٢٢)ی سالی ٢٠١١

**بڕیاری ژمارە (١٢)ی سالی ٢٠٢١ پەرلەمانی کوردستان** ل ٦

دەست لە کارکێشانەوەی (سیروان فرج محمد) لە لیژنەی (پەیوەندییەکان و ڕەوەندی کوردستانی).

**ڕێنمایی ژمارە (١)ی سالی ٢٠٢١ وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن** ل ٧

ڕێنماییە گشتیەکانی کاروباری گواستنەوە لەهەرێمی کوردستان

**ڕێنمایی ژمارە (٤) سالی ٢٠٢١ وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی** ل ٣١

ڕێنمایی تایبەت بە هاوردە و هەناردە

**ڕێنمایی ژمارە (٦)ی سالی ٢٠٢١ وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی** ل ٤٢

تایبەت بە چاودێری بازرگانی

**بەیانی ژمارە (١)ی سالی ٢٠٢١ دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە** ل ٤٨

تایبەت بەهەلەی چاپ لە ڕێنمایی ژمارە (١)و(٢)ی سالی ٢٠٢١

**بەیانی ژمارە (٣٥)ی سالی ٢٠٢١ وەزارەتی ناوخۆ** ل ٥٠

گواستنەوەی گوندی شێخالک

**بەیانی ژمارە (٣٦)ی سالی ٢٠٢١ وەزارەتی ناوخۆ** ل ٥١

دیاریکردنی شێواز و قەبارە و ڕەنگی تابلۆی ژمارەی کاتی نوێ

**بەیانی ژمارە (٣٧)ی سالی ٢٠٢١ وەزارەتی ناوخۆ** ل ٥٣

هەمواری یەکەمی بەیانی دەرهێنانی مۆلەتی شۆفێری نێو دەولەتی ژمارە (١١)ی سالی ٢٠٢١

**بەیانی ژمارە (٣٨)ی سالی ٢٠٢١ وەزارەتی ناوخۆ** ل ٥٤

هێنانەکایەی دادگای پێداچوونەوەی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و فەرمانگەی داواکاری گشتی لە وەزارەتی ناوخۆ

**بەیانی ژمارە (٣٩)ی سالی ٢٠٢١ وەزارەتی ناوخۆ** ل ٥٥

هێنانەکایەی گوندی باساما

**بەیانی ژمارە (٤٩-٥٠-٥١-٥٢-٥٣-٥٤-٥٥-٥٦-٥٧-٥٨-٥٩-٦٠)ی سالی ٢٠٢١ وەزارەتی تەندروستی** ل ٦٣

# وقائع كوردستان

الجريدة الرسمية لأقليم كوردستان - تصدر من قبل وزارة العدل

العدد (٢٧٦) الحادي والعشرون ٢٣ كانون الاول ٢٠٢١م. ٣ بەفرانبار ٢٧٢١ك. ١٩ جماد الاول ١٤٤٣ هـ.

276

The Weekly Formal Newspaper of Kurdistan Region , Published by Ministry of Justice



**قانون رقم (٨) لسنة ٢٠٢١** ص ٥٦

قانون التعديل الأول لقانون حقوق وامتيازات المعاقين وذوي الاحتياجات الخاصة في إقليم كوردستان ـ العراق رقم (٢٢) لسنة ٢٠١١

**قرار رقم (١٢) لسنة ٢٠٢١ برلمان كوردستان - العراق** ص ٦٠

استقالة عضو برلمان كوردستان (سيروان فرج محمد) من عضوية لجنة (العلاقات والجالية الكوردستانية)

**بيان رقم (١) لسنة ٢٠٢١ هيئة حماية وتحسين البيئة** ص ٦١

تصحيح أخطاء مطبعية من تعليمات رقم (٢) و (٣) لسنة ٢٠٢١

**بيان رقم (٤٩-٥٠-٥١-٥٢-٥٣-٥٤-٥٥-٥٦-٥٧-٥٨-٥٩-٦٠) لسنة ٢٠٢١ وزارة الصحة** ص ٦٣


**فهرست المواضيع باللغة الكوردية فقط**


**تعليمات رقم (١) لسنة ٢٠٢١ وزارة النقل والأتصالات** ص ٧

**تعليمات رقم (٤)و(٦) لسنة ٢٠٢١ وزارة التجارة والصناعة** ص ٣١

**بيان رقم (٣٥- ٣٦ — ٣٧ — ٣٨ - ٣٩) لسنة ٢٠٢١ وزارة الداخلية** ص ٥٠



چاپخانەی شەهاب - هەولێر ٠٧٥٠ ٤٤٨ ٣٨٦٣

Address: Franswa Metran Cross
www.gov.krd/moj , www.yasaii.info

العنوان - أربيل - تقاطع فرانسوا ميتران - بناية وزارة العدل
تلفون: ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٨ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٧ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥١٤

**کۆماری عێراق**
**هەرێمی کوردستان**
**سەرۆک**

**بڕیار ژمـارە (١٥)ی سـاڵی ٢٠٢١**

بەپێـی ئەو دەسـەڵاتەی پێمانـدراوە لە بـڕگەی (یەکەم)ی مـاددەی (دەیەم) لە یاسـای سـەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو و دوای گەڕانەوەی یاسـاکە بـۆ پەرلەمـان بە بڕیـاری ژمـارە (١٠)ی سـاڵی ٢٠٢١ی سـەرۆکایەتیی هەرێـم، بـۆ چاوپێخشـاندنەوە بە مـاددەی (٤)ی هەمواری یاساکە، و پاڵپشت بەو یاساکارییەی پەرلەمانی کوردستان کە لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٦)ی رۆژی ٢٠٢١/١١/٩ کردوویەتی، بڕیارماندا بە دەرکردنی:

**یاسای ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٢١**
**یاسای هەمواری یەکەمی یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠١١**

**ماددەی (١):**

ناونیشـانی (یاسـای ژمـارە (٢٢)ی سـاڵی (٢٠١١) یاسـای مـاف و ئیمتیـازاتی کەمئەنـدام و خـاوەن پێداویستی تـایبەت لە هەرێمـی کوردسـتان - عێـراق) هەمـوار دەکرێـت و بەم شـێوەیەی خـوارەوە دەخوێنـدرێتەوە:((**یاسـای مـاف و ئیمتیـازاتی کەمئەنـدامان و خـاوەن پێداویسـتی تـایبەت و کورتەباڵایان لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق**)).

**ماددەی (٢):**

**یەکەم**: بـڕگەی (**چـوارەم**)ی مـاددەی (**یەکەم**)ی یاسـاکە هەمـوار دەکرێـت و بەم شـێوەیەی خـوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(**چـوارەم**: **ئەنجـومەن**: ئەنجـومەنی چـاودێری کەمئەنـدامان و خـاوەن پێداویسـتی تـایبەت و کورتەباڵایان).

**دووەم**: بڕگەی (**شەشـەم**)ی مـاددەی (**یەکەم**)ی یاسـاکە هەمـواردەکرێتەوە و بەم شـێوەیەی خـوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(**شەشەم**: **کەمئەندام**: هەر کەسێک دووچاری پەککەوتەییەکی ماوە درێژ بووبێت، جـا چ جەسـتەیی بێت یان ئەقڵی یان هزری یان هەستی، بەشێوەیەکی تەواو بێت یان بەشـەکی، بەجۆرێـك ببێـتە بەربەستێک یان زیاتر لەبەردەم بەشداریکردنی لە کۆمەڵگەدا، بەشێوەیەکی سروشتی هاوشێوەی کەسانی دیکە).

**سێیەم**: بـڕگەیەک بە زنجیـرەی (**حەوتەم**) بـۆ مـاددەی (**یەکەم**)ی یاسـاکە زیـاد دەکرێـت و بەو پێـیە بڕگەکانی دواتر ڕێزبەند دەکرێتەوە، و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(**حەوتەم**: **کورتەباڵا**: ئەوکەسەیە کە بە هـۆی نـاڕێکی لە سیسـتەمی گەشـەیدا، ئاسـتی بەرزیـی بـاڵای بەشێوەیەکی نائاسایی کورت بێت، ئەمەش بە بڕیاری لیژنەیەکی پزیشکی پسپۆڕ دەستنیشان دەکرێت).

**چوارەم**: بڕگەی (**حەوتەم**)ی ماددەی (**یەکەم**)ی یاساکە هەموار دەکرێت و بەپێی ڕیزبەندی نوێ دەبێتە بڕگەی (**هەشتەم**) و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(**هەشتەم**: **ناسنامە**: ئەو بەڵگەنامە تایبەتەییە کە وەزارەت بۆ پێناسی کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت و کورتەباڵا دەریدەکات، و هەڵگرەکەی لەو ماف و ئمتیازاتانە سودمەند دەبێت کە ئەم یاسایە دەیبەخشێت).

**پێنجەم**: بڕگەی (**دەیەم**)ی ماددەی (**یەکەم**)ی یاساکە هەموار دەکرێت و بەپێی ڕیزبەندی نوێ دەبێتە بڕگەی (**یازدەیەم**) و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(**یازدەیەم**: **بنکەکانی حەواندنەوە**: ئەو بنکانەن کە کەمئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەت و کورتەباڵایان لە خۆ دەگرن، ئەوانەی شوێنی حەوانەوەیان نییە و پێویستیان بە کەسانێک هەیە چاودێرییان بکەن).

**شەشەم**: بڕگەیەک بە زنجیرەی (**دوازدەیەم**) بۆ ماددەی (**یەکەم**)ی یاساکە زیاد دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(**دوازدەیەم**: **سندوق**: سندوقی کۆمەک بۆ چاودێریی کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت و کورتەباڵایان).

**ماددەی (٣):**

هەردوو بڕگەی (**دووەم**) و (**سێیەم**)ی ماددەی (**سێیەم**)ی یاساکە هەمواردەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

**دووەم**: نوێنەری ئەم وەزارەتانەی خوارەوە بەو مەرجەی پلەی هەر کامیان لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێت:

١- خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی.
٢- پەروەردە.
٣- تەندروستی.
٤- ڕۆشنبیری و لاوان.
٥- دارایی و ئابووری.
٦- شارەوانی و گەشتوگوزار.

**سێیەم**: نوێنەری یەکێک لە کۆمەڵەکانی کەمئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەت و کورتەباڵایان، کە ئەم کۆمەڵانە لە نێوان خۆیاندا دەستنیشانی دەکەن.

**ماددەی (٤):**

هەردوو بڕگەی (**دووەم**) و (**سێیەم**)ی ماددەی (**شەشەم**)ی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

**دووەم**:

١- ئەوانەی حوکمەکانی بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە دەیانگرێتەوە و فەرمانبەری کەمئەندامن، شایستەی دەرماڵەی لەبڕی کەمئەندامی دەبن بەو ڕێژەیەی ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری لەسەر دەدات کە یەکسانە بە (٣/٢) دوو لەسەر سێی کۆمەکی پاراستنی کۆمەڵایەتی.

٢- ئەوانەی حوکمەکانی بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە دەیانگرێتەوە و فەرمانبەری خانەنشینن، بە چاوپۆشین لە سەرچاوەی داهاتیان، مافی وەرگرتنی هاوکاری لەبڕی کەمئەندامییان هەیە و، لە هاوکاری لەبڕی کەمئەندامیەییان پێدەدرێت کە یەکسانە بە (٣/٢)ی دوو لەسەر سێی کۆمەکی پاراستنی کۆمەڵایەتی و لە تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی وەریدەگرن.

**سێیەم**: ئەوانەی حوکمەکانی بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە دەیانگرێتەوە لە کەسانی بێ دەرامەت شایستەی بەرامبەری کەمئەندامی دەبن کە یەکسانە بە (٣/٢) دوو لەسەر سێی کۆمەکی پاراستنی کۆمەڵایەتی سەرباری کۆمەکێک کە بەم شێوەیە دیاری دەکرێت:-

(کۆمەکی پاراستنی کۆمەڵایەتی × ڕێژەی پەککەوتەیی)

**ماددەی (٥):**

بڕگەیەک بە زنجیرەی (**چوارەم**) بۆ ماددەی (**نۆیەم**)ی یاساکە زیاد دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

**چوارەم**: دانانی پرۆگرامی تایبەت دەربارەی کەمئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەت و کورتەباڵایان لە پرۆگرامەکانی پەروەردەیی.

**ماددەی (٦):**

بڕگەی (**چوارەم**)ی ماددەی (**دەیەم**)ی یاساکە هەموار دەکرێت و دوو بڕگە بە زنجیرەکانی (**پێنجەم**) و (**شەشەم**) بۆ ماددەکە زیاد دەکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە:-

**چوارەم**: خاوەن پڕۆژە تایبەتەکان پابەند دەبن بە بەکارخستنی ڕێژەیەک لە کەمئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەت و کورتەباڵایان لە پڕۆژەکانیان، بەو شێوەیەی گونجاو بێت لەگەڵ توانا و لێزانینەکانیان، و شیاندن و ڕاهێنانی گونجاویان بۆ دەکرێت تا لەگەڵ پێداویستیەکانی کار گونجاو بێت، حکومەتیش تا ماوەی (٣) سێ ساڵ نیوەی مانگانەکانیان لە ئەستۆ دەگرێت بەرەچاوکردنی حوکمەکانی ماددەی (شەشەم)ی ئەم یاسایە.

**پێنجەم**: نابێت کەسی کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت وکورتەباڵا لە دەرفەتی وەزیفەپێدان یان کار، بەهۆی بارودۆخیانەوە بێبەش بکرێن، لەکاتێکدا خاوەن توانا و لێهاتوویی بن بۆ بەجێگەیاندنی وەزیفە یان کارەکە.

**شەشەم**: کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت و کورتەباڵا مافی دەستکەوتنی مۆڵەتی شوفێریان هەیە بەپێی ڕێنماییە بەرکارەکان.

**ماددەی (٧):**

بڕگەیەک بۆ ماددەی (**یازدەیەم**)ی یاساکە بە زنجیرەی (**پێنجەم**) زیاد دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

**پێنجەم:** ئەو لایەنانەی پرۆژەکانی نیشتەجێبوون جێبەجێ دەکەن، بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەت، پابەند دەبن بە تەرخانکردنی ڕێژەیەکی دیاریکراو لە یەکەکانی نیشتەجێبوون بۆ کەمئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەت و کورتەباڵایان، بەبێ بەرامبەر، بەمەرجێك بۆ بارودۆخی گوزەران و جەستەییان گونجاو بێت.

**ماددەی (٨):**

خاڵێک بۆ بڕگەی (**دووەم**)ی ماددەی (**دوازدەیەم**)ی یاساکە بە زنجیرەی (٣) زیاد دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

٣- دامەزراندنی ناوەندێکی پێشکەوتوو بۆ دەستنیشانکردنی کەمئەندامی، پێکهاتە و ئەرك و شێوازی کارکردنی بە ڕێنماییەك ڕێکدەخرێت کە وەزیر بەهەماهەنگی لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم و وەزیری تەندروستی دەریدەکات.

**ماددەی (٩):**

بڕگەی (**یەکەم**)ی ماددەی (**سێزدەیەم**)ی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

**یەکەم:** لایەنە پەیوەندیدارەکان لە حکومەت پابەندن بە ڕەخساندنی هەلی چالاکیە وەرزشی و کۆمەڵایەتییەکان بۆ کەمئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەت و کورتەباڵایان، و یارمەتیدانیان بۆ ئەنجامدانی ئەو وەرزشانەی کە لەگەڵ بارودۆخیان دەگونجێت، و ئەمەش لە ڕێگەی:-

١- گونجاندنی یاریگا و هۆڵی وەرزشی و خێوەتگە و یانەی تایبەت.

٢- پابەندکردنی لایەنەکانی تری خاوەن یاریگا و هۆڵ و یانەی وەرزشی بە دابین کردنی بەش و شوێنی تایبەت کە تیایدا بتوانن وەرزش و چالاکیە کۆمەڵایەتییەکان ئەنجام بدەن و بەشداریان پێ بکرێت لە چالاکیە وەرزشیە نێودەوڵەتییەکان.

**ماددەی (١٠):**

(دوو) بڕگە بە زنجیرەکانی (**سێیەم**) و (**چوارەم**) بۆ ماددەی (**چواردەیەم**)ی یاساکە زیاد دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

**سێیەم:**

١- هەر کەسێک کەمئەندامێک یان خاوەن پێداویستیەکی تایبەت یان کورتەباڵایەک بێبەش بکات یان کارێک بکات ببێتە مایەی بێبەشکردنی لە پیادەکردنی ئەو مافانەی لەم یاسایەدا هاتوون، ئەوا بە پێبژاردنێک کە لە (١،٠٠٠،٠٠٠) یەک ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە (١،٥٠٠،٠٠٠) یەک ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار زیاتر نەبێت، سزادەدرێت.

٢- کەسی هاوبەش لەو سەرپێچیەی لە خاڵی (١)ی ئەم بڕگەیەدا هاتووە، هەمان مامەڵەی کەسی بکەری لەگەڵدا دەکرێت.

٣- لە حاڵەتی گەڕانەوە بۆ سەرپێچییەکە بەهای ئەو پێبژاردنەی لە خاڵی (١)ی ئەم بڕگەیەدا دەقنووسکراوە دەبێتە دوو هێندە.

**چوارەم**: هەر کەسێک بە مەبەستی بەهرەمەندبوون بە ناشایستەیی لە هەر مافێکی دەقنووسکراو لەم یاسایەدا، بە ساختە خۆی بکاتە کەسی کەمئەندام یان خاوەن پێداویستی تایبەت یان کورتەباڵا یان سیفەتی هەڵبگرێت یان لەگەڵیدا بەشدار بێت یان هاوکاری بکات، سەرەرای هەر سزایەک کە لە یاسا بەرکارەکاندا هاتووە، ئەوا بە پێبژاردنێک کە لە (٢،٥٠٠،٠٠٠) دوو ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار کەمتر نەبێت و لە (٥،٠٠٠،٠٠٠) پێنج ملیۆن دینار زیاتر نەبێت، سزادەدرێت.

**ماددەی (١١):**

مادده (**حەڤدەم**)ی یاساکە هەڵدەوەشێتەوە و ئەم دەقەی خوارەوە جێگای دەگرێتەوە:

جێبەجێکردنی بڕگە و ماددەکانی تایبەت بە ماف و ئیمتیازاتی کەمئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەت و کورتەباڵایان لەم یاسایە و هەر یاسایەکی پەیوەندیداری دیکەی بەرکار لە هەرێم، بەرەچاوکردنی بنەماکانی یەکسانی جۆری کۆمەڵایەتی دەبێت.

**ماددەی (١٢):**

پێویستە وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزیری تەندروستی، رێنمایی بۆ ئاسان جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکەن.

**ماددەی (١٣):**

کار بە دەقی هیچ یاسا یان بڕیارێک ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆک بێت.

**ماددەی (١٤):**

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی (١٥):**

ئەم یاسایە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

**هۆیەکانی دەرچواندن**

بەمەبەستی گونجاندنی ماف و ئیمتیازاتی کەمئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەت و کورتەباڵایان لەگەڵ ستاندارده نێودەوڵەتیەکان، و ڕەخساندنی هەلی کار و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی گونجاو لەگەڵ بارودۆخی گوزەران و ژیانی تایبەتیان، و مسۆگەرکردنی مافەکانییان لە بواری تەندروستی، کۆمەڵایەتی، پەروەردەیی، و نەهێشتنی جیاکاری لە بەرامبەریان، و چارەسەرکردنی ئەو کەموکورتیانەی لە جێبەجێکردنی یاسای ژمارە (٢٢)ی ساڵی (٢٠١١)دا هەبوون، ئەم یاسایە دەرچووێنرا.

**نێچیرڤان بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

**بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**
**پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**
**ژمارەی بڕیار: ١٢**
**مێژووی بڕیار: ٢٠٢١/١٢/٨**

**بڕیاری**
**ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٢١**

پشت بە حوکمی بڕگەی (دووەم، چوارەم، پێنجەم) لە ماددەی (٢٨) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (١١)ی خولی هەڵبژاردنی پێنجەم لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/١٢/٨ بەسترا ئەم بڕیارەی خوارەوەی دا:

**یەکەم:**

قبوولکردنی دەست لە کارکێشانەوەی ئەندامی پەرلەمانی کوردستان (سیروان فرج محمد) لە ئەندامیەتی لیژنەی (پەیوەندییەکان و ڕەوەندی کوردستانی).

**دووەم:**

ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە لە ٢٠٢١/١٢/٨ جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا بڵاودەکرێتەوە.

**د. ڕێواز فائق حسێن**
**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان - عێراق**

**وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن**

**ژمارە: ٣٦٥٨ لە ٢٠٢١/١٢/٢٣**

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە ماددەی (٥) بڕگەی (٣) لە یاسای وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن ژمارە (١٩)ی ساڵی ٢٠١١ ، وە بڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٨٥)ی ساڵی ٢٠١٦ تایبەت بە ڕێکخستنەوەی کرێ و ڕسوماتی خزمەتگوزاری گواستنەوە و گەیاندن ، لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییەی خوارەوە :

**ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢١**

**ڕێنماییە گشتیەکانی کاروباری گواستنەوە لەهەرێمی کوردستان**

**ماددە(١):**

**یەکەم: پێناسەی گواستنەوە:-**

بریتیە لە پرۆسەیەکی خزمەتگوزاری بۆ گواستنەوەی کەسانی گەشتیار (المسافرین) و کەل وپەل و پێداویستیەکانی تر لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر بە بەکارهێنانی ئامرازەکانی گواستنەوە وەك (ئۆتۆمبێل ، شەمەندەفەر ،بەلەم) بە شێوەیەکی هاوچەرخ و شارستانی

**دووەم: مەبەست لە ڕێنمایی گواستنەو:-**

یەکێك لە سێکتەرە گرنگ و پڕ بایەخەکانی هەر وواڵتێك کەرتی گواستنەوەیە چونکە پەیوەستە بە ژیانی تەواوی چین و توێژەکان و تاك بە تاکی کۆمەڵگەوە ، هەروەك وواڵتانی پێشکەوتوو گرنگیانداوە بە کەرتی گواستنەوە لە پێش کەرتەکانی تریان داناوە وە یەکێك بووە لە کارە پێشینەکانی هەر حکومەتێك ، کە بۆتە شادەماری حکومەت لە هەر وواڵتێکدا ، ئەگەر فاکتەرەکانی گواستنەوە فرەجۆر و پێشکەوتوو و خێرا و سەردەمیانە بن ، ئەوا تێچووی گواستنەوەی کاڵا و هاووڵاتیان وە کاروبارە ناوخۆییەکان کەمتر دەبێ و کاڵا و خزمەتگوزارییەکان هەرزانتر دەگەنە دەست بەکاربەر (مستهلك) و هاووڵاتیان کەمتر ئۆتۆمبێلی تایبەت بەکار دەهێنن ئەمەش دەبێتە هۆی :

١- پاك ڕاگرتنی ژینگە.

٢- کەمتر سووتاندنی سووتەمەنی بە تایبەت ( بەنزین و گازوایل ) وە خەرجی بەکاربەر.

٣- کەمکردنەوەی جەنجاڵی و قەرەباڵغی شەقامەکان.

٤- زووتر گەیشتنی هاووڵاتیان بۆ سەر کار وە هاتووچۆ کردنیان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر.

٥- ڕاکێشانی زیاتری گەشتیاری دەرەکی.

٦- کەمبوونەوەی ڕێژەی قوربانیانی ڕووداوەکانی هاتووچۆ کە لە ئێستا لە زۆربەی وواڵتانی جیهانی سێیەم ڕۆژ بە ڕۆژ لە بەرزبوونەوەدایە.

**سێیەم: گواستنەوەی هاووڵاتیان(نقل المسافرین):-**

پرۆسەیەکە بۆ خزمەت کردنی هاووڵاتیان ( المسافر ) بۆ گواستنەوەیان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر بە ئامرازەکانی گواستنەوە ( پاس ، تەکسی ، ترام وای ، شەمەندەفەر ، میترۆ ، ...... هتد ).

**چوارەم: گواستنەوەی کەل و پەل:-**

پرۆسەیەکە بۆ گواستنەوەی سەرجەم پێداویستیەکانی (مروڤ و بوونەوەر) وەك خواردن و خواردنەوە ، کەرەستەی بیناسازی ، کەرەستەی پیشەسازی ، کەرەستەی کشتوکاڵ و هەر کەرەستەیەکی تر ) .

**پێنجەم: گواستنەوەی بەرهەمی نەوتی و (ئاو) :-**

پرۆسەیەکە بۆ گواستنەوەی سەرجەم بەروبـــوومە نەوتییەکـان و (ئاو) لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر

**شەشەم:گواستنەوەی فریا گوزاری :-**

پرۆسەیەکە بۆ گواستنەوەی هاووڵاتی (نەخۆش و بریندار و کۆچ کردوو ) لە هەر ڕووداوێکی نەخوازراو لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر.

**حەوتەم: گواستنەوەی تەکسی تەلەفۆنی :-**

پرۆسەیەکە بۆ گواستنەوەی هاووڵاتیان لە شارو شارۆچکەکان لەڕێگای (تەکسی تەلەفۆنی)وە شـەپۆڵی ڕادیۆیی (Application ) و سیستەمی (G. P. S) .

**هەشتەم: گواستنەوەی (فەرمانبەران و قوتابیان و خوێندکاران) :-**

پرۆسەیەکە بۆ گواستنەوەی فەرمانبەران ، خوێندکاران ، قوتابیان لە باخچەی ساوایان ، قوتابخانەکـان ، زانکۆ ، پەیمانگاکان ، فەرمانگەکان بۆ شوێنی حەوانەوەیان وەبە پێچەوانەوە.

**نۆیەم: بە کرێدانی ئۆتۆمبێلی تایبەت : -**

پرۆسـەیەکە بە مەبەسـتی بە کرێـدانی ئۆتـۆمبێلی تـایبەت بـۆ رایـی کردنـی ئـیش و کـاری هاووڵاتیـان ، ئەوانەی ئارەزووی بە ئۆتۆمبێلی تاکسیان نییە.

**دەیەم: ڕیکلام کردن لەسەر ئامرازەکانی گواستنەوە:-**

پرۆسەیەکە بە مەبەستی ریکلام کردن بۆ کـاڵاو کەل و پەل و شـوێنە بازرگانیەکـان یـاخود هەر بابەتێـك لەسەر ئامرازەکانی گواستنەوە.

**یازدەم: گواستنەوەی گروپی گەشتیاری:-**

پرۆسەیەکە بۆ گواستنەوەی هاووڵاتیان بەمەبەستی گەشت کردن بۆ سەیرانگاکان و شوێنە دێرینەکان.

**مادەی (٢):**

**یەکەم: کۆمپانیای گواستنەوە :-**

دامەزراوەیەکی مۆڵەت پێدراوە بۆ ئەنجامدانی خزمەتگوزاری گواستنەوە.

سەرجەم ئەو کۆمپانیایانەی لە بەرێوەبەرایەتی گشـتی تۆمـارکردنی کۆمپانیاکـان تۆمـار کـراون چـالاکی گواستنەوە ئەنجام دەدەن لە بـــوارەکانی (هاووڵاتیان ـ بەرهەمی نە وتی و ئاو ـ کەل و پەل ـ فریاگوزاری ـ تەکسـی تەلەفۆنی- فەرمانبەران و خوێندکاران وقوتابیان-بەکرێدانی ئۆتۆمبێلی تایبەت - ڕیکلام کردن ـ گروپی گەشتیاری و ئاژەڵداری و پەلەوەر ) پێویســـتە مۆڵەتی فەرمی کارکردنیان هەبێت لە وەزارەتـی گـواستنەوە و گەیاندن / (بەرێوەبەرایەتی گشتی گواستنەوە)/ بەرێـوەبەرایەتی گواسـتنەوەی پارێزگـاو ئیدارەسەربەخۆکان.

**دووەم: جۆرەکانی مۆڵەتی کۆمپانیاکانی گواستنەوە :-**

١- مۆڵەتی گواستنەوەی هاووڵاتیان.
٢- مۆڵەتی گواستنەوەی کەل وپەل و کەرەستەی خاو و بارکردن و داگرتن و کارگۆ و لۆجیستیك.
٣- مۆڵەتی گواستنەوەی کەل وپەل و خواردەمەنی و جلوبەرگ......هتد بە شێوەی دلیڤەری.
٤- مۆڵەتی گواستنەوەی بەرهەمی نەوتی و ( ئاو) .
٥- مۆڵەتی گواستنەوەی فریاگوزاری.
٦- مۆڵەتی گواستنەوەی تەکسی تەلەفۆنی شەپۆلی رادیۆیی سیستەمی (APPLICATION)
٧- مۆڵەتی گواستنەوەی (فەرمانبەران -خوێندکاران – قوتابیان) .
٨- مۆڵەتی کۆمپانیاکانی (بەکرێ دانی ئۆتۆمبێلی تایبەت) .
٩- مۆڵەتی کۆمپانیاکانی ڕیکلام لەسەر ئامرازەکانی گواستنەوە.
١٠- مۆڵەتی کۆمپانیاکانی گواستنەوەی گروپی گەشتیاری.
١١- مۆڵەتی کۆمپانیاکانی گواستنەوەی ئاژەڵداری و پەلەوەر

**سێیەم: مەرجە گشتیەکانی مۆڵەت پێدانی کۆمپانیاکان :-**

١- دەبێت کۆمپانیا لە بەرێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ، ناو و چالاکیان تۆمارکرا بێت.
٢- کۆمپانیا دەبێت نووسراوی پشگیری بەرێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان بهێنێت لە کاتی پێدانی مۆڵەتەکەی.
٣- کۆمپانیا دەبێت نووسراوی پشگیری دەستەبەری کۆمەڵایەتی بهێنێت لە کاتی پێدانی مۆڵەتەکەی.
٤- خاوەن کۆمپانیا ئەگەر بیانی بێت پێویستە پشتگیری نیشینگەی پارێزگا یاخود قەزای هەبێت و بەسەر نەچوو بێت .
٥- کۆمپانیا دەبێ شوێنی گونجاوی هەبێت بۆ ئۆفیس و گەراج بەپێی جۆری مۆڵەتەکەی.
٦- دەبێت کۆمپانیا تابلۆی زانیاری و ناساندنی هەڵواسراوی لەسەر ئۆفیس و گەراجەکەی هەبێت.
٧- کۆمپانیا دەبێت پشگیری بەرێوەبەرایەتی ئاسایشی پارێزگا یاخود ئیدارە سەربەخۆکانی هەبێت.
٨- کۆمپانیا دەبێ پشتگیری ئەستۆ پاکی لە بەرێوەبەرایەتی باجی دەرامەتی کۆمپانیاکان بهێنێت.
٩- کۆمپانیا دەبێت پشگیری بەرێوەبەرایەتی پۆلیسی هاتووچۆی هەبێت ئاماژە بکات کە شوێنی ئۆفیس و گەراجەکەی گونجاوە و گرفتی هاتووچۆ دروست ناکات
١٠- مۆڵەتی کۆمپانیا تەنها بۆ ماوەی (٢) دوو ساڵ دەدرێت لەگەڵ وەرگرتنی رسوماتی (٢) دووساڵ:
أ - لە دوایی تەواوبوونی بەرواری مۆڵەتی کۆمپانیا لە ماوەی(٣٠) ڕۆژ دەبێت مۆڵەتەکەی نوێ بکاتەوە.
ب - ئەگەر هاتوو لەو ماوەیەی کەدیاری کراوە مۆڵەتەکەی نوێ نەکردەوە ، بەرێوەبەرایەتی گواستنەوەی پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان ئاگاداری کۆمپانیا دەکەنەوە بە مەبەستی نوێ کردنەوەی مۆڵەتەکانیان.
ج – لەکاتی پابەند نەبوونی کۆمپانیا دوایی ئاگادارکردنەوەی ئەوا بەرێوەبەرایەتیەکانی گواستنەوە هەڵدەستن بە داخستنی کۆمپانیا وە ڕاگرتنی چالاکییەکانی لە ڕێگای لیژنەی پارێزگاو قایمقامیەتەکانەوە .

د- لە ئەگەری پابەنــدنەبوونی کۆمپانیــا بەخاڵەکــانی ســەرەوە دوایــی یەك مانــگ لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیەکــانی گواســتنەوەی پارێزگــاو ئیــدارە ســەربەخۆیەکان نووســراو ئاراســتەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی گواستنەوە بکرێ بە مەبەستی پوچەڵکردنەوەی مۆڵەتەکەی.

١١-لەسـەر خـاوەن کۆمپانیـا پێویسـتە لەکـاتی گـۆڕینی شـوێنی کۆمپانیـا ئاگـاداری بەرێـوەبەرایەتی گواستنەوەی پەیوەندار بکاتەوە بە مەبەستی پشکنینی شوێنە تازەکەی .

١٢- دەبێت ئۆتۆمبێلەکانی کۆمپانیاکانی گواستنەوە پشکنینی (PVI) بۆ کرابێت ماوەکەشی بەسەر نەچووبێت وە مۆڵەتی لێخوڕینی ئۆتۆمبێل وساڵیانەی تازە کرابێتەوە.

١٣- کۆمپانیـا دوای وەرگرتنـی مـۆڵەتی کـارکردن لە بـواری گواسـتنەوە مـافی کـردنەوەی لقـی هەیە لەپارێزگاکانی تر دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی لایەنی پەیوەنـدار بەهەمـان ڕێنمـایی پێـدانی مـۆڵەتی کارکردن جگە لە ڕسوماتی پێدان و نوێکرنەوەی مۆڵەتەکە کە لێی وەرناگیرێت.

١٤- کۆمپانیا دوای وەرگرتنی مۆڵەتی گواستنەوە مافی کـردنەوەی لقی هەیە لە قەزاو ناحیەکـانی سەر بەو پارێزگایەی کە مۆڵەتەکەی لێوەرگرتووە بە هەمان ڕێنمایی پێدان و نوێ کردنەوەی مۆڵەت جگە لە رســوماتی پێــدان و نــوێکردنەوەی مــۆڵەت کە لێــی وەرنــاگیرێ دوای وەرگرتنــی ڕەزامەنــدی بەڕێوەبەرایەتی گواستنەوەی پارێزگاکە.

١٥- نابێت کۆمپانیا کاری قەدەغەکراو بکات.

١٦- کۆمپانیا تەنها دەتوانێت لە بواری ئەو چالاکیەی کە پێدراوە کار بکات.

١٧- کۆمپانیا بۆی هەیە تەنها یەك ئۆفیس لە شار و شارۆچکەکان بکاتەوە.

١٨- سـزای کۆمپانیاکـان لەکـاتی سـەرپێچی لە ڕێنماییەکـانی گواسـتنەوە لەڕێگـای بەرێـوەبەرایەتی گواستنەوەی پەیوەندیدار و لیژنەی ڕێکخستنی ناو شار و شارۆچکەکان جێبەجێ دەکرێت.

١٩- وەرگرتنی ڕسوماتی پێدان و نوێ کردنەوەی مۆڵەت.

٢٠- وەزارەت دەسەڵاتی هەیە کە ڕێژەیەک وەک پشکی خۆی دیاری بکات لە داهات یان قازانجی لایەنی مۆڵەتپێـدراو لە ڕێـگەی ئەو گرێبەسـتانەی کە لەگەڵیــان ئەنجـامی دەدات دوای گفتوگـۆکردن و ڕێکەوتنی هەر دوو لایەن لە دیاریکردنی ئەو ڕێژەیە.

٢١- کۆمپانیـا دەبێـت لۆگـۆی تـایبەتی گواسـتنەوەی هەبێـت وە تەنهـا نـاوی کۆمپانیـای لەسـەر لۆگـۆکە دابنێرت.

٢٢- لەکاتی گۆڕینی نـاوی کۆمپانیـا یـاخود بەرێـوەبەری کۆمپانیـا پێویسـتە پشـتگیری بەرێـوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان بهێنێت بۆ ئەم مەبەستە.

٢٣-دەبێ کارتی کارکردن و ئارم بۆ هەموو ئۆتۆمبێلەکان بکرێت وە رسووماتیان لێوەربگیرێت .

٢٤- بەهیچ شێوەیەك ڕەزامەندی نادرێت لە سەر هەڵپەساردنی چالاکی کۆمپانیاکان.

٢٥- کۆمپانیا لە ماوەی (٣) سـێ مانـگ دوای وەرگرتنـی ڕەزامەنـدی و مـۆڵەتی کـارکردن دەبێـت دەسـت بەکارکردن بکات ،بە پێچەوانەوە دوای ئەم ماوەیە دەبێت کۆمپانیا مامەڵەکانی دووبارە بکاتەوە .

**چوارەم: مەرجەکانی پێدان و نوێکردنەوەی مۆڵەتی کارکردنی کۆمپانیای گواستنەوەی هاوولاتیـان بـۆ دەرەوەی هەرێم :-**

١- کۆمپانیـا دەبێـت لە (٥) پێـنج ئۆتـۆمبێلی پاصـی گەورە کەمتـری نەبێـت ، وە مۆدیلیـان لە بەرواری وەرگرتنی مۆڵەتەکەی تا (٧)مۆدیل خوارتر دەتوانرێت کاری پێ بکرێت.

٢-کۆمپانیا دەبێت لە (١٠) دە ئۆتۆمبێلی مینـی پـاص وستێشـن کەمتـری نەبێـت وەمۆدیلیـان لە بەرواری وەرگرتنی مۆڵەتەکەی تا (٧) مۆدیل خوارتر دەتوانرێت کاری پێ بکرێت.

٣-دەبێـت کۆمپانیـا ئـۆفیس و گەراجـی گونجـاوی هەبێـت وە بەیەکەوە بێـت ڕووبەری ئۆفیسـەکەی لە (٢٥)م٢ کەمتـر نەبێـت وەگەراجەکەی لە (٥٠٠) م٢ کەمتـر نەبێـت بـۆ ئەو کۆمپانیایـانەی کە ئۆفیسـیان لەدەرەوەی تێرمیناڵە گشتییەکانە.

٤-دەبێت کۆمپانیا تەنها ناوی خۆی لەسەر تابلۆکە هەڵبواسێت نابێت بەهـیچ شـێویەك نـاوی کۆمپانیـای بیانی لەسەر تابلۆکە هەڵبواسرێ و تەنها ئەو کۆمپانیایەی کە گرێبەستی فەرمی لەگەڵ هەیە دەکرێـت ناوی دابندرێت .

٥-کۆمپانیای گواستنەوەی هاوولاتیان تەنها دەتوانێت لە نێوان هەرێم و وڵاتانی دراوسێی عێـراق کـاری گواستنەوەی هاوولاتیان ئەنجام بدات.

٦-کۆمپانیای گواستنەوەی هاوولاتیان بۆی هەیە گرێبەستی فەرمی هەبێـت لەگەڵ یەك لە کۆمپانیاکـانی بیـانی گواسـتنەوەی هاوولاتیـانی دەرەوەی هەرێـم بـۆ ئەنجامـدانی کـاری گواسـتنەوە جـگە لەو کۆمپانیایانەی کە ئۆتۆمبێلی تایبەتی خۆیان هەیە.

٧-لەکـاتی نوێ کردنەوەی مۆڵەتی کۆمپانیای گواستنەوەی هاوولاتیان پێویستە وێنەیەك لە گرێبەسـتی کارکردن وە لیستی ئۆتۆمبێلەکان پێشکەش بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی گواستنەوە و بەڕێـوەبەرایەتی گواستنەوەی پەیوەندیدار بکات.

٨-لەکاتی ئەنجامدانی سەرپێچی کۆمپانیاکان لەڕێنماییەکانی گواستنەوە،بەڕێوەبەرایەتی گواستنـەوەی پەیوەندیدار لەگەڵ لیژنەی ڕێکخستنی ناو شارو شارۆچکەکان بۆیـان هەیە چالاکی کۆمپانیـا رابگـرن بۆمـاوەیەکی دیـاری کـراو لە (١تـا ٣) مانـگ زیـاتر نەبێـت ، ئەگەر لەومـاوەیەدا پابەنـد نەبـوو ئەوا مۆڵەتەکەی پووچەڵ دەکرێتەوە و جارێکی تر کۆمپانیا بۆی نیە داوای چالاکی گواستنەوە بکات .

٩-کۆمپانیا نابێت بەهیچ شێوەیەك لەنێوان شار و شارۆچکەکانی هەرێم کاری گواستنەوە ئەنجـام بـدات بەپێچەوانەوە بەراگرتنی مۆڵەتەکەی سزا دەدرێ.

١٠- کۆمپانیاکانی بواری گواستنەوەی هاوولاتیان لە نێوان هەرێم و دەرەوە بە هیچ شـێوەیەك نـاتوانن لە نێوان شارەکانی هەرێم و شارەکانی عێراق کاری گواستنەوەی هاوولاتیان ئەنجام بدەن بەپێچەوانەوە مۆڵەتەکانیان پوچەڵ دەکرێتەوە.

١١- هەموو کۆمپانیاکانی بواری گواستنەوە (هاوولاتیان، کەل وپەل، بەرهەمی نەوتی،هتد.)تەنها دەتوانن لە بـواری ئەو چـالاکییەی کە لە مـۆڵەتەکە بـۆی دیـاری کـراوە کـاری گواسـتنەوە ئەنجـام بـدات وە بەپێچەوانەوە دوای ئاگادارکردنەوەی کۆمپانیا ئەگەر پابەندنەبوو ئەوا مۆڵەتەکەی پوچەڵ دەکرێتەوە.

١٢-دەبێت پاصەکان پشکنین (PVI)ی هەبێت و مـــاوەکەی بەسەر نەچـوو بێـت ئەگەر تابلۆکـان تـایبەت بێت بە هەرێم .

١٣-دەبێت کۆمپانیا پابەند بێـت بە نرخـی کـرێ ، کە لەلایەن لیـژنەی دانـانی نـرخ کە لە پارێزگـا و ئیـدارە سەربەخۆکان پێکهێنراوە .

١٤-بڕی( ٢٤٠٠٠٠٠) دوو ملیۆن و چوارسەد هەزار دینار رسومات وەردەگیرێت بەرامبەر بە پێدانی مـۆڵەتی کارکردن بۆ کۆمپانیا.

١٥-ساڵانەی نـوێ کـردنەوەی مـۆڵەتی کـارکردنی کۆمپانیاکـان بـڕی (٧٥٠٠٠٠) حەوت سـەد و پەنجـا هەزار دینارە وەك رسومات وەردەگیرێ.

١٦-پێویستە کارتی کارکردن و ئارم بۆ ئۆتومبێلەکان دروست بکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت :-

| | |
|---|---|
| أ- رەسمی ئارم بۆ پاص و تاکسی | (٩٠٠٠) نۆ هەزار دینار |
| ب- رەسم/ بۆ هەر کورسیەك لە تاکسی | (٣٠٠٠) سێ هەزار دینار |
| ج- رەسم / بۆ هەر کورسیەك لە پاص | (١٥٠٠) هەزاروپێنج سەد دینار |

**پێنجەم: کۆمپانیای گواستنەوە و بارکردن و داگرتنی کەل وپەل وکارگۆ و لۆجیستیك و دلیڤەری :**

١- کۆمپانیا دەبێت لە (٥) پێنچ ئۆتۆمبێلی بارهەڵگری کەمتری نەبێت و کێشی باری ئۆتۆمبێلەکـان لە (٤) چوار تەن بەسەرەوە بێت وە مۆدیلیان لە بەرواری وەرگرتنی تا (١٠) مۆدیل خوارتر کاری پێدەکرێت .

٢- دەبێت کۆمپانیا ئۆفیس و گەراجی گونجاوی هەبێت کە ڕووبەری ئۆفیسەکەی لە (٢٥)م٢ وە ڕووبەری گەراجەکەی لە (٥٠٠)م٢ کەمتر نەبێت وە لەسنوری بەڕێوبەرایەتی گواستنەوەی پەیوەندیدار بێت.

٣- ئەو کۆمپانیانەی کە کاری گواستنەوەی ترانزێت وکارگۆ و لۆجیستیك و دلیڤەری دەکەن پێویسـت بە لیستی ئۆتۆمبێل ناکات لە کاتی پێدان و نوێکردنەوەی مۆڵەت .

٤- رسوماتی پێدانی مۆڵەت بڕی(٣٢٠٠٠٠٠)سێ ملیۆن دوو سەد هەزار دینار لەخاوەن کۆمپانیا وەردەگیرێ

٥- رسوماتی نوێ کردنەوەی مۆڵەت بڕی (١٠٠٠٠٠٠) یەك ملیۆن دینار لە خاوەن کۆمپانیا وەردەگیرێ.

٦- رسوماتی پێدانی کارتی کارکردن و ئارم بەپێی بڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.

أ- لە (١) یەك تەن تا (٢) دوو تەن بڕی (٢١٠٠٠) بیست و یەك هەزار دینار وەردەگیرێت بۆ هەر تەنێك.

ب- لە(٢) دوو تەن بەسەرەوە بۆ هەر تەنێك بڕی (٦٠٠٠)شەش هەزار دینار وەردەگیرێ.

ج- بڕی (٩٠٠٠) نۆ هەزار دینار وەردەگیرێ وەکو رسومات بەرامبەر پێدانی ئارم بۆ هەر ئۆتۆمبێلێك

**شەشەم: کۆمپانیای گواستنەوەی بەرهەمی نەوتی و ( ئاو).**

١-کۆمپانیا دەبێـت (٥) پێـنچ ئۆتـۆمبێلی تەنـکەری (١٥٠٠٠) لتـر و بـۆ سـەرەوەی هەبێـت وە مۆدیلیـان لە بەرواری وەرگرتنی تا (١٠) مۆدیل خوارتر کاری پێ دەکرێت .

٢-دەبێت کۆمپانیـا ئـۆفیس و گەراجـی گونجـاوی هەبێـت کە ڕووبەری ئۆفیسـەکەی لە (٢٥)م٢ ڕووبەری گەراجەکەی لە (٥٠٠)م٢ کەمتر نەبێت وە لە سنووری بەڕێوەبەرایەتی گواستنەوەی پەیوەندیدار بێت.

٣- رسوماتی پێدانی مۆڵەت بڕی(٤،٠٠٠،٠٠٠) تەنها چوار ملیۆن دینار لە خاوەن کۆمپانیا وەردەگیرێت .

٤- رسوماتی نویٚ کردنەوەی مۆڵەت بڕی(١،٢٥٠،٠٠٠) تەنها یەك ملیۆن و دوو سەدو پەنجا هەزار دینار لە خاوەن کۆمپانیا وەردەگیریٚ .

٥-رسوماتی پێدانی کارتی کارکردن و ئارم بەم شێوەی خوارەوە وەردەگیریٚ :

أ- لە (١) یەك تەن تا (٢) دوو تەن بڕی (٢١٠٠٠) بیست و یەك هەزاردینار وەردەگیرێت بۆ هەر تەنێك.

ب- لە (٢) دوو تەن بەسەرەوە بۆ هەر تەنێك بڕی (٦٠٠٠) شەش هەزار دینار وەردەگیریٚ.

ج- بڕی (٩٠٠٠) نۆ هەزار دینار وەردەگیریٚ وەکو رسومات بەرامبەر پێدانی ئارم بۆ هەر ئۆتۆمبێلێك

**حەوتەم**: **کۆمپانیای گواستنەوەی تەکسی تەلەفۆنی و سیستەمی (APPLICATION )**

١- دەبێت کۆمپانیا لە (٣٠) سی ئۆتۆمبێلی جۆری تەکسی کەمتری نەبێت و مۆدیلیان لە بەرواری وەرگرتنی مۆڵەتەکەی تا ( ٧ ) مۆدیل خوارتر کاری پیٚ دەکرێت.

٢- دەبێت کۆمپانیا ئۆفیسی گونجاوی هەبێت ڕووبەری ئۆفیسەکەی لە (٢٥)م٢ کەمتر نەبێت.

٣- دەبێت کۆمپانیا لە سنوری شارەوانی شارەکە یاخود قەزاکە یاخود ناحیەکە کاری گواستنەوەی هاووڵاتیان ئەنجام بدات .

٤- دەبێت کۆمپانیا ئامێرەکانی پەیوەندیکردنی بیٚ تەل و سیستەمی (APPLICATION )ی هەبێت.

٥- دەبێت کۆمپانیا پشتگیری بەرێوەبەرایەتی پۆلیسی هاتووچۆی هەبێت ئاماژە بکات کەوا شوێنی ئۆفیسەکەی گونجاوە و کێشەی هاتووچۆ دروست ناکات.

٦- دەبێت لۆگۆ وناوی کۆمپانیایەکە لەسەر ئۆتۆمبێلەکان هەبێت وەلەبەرێوەبەرایەتی هێما بازرگانییەکان مۆڵەتی وەرگرتبێت وە ناو وناونیشانی هەمان کۆمپانیا بێت کە مۆڵەتەکەی پێوەرگرتووە .

٧- رسوماتی پێدانی مۆڵەت بڕی (٢٤٠٠٠٠٠)دوو ملیۆن وچوار سەد هەزار دینار لەخاوەن کۆمپانیا وەردەگیریٚ

٨- رسوماتی نویٚ کردنەوەی مۆڵەت بڕی (٧٥٠٠٠٠)حەوت سەد و پەنجا هەزار دینار لە خاوەن کۆمپانیا وەردەگیریٚ

٩- رسوماتی پێدان و نویٚ کردنەوەی کارت و ئارمی کارکردن بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:-

| | |
|---|---|
| أ-رەسمی ئارم بۆ تاکسی | (٩٠٠٠) نۆ هەزار دینار ساڵانە |
| ب-رەسم بۆ هەر کورسیەك | (٣٠٠٠) سیٚ هەزار دینار |

**هەشتەم: کۆمپانیاکانی گواستنەوەی فریاگوزاری:-**

١- دەبێت کۆمپانیا لە (٥) پێنچ ئۆتۆمبێلی ئەمبۆلانسی کەمتری نەبێت وە مۆدیلیان لە بەرواری وەرگرتنی مۆڵەتەکەی تا (٧) مۆدیل خوارتر کاری پیٚ دەکرێت.

٢- دەبێت کۆمپانیا ئۆفیس و گەراجی گونجاوی هەبێت رووبەری ئۆفیسەکەی لە (٢٥)م٢ کەمتر نەبێت و رووبەری گەراجەکەی لە (٣٠٠)م٢ کەمتر نەبێت.

٣- دەبێت کۆمپانیا پشتگیری لایەنی تەندروستی و ئەمنی هەبێت بۆ ئەنجامدانی کاری گواستنەوە.

٤- دەبێت ئۆتۆمبێلی ئەمبولانسەکانیان بەپێی ستاندەر و مەرجەکانی تەندروستی بێت .

٥- نابێت کۆمپانیا جگە لە کارەکەی خۆی چالاکی تر ئەنجام بدات .

٦- لەکاتی سەرپێچی کۆمپانیا لە ڕێنماییەکانی گواستنەوە ڕێکاری یاسایی بەرامبەر ئەنجام دەدرێت بەراگرتنی چالاکی کۆمپانیا بۆماوەی (١) مانگ.

٧- روسوماتی پێدانی مۆڵەت بڕی (٢٤٠٠٠٠٠) دوو ملیۆن و چوارسەد هەزار دینار.

٨- روسوماتی نوێکردنەوەی مۆڵەت بڕی (٧٥٠٠٠٠) حەوت سەد و پەنجا هەزار دینار لەخاوەن کۆمپانیا وەردەگیرێ .

٩- پێدانی ونوێکردنەوەی کارت وئارمی کارکردن بۆ ئۆتۆمبیلە ئەمبولانسەکان بڕی (٩٠٠٠) نۆ هەزار دینار دەبێت.

**نۆیەم:کۆمپانیاکانی بەکرێدانی ئۆتۆمبێلی تایبەت :-**

١- کۆمپانیا دەبێت پشگیری لایەنی ئەمنی هەبێت.

٢- کۆمپانیا دەبێت گەراج و ئۆفیسی گونجاوی بە یەکەوە هەبێت ڕووبەری ئۆفیسەکەی لە (٢٥)م٢ کەمتر نەبێت وە ڕووبەری گەراجەکەی لە (٤٠٠)م٢ کەمتر نەبێت.

٣- کۆمپانیا دەبێت لە (٢٠) بیست ئۆتۆمبێلی تایبەتی کەمتری نەبێت وە مۆدیلی لە بەرواری وەرگرتنی مۆڵەتەکەی تا ( ٧ ) مۆدیل خوارتر کاری پێ دەکرێت.

٤- کۆمپانیا دەبێت لۆگۆ و ناوی کۆمپانیا لەسەر ئۆتومبێلەکان دابنێت لە دەرەوە.

٥- کۆمپانیا دەبێت پشگیری بەرێوەبەرایەتی پۆلیسی هاتووچۆی هەبێت.

٦- رسوماتی پێدانی مۆڵەت بڕی (٢٤٠٠٠٠٠) دوو ملیۆن چوار سەد هەزار دینار لە خاوەن کۆمپانیا وەردەگیرێ.

٧- رسوماتی نوێ کردنەوەی مۆڵەت بڕی (٧٥٠٠٠٠) حەوت سەدو پەنجا هەزار دینار لەخاوەن کۆمپانیا وەردەگیرێ.

٨- رسووماتی پێدان و نوێ کردنەوەی کارت و ئارم بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:-

| | | |
|---|---|---|
| أ- ڕەسمی ئارم بۆ ئۆتۆمبێل | (٩٠٠٠) نۆ هەزار دینار |
| ب- ڕەسم بۆ هەر کورسیەك | (٣٠٠٠) سێ هەزار دینار |

**دەیەم: کۆمپانیاکانی گواستنەوەی فەرمانبەران و خوێندکاران و قوتابیان :**

١- کۆمپانیا دەبێت ئوفیسی بەڕووبەری (٢٥)م٢ وە گەراجی بەڕووبەری (٤٠٠)م٢ هەبێت و بەیەکەوە بێت

٢- کۆمپانیا دەبێت لە (٢٥) بیست و پێنج ئۆتۆمبێلی کرێ کەمتری نەبێت (پاص یان مینی پاص یان تاکسی ) وە مۆدیلیان لەبەرواری وەرگرتنی مۆڵەتەکەی تا (١٠) مۆدیل خوارتر کاری پێ دەکرێت.

٣- کۆمپانیا دەبێت پشگیری بەرێوەبەرایەتی ئاسایشی شارەکەی هەبێت.

٤- دەبێت کۆمپانیا وێنەیەك لە گرێبەستەکەی لەگەڵ قوتابخانەکان - فەرمانگەکان- کۆلیژەکان کە کاری لەگەڵ ئەنجام دەدات پێشکەش بە لایەنی پەیوەندیدار بکات .

٥- کۆمپانیا دەبێت پابەندی نرخی گواستنەوە بێت کە لە لایەن لیژنەی دیاری کردنی نرخ لە پارێزگا و قەزاکان دانراون بۆ ئەم مەبەستە بەڵێننامەی لێوەردەگیرێت ،لە بەشی یاسایی.

٦- کۆمپانیا جگە لەو چالاکیەی کە لە مۆڵەتەکەی بۆی دیاری کراوە نابێت بە هیچ شێوەیەك چالاکی تری گواستنەوە ئەنجام بدات بە تایبەتی گروپی گەشتیاری وەنابێت لە هێڵەکان کاربکات وە دەبێت هەمان ئەو ناونیشانانەی کە مۆڵەتەکەی پێوەرگرتووە لەسەر تابلۆی ئۆفیس و ئۆتۆمبێلەکان دابنرێ.

٧- کۆمپانیا بۆی هەیە کاری گواستنەوەی ( قوتابیان و خوێندکاران و فەرمانبەران ) بە شێوەی گروپ ئەنجام بدات لە نێوان شار وشارۆچکەکانی هەرێم.

٨- روسوماتی پێدانی مۆڵەت بڕی (٢٤٠٠٠٠٠) دووملیۆن و چوار سەد هەزار دینار لە خاوەن کۆمپانیا وەردەگیرێ

٩- روسوماتی نوێکردنەوەی مۆڵەت بڕی (٧٥٠٠٠٠) حەوت سەدو پەنجا هەزار دینار لەخاوەن کۆمپانیا وەردەگیرێ .

١٠- روسوماتی پێدان و نوێکردنەوەی کارتی کارکردن وئارم. بەم شێوەی خوارەوە دەبێت:-

| | |
|---|---|
| أ- رەسمی ئارم بۆ تاکسی | (٩٠٠٠) نۆ هەزار دینار ساڵانە |
| ب- رەسمی ئارم بۆ پاص | (٩٠٠٠) نۆ هەزار دینار ساڵانە |
| ج- رەسم بۆ هەر کورسیەك لە تاکسی | (٣٠٠٠) سێ‌هەزار دینار |
| د- رەسم بۆ هەر کورسیەك لە پاص | (١٥٠٠) هەزار وپێنج سەد دینار |

١١-دەبێت لۆگۆ و ناوی کۆمپانیایەکە لەسەر ئۆتۆمبێلەکان هەبێت وە لەبەرێوەبەرایەتی هێما بازرگانییەکان مۆڵەتی وەرگرتبێت وە ناوو ناونیشانی هەمان کۆمپانیا بێت کە مۆڵەتەکەی پێوەرگرتووە.

**یازدەهەم: مەرج و رێنماییەکانی کۆمپانیاکانی ریکلامی بازرگانی لەسەر ئامرازەکانی گواستنەوە:-**

١- هەموو کارێکی ریکلام کردن لەسەر ئامرازەکانی گواستنەوە لە پارێزگاکان دەبێت لە رێگای کۆمپانیاوە ئەنجام بدرێت .

٢- کۆمپانیا دەبێ ئۆفیسی رێك وگونجاوی هەبێت کە بە لایەنی کەم ڕووبەرەکەی لە (٢٥)م٢ دووجای کەمتر نەبێت.

٣-دەبێت ریکلامەکان لە چوارچێوەی داب و نەریتی کۆمەڵایەتی گشتی دەرنەچێت وەکو بڵاوکردنەوەی وێنە یان نوسینی نابەجێ یان ناو زراندن بەتاك یان بە کۆمەڵ یان هەر بابەتێکی لەم جۆرە.

٤- ئەو ڕیکلامانەی کەدروست دەکرێت دەبێت مەرجەکانی توند و تۆلی تێدابێت.

٥- پێدانی مۆڵەتی کارکردن بۆ کۆمپانیاکان بۆ ماوەی (٢) دوو ساڵە دوای ئەو ماوەیە دەبێت مۆڵەتەکەی تازەبکرێتەوە.

٦-پێویستە کۆمپانیا پشتگیری لایەنە پەیوەندیدارەکانی ( وەزارەتی ناوخۆ ، وەزارەتی تەندروستی ، ئەستۆپاکی، دارایی ، نووسراوی پارێزگا ) بهێنێت.

٧-کۆمپانیا لە لایەن بەرێوەبەرایەتی گواستنەوەی پەیوەندیدار چاودێری کارەکانی دەکرێت .

٨-کۆمپانیا دەبێت پابەند بێ بە ڕێنماییەکانی گواستنەوە لە چوارچێوەی کارەکانی دا .

٩- له کاتی پێشێڵ کردنی هەر خاڵیکی ڕێنماییەکان له لایەن کۆمپانیاوه ، ئەوا دەبێته هۆی هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەتەکە لەگەڵ نەبوونی هیچ مافێکی یاسایی کۆمپانیا بۆ قەرەبووکردنەوە .
١٠- نابێت بابەتی ڕیکلام کاریگەری نەرێنی (سلبی) لەسەر کاروباری گواستنەوە هەبێت.
١١- دەبێت بڵاوکردنەوەی ڕیکلام زمانی کوردی تێدابێت .
١٢- دەبێت کۆمپانیا تایبەتمەند بێت لەبواری ڕیکلام کردن.
١٣- کۆمپانیا خۆی بەرپرسیار دەبێت له ڕووی یاساییەوه له هەر زیانێکی ( مادی و مەعنەوی ) له کاتی کارکردن که به هاووڵاتیان دەگات وە وەزارەت بەرپرس نیه به هیچ جۆرێك .
١٤- کۆمپانیا دەبێت پابەند بێ به یاسا و ڕێنماییەکانی وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان له کاتی بەکار هێنانی کرێکاری بیانی و خوماڵی بەرامبەر به مافی سەندیکایی.
١٥- دەبێت ناو و لۆگۆی کۆمپانیا لەسەر تابلۆی ریکلامەکانی هەبێت .
١٦- هەر کۆمپانیایەك کاری ریکلام کردن بکات لەسەر ئامرازەکانی گواستنەوە دەبێت مۆڵەتی فەرمی کارکردنی هەبێت لەلایەن وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن/ بەرێوەبەرایەتی گشتی گواستنەوە.
١٧- رسوماتی پێدانی مۆڵەت بڕی (٢٤٠٠٠٠٠) دوو ملیۆن چوارسەد هەزار دینار وەردەگیرێ.

**ماددەی (٣):**

**یەکەم: نوسینگەکانی گواستنەوه :-**

دامەزراوەیەکی مۆڵەت پێدراوه هەڵدەستێ به ئەنجام دانی چالاکی گواستنەوه لەناوەوەی هەرێم له بوارەکانی ( هاووڵاتیان - کەل و پەل و پۆستی خێرا - بەرهەمی نەوتی - تەکسی تەلەفۆنی - فریاگوزاری - گواستنەوەی خوێندکاران و قوتابیان و فەرمانبەران - بەکرێدانی ئۆتۆمبێلی تایبەت - گواستنەوەی ئاژەڵ و پەلەوەر -گواستنەوه به بەلەم ).

**دووەم: مەرجە گشتیەکان بۆ پێدان و نوێکردنەوەی مۆڵەتی گواستنەوه بۆ نوسینگەکان:-**

١- داواکار دەبێت داواکاری پێشکەش بکات به بەرێوەبەرایەتیەکانی گواستنەوه له شارو شارۆچکەکان بۆ مەبەستی وەرگرتنی مۆڵەتی کارکردن دواتر بەرزکردنەوەی بۆ بەرێوەبەرایەتی گشتی گواستنەوەو وەزارەت بەمەبەستی وەرگرتنی ڕەزامەندی سەرەتایی.
٢- خاوەن نوسینگه دەبێت هەڵگری ڕەگەزنامەی عێراقی بێت ، دانیشتووی هەرێمی کوردستان بێت.
٣-نوسینگه دەبێت ئۆفیس و گەراجی گونجاوی هەبێت.
٤-نوسینگه دەبێت تابلۆی زانیاری و ناساندنی جۆری چالاکی گواستنەوەی هەڵواسراوی لەسەر ئۆفیس و گەراجەکەی هەبێت.
٥- نوسینگه دەبێت پشتگیری بەرێوەبەرایەتی ئاسایشی پارێزگا / قەزای هەبێت.
٦-خاوەن نوسینگه دەبێت پشتگیری ئەستۆ پاکی له بەرێوەبەرایەتی باجی دەرامەتی تاکه کەسی بهێنێت .
٧-نوسینگه دەبێت پشتگیری بەرێوەبەرایەتی پۆلیسی هاتووچۆی هەبێت ئاماژه بکات کەوا شوێنی ئۆفیس و گەراجەکەی گونجاوه و گرفتی هاتووچۆ دروست ناکات.

٨- مۆڵەتی نوسینگە بۆ ماوەی (٢) دوو ساڵ کاری پێدەکرێت ، دوای ئەو ماوەیە دەبێت مۆڵەتەکەی نوێ بکرێتەوە

٩- نووسینگە دەبێت لە کاتی گۆرینی شوێنەکەی ئاگاداری بەرێوەبەرایەتی گواستنەوەی پەیوەند یدار بکاتەوە بە مەبەستی پشکنینی شوێنە تازەکەی.

١٠- نوسینگە مافی کردنەوەی لقی نیە.

١١- نوسینگە لە کاتی بەسەرچوونی مۆڵەتەکەی دەبێت لە ماوەی (٢) دوو مانگ مۆڵەتەکەی نوێ بکاتەوە وە ئەگەر لەماوەی (٢) دوو مانگ مۆڵەتەکەی نوێ نەکردەوە ئەوا بە هاوبەشی لەگەڵ لیژنەی رێکخستنی ناو شارو شارۆچکەکان نووسینگەکەی دادەخرێت دوای ئەم رێکارانە ئەگەر نووسینگە پابەند نەبوو ئەوا مۆڵەتەکەی پووچەڵ دەکرێتەوە.

١٢- هەموو جۆرە نووسینگەیەك لە دوو پارێزگای جیاواز یان لە ئیدارە سەربەخۆکان نابێت بەیەك ناو کاربکەن واتە نابێت یەك ناویان هەبێت.

١٣- نابێت نوسینگە کاری قەدەغە کراو بکات.

١٤- نوسینگە دەبێت لۆگۆ و ناوی نوسینگە لەسەر ئوتۆمبێلەکانیان دابنێن.

١٥- بە هیچ شێوەیەك ناوی نووسینگە ناگۆرێت.

١٦- گۆڕینی بەرێوەبەری رێپێدراو تەنها بۆ ئەو نووسینگانە دەکرێت کە (٣) سێ ساڵ بەسەر دەرچوونی فەرمانی مۆڵەتەکەیان تێپەڕێت.

١٧- هیچ نووسینگەیەك بۆی نیە داوای هەڵپەساردنی مۆڵەتەکەی بکات.

١٨- نابێت نوسینگەکانی گواستنەوە بە هیچ شێویەك مۆڵەتەکانیان بەکرێ بدەن یاخود کرین و فرۆشتنی پێوە بکەن بە پێچەوانەوە مۆڵەتەکەی پوچەڵ دەکرێنەوە .

**سێیەم: نوسینگەی گواستنەوەی هاوڵاتیان:-**

١- نووسینگە دەبێت ئۆفیس و گەراجی گونجاوی هەبێت و بە جۆرێ ڕووبەری ئۆفیسەکەی لە (٢٠)م٢ وە ڕووبەری گەراجەکەی لە (٤٠٠)م٢ کەمتر نەبێت لەگەڵ تەواوی خزمەتگوزاری.

٢- نووسینگە بۆی هەیە تەنها لە نێوان ئەو دوو شوێنەی کەلە مۆڵەتەکەی بۆی دیاریکراوە کاری گواستنەوە ئەنجام بدات .

٣- دەبێت ئۆفیس و گەراجی نووسینگەکانی گواستنەوەی هاووڵاتیان بە لایەنی کەم (٣٠٠)م٢ نێوانیان بێت واتە لەیەك دووربن.

٤- دەبێت ئۆفیس و گەراجی نووسینگەکانی گواستنەوە (١)کم دوور بن لە گەراج و تیرمیناڵە گشتییەکان

٥- نوسینگە دەبێت لە (١٥) پازدە ئۆتۆمبێلی نەفەر هەڵگری جۆری (ستێشن یاخود تاکسی)ی کەمتری نەبێت وە مۆدیلیان لە بەرواری وەرگرتنی مۆڵەتەکەی تا (٧) مۆدیل خوارتر کاری پێدەکرێت.

٦- لەکاتی سەرپێچی کردنی نووسینگەکانی گواستنەوەی هاووڵاتیان لە ڕێنماییەکانی گواستنەوە لایەنی پەیوەندیدار (بەرێوەبەرایەتی گواستنەوە) لەگەڵ لیژنەی رێکخستنی ناو شارو شارۆچکەکانی سنوورەکە هەڵدەستێت بە ئاگادارکردنەوەی بەرێوەبەرایەتی گشتی گواستنەوە بە مەبەستی داخستنی نوسینگە.

٧- نووسینگە بۆی نیە بەهیچ جۆریك ئۆتۆمبێلی تایبەت بە کار بهێنێت .
٨- بەهیچ شێوەیەك مۆڵەتی کارکردن بە نووسینگەی گواستنەوەی هاووڵاتیان نادرێت وە ئەو ڕێنماییانەی سەرەوەش تەنها بۆ نویٚ کردنەوەی ئەو مۆڵەتانەیە کە پێشتر دراون.
٩- رسوماتی نوێکردنەوەی مۆڵەت بۆ نوسینگە بڕی (٣٧٥٠٠٠) سێ سەد وحەفتاو پێنچ هەزار دینار وەردەگیرێت.
١٠-روسوماتی نوێکردنەوەی کارت وئارمی کارکردن بەم شێوەیەی خوارەوە :

| | |
|---|---|
| أ- رەسمی ئارم بۆ تاکسی و پاص | (٩٠٠٠) نۆ هەزار دینار ساڵانە |
| ب- رەسم/ بۆ هەر کورسیەك لە تاکسی | (٣٠٠٠) سێ هەزار دینار |
| ج – رەسم / بۆ هەر کورسیەك لە پاص | ( ١٥٠٠ ) هەزار و پێنچ سەد دینار |

**چوارەم: نوسینگەی گواستنەوەی کەل و پەل** :

١- ئەم جۆرە نوسینگەیە هەڵدەستێ بە ئەنجامدانی کاری گواستنەوەی کەل و پەل تەنها لە ناوەوەی هەرێمی کوردستان وە شارەکانی عێراقی فیدراڵ.
٢- نوسینگە دەبێت لە (٥) پێنچ ئۆتۆمبێلی بارهەڵگری کەمتری نەبێت وە کێشی باریان لە (٤) چوار تەن کەمتر نەبێت وە مۆدیلیان لە بەرواری وەرگرتنی مۆڵەتەکەی تا (١٠) مۆدیل خوارتر کاری پێدەکرێت.
٣- دەبێت نوسینگە ئۆفیس و گەراجی گونجاوی هەبێت کە ڕووبەری ئۆفیسەکەی لە (٢٠)م٢ لە سنوری شارەوانی پارێزگا یاخود قەزاکە بیت .
٤- دەبێت ئۆتۆمبێلەکانیان تێستی (PVI) یان بۆ کرابێت وە مۆڵەتی لێخوڕینی ئۆتۆمبێل و ساڵیانەی تازە کرابێتەوە.
٥- ڕسوماتی وەرگرتنی بەم شێوەیەی خوارەوە:
أ-رسوماتی پێدانی مۆڵەت بڕی (١٦٠٠٠٠٠) یەك ملیۆن و شەش سەد هەزار دینار وەردەگیرێت .
ب-رسوماتی نوێکردنەوەی مۆڵەت بڕی (٥٠٠،٠٠٠) پێنچ سەد هەزار دینار وەردەگیرێت.
٦- پێویستە ئارم و کارتی کارکردنیان پێبدرێت بەم شێوەیەی خوارەوە:
أ- بۆ ئوتومبێلی باری (١) تەن ،(٢) تەنی بڕی(٢١٠٠٠) بیست و یەك هەزار دینار وەردەگیرێت.
ب- بۆ ئۆتۆمبێلی باری (٢) تەنی بە سەرەوە بۆ هەر تەنێکی زیادە(٦٠٠٠) شەش هەزار دینار وەردەگیرێت.
ج- رەسمی ئارم بۆ ئوتۆمبێلی بارهەڵگر (٩٠٠٠) نۆ هەزار دینار ساڵانە وەردەگیرێت.

**پێنجەم: نوسینگەی گواستنەوەی بەرهەمی نەوتی و (ئاو ):-**

١- نووسینگە دەبێت لە (٥) پێنچ ئۆتۆمبێلی تەنکەری (١٥٠٠٠) لتر بەسەرەوە کەمتر نەبێت وە مۆدیلیان لەبەرواری وەرگرتنی مۆڵەتەکەی تا (١٠) مۆدیل خوارتر کاری پێدەکرێت
٢- دەبێت ئۆتۆمبێلەکانیان تێستی (PVI) یان بۆ کرابێت وە مۆڵەتی لێخوڕینی ئۆتۆمبێل و ساڵیانەی تازە کرابێتەوە .
٣- نووسینگە دەبێت ئۆفیس و گەراجی گونجاوی هەبێت رووبەری ئۆفیسەکەی لە (٢٠) م٢ وە ڕووبەری گەراجەکەی لە (٥٠٠) م٢ کەمتر نەبێت لە سنوری شارەوانی پارێزگا یاخود قەزا بێت.

٤- پێویستە نووسینگە لە کاتی وەرگرتنی مۆڵەت رەزامەندی پارێزگا/ قەزای هەبێت لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار / وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن / بەرێوەبەرایەتی گشتی دیوان.

٥- رسوماتی وەرگرتنی مۆڵەت بەم شێوەیەی خوارەوە:

أ- رسوماتی پێدانی مۆڵەت بڕی(٢،٠٠٠،٠٠٠) دوو ملیۆن دینار وەردەگیرێت.

ب- رسوماتی نوێ کردنەوەی مۆڵەت بڕی (٦٢٥،٠٠٠) شەش سەد و بیست و پێنج هەزار دینار وەردەگیرێت.

٦- پێویستە کارتی کارکردن بۆ ئۆتۆمبێلەکانیان بکرێت وە رسوماتیان لێوەربگیرێت بەم شێوەیەی خوارەوە:-

أ- بۆ ئۆتۆمبێلی باری (١) تەن ،(٢) تەنی بڕی (٢١،٠٠٠) بیست و یەك هەزار دینار وەردەگیرێت.

ب- بۆ ئۆتۆمبێلی باری (٢) تەنی بە سەرەوە بۆ هەر تەنێکی زیادە(٦،٠٠٠) شەش هەزار دینار وەردەگیرێت .

ج- رسمی ئارم بۆ ئۆتۆمبێل (٩٠٠٠) نۆ هەزار دینار ساڵانە وەردەگیرێت.

**شەشەم: نوسینگەی گواستنەوەی تەکسی تەلەفۆنی و سیستەمی** (APPLICATION)

١- دەبێت نوسینگەلە(٢٠) بیست ئۆتۆمبێلی تەکسی کەمتری نەبێت وە مۆدیلیان لە بەرواری وەرگرتنی مۆڵەتەکەی تا ( ٧ ) مۆدیل خوارتر کاری پێ دەکرێت

٢- لە قەزاو ناحیەکان نوسینگە دەبێت (١٠) دە ئۆتۆمبێلی تاکسی کەمتری نەبێت وە مۆدیلیان لە بەرواری وەرگرتنی مۆڵەتەکەی تا (٧) مۆدیل خوارتر کاری پێدەکرێت

٣- ئامێرەکانی پەیوەندیکردنی هەبێت وەك مۆبایل و سیستەمی (APPLICATION) وە ژووری کۆنترۆڵ.

٤- ئۆفیسی گونجاوی هەبێت رووبەری ئۆفیسەکەی لە (٢٠)م٢ کەمتر نەبێت لەگەڵ پێداویستی خزمەتگوزاری.

٥- پشتگیری بەرێوەبەرایەتی پۆلیسی هاتووچۆی هەبێت ئاماژە بکات کەوا شوێنی ئۆفیس وگەراجەکەی گونجاوە و گرفتی هاتووچۆ دروست ناکات .

٦- نوسینگە تەنها بۆی هەیە لە سنووری شارەوانی ئەو شوێنەی کە مۆڵەتەکەی لێوەرگرتووە کاربکات بەپێچەوانەوە سزا دەدرێت بەداخستنی نوسینگەکەی بۆ ماوەی (١٥) رۆژ وە لە دووبارەکردنەوەی سەرپێچیەکەی ئەوا مۆڵەتەکەی پووچەڵ دەکرێتەوە.

٧- نوسینگە نابێت بە هیچ شێوەیەك ئۆتۆمبێلی تایبەت بەکار بهێنێت.

٨- رسوماتی پێدان و نوێکردنەوەی مۆڵەتی کارکردن بۆ نوسینگە بەم شێوەیەی خوارەوە :-

أ- بڕی (١،٢٠٠،٠٠٠) یەك ملیۆن دووسەد هەزار دینار بۆ پێدانی مۆڵەت وەردەگیرێت.

ب- بڕی (٧٥٠،٠٠٠) حەوت سەد و پەنجا هەزار دینار بۆ نوێکردنەوەی مۆڵەت وەردەگیرێت.

ج- پێویستە کارتی کارکردن بۆ ئۆتۆمبێلەکانیان بکرێت وە رسوماتیان لێوەربگیرێت بەم شێوەیەی خوارەوە:-

١- رەسمی ئارم بۆ تاکسی (٩٠٠٠) نۆ هەزار دینار ساڵانە

٢- رەسم بۆ هەر کورسیەك (٣٠٠٠) سێ هەزار دینار

**حەوتەم: نوسینگەی گواستنەوەی فریاگوزاری:-**

کاری ئەم نوسینگەیە تایبەتە بە گواستنەوەی (نەخۆش- بریندار - تەرم)

مەرجەکانی پێدانی مۆڵەت بە نوسینگەکانی فریاگوزاری گواستنەوە -:

١- داواکار دەبێت داواکاری پێشکەش بە بەرێوەبەرایەتی گواستنەوەی سنوورەکە بکات بە مەبەستی پێدانی مۆڵەتی کارکردن .

٢- نوسینگە دەبێت ئۆفیس و گەراجی گونجاوی هەبێت رووبەری ئۆفیسەکەی لە ( ٢٠)م٢ و رووبەری گەراجەکە لە (٢٠٠)م٢ کەمتر نەبێت.

٣- پێویستە پشتگیری لایەنی تەندروستی و لایەنی ئەمنی هەبێت بۆ ئەنجامدانی کاری نوسینگە.

٤- پێویستە ئەمپولانسەکانیان بەپێی ستاندەرو مەرجەکانی تەندروستی بێت .

٥- دەبێت نوسینگە لە (٥) ئەمپولاس کەمتری نەبێ .

٦- دەبێت مۆدێلی ئەمپولاسەکان لەبەرواری وەرگرتنی مۆڵەتەکەی تا (٧) مۆدیل خوارتر کاری پێدەکرێت

٧- رسووماتی پێدانی مۆڵەت بۆ نوسینگە بری (٨٠٠،٠٠٠) هەشت سەد هەزار دینار وەردەگیرێ وە بۆ نوێکردنەوەی مۆڵەت. (٢٥٠٠٠٠) دووسەد وپەنجا هەزار دینار وەردەگیرێ.

٨- دەبێت کارتی کارکردن و ئارمی گواستنەوە بدرێ بە شوفێران.

**هەشتەم : نوسینگەی بەکرێ دانی ئۆتۆمبێلی تایبەت**

مەرجەکانی پێدانی مۆڵەت:-

١- نوسینگە دەبێت پشتگیری لایەنی ئەمنی هەبێت.

٢- نوسینگە دەبێت گەراج و ئۆفیسی گونجاوی هەبێت کە رووبەری ئۆفیسەکەی لە ( ٢٠)م٢ و رووبەری گراجەکە لە (٢٠٠) م٢ کەمتر نەبێت .

٣- نوسینگە دەبێت بەلایەنی کەم لە (١٠) دە ئۆتۆمبێلی کەمتر نەبێت وە مۆدیلیان لە بەرواری وەرگرتنی مۆڵەتەکەی تا (٧) مۆدیل خوارتر کاری پێ دەکرێت

٤- رسوماتی پێدانی مۆڵەت بە بڕی (٢٤٠٠٠٠٠)دوو ملیۆن و چوار سەد هەزار دینار وەردەگیرێ.

٥- روسوماتی نوێ کردنەوەی مۆڵەت بڕی (٧٥٠٠٠٠)حەوت سەدو پەنجا هەزار دینار وەردەگیرێ.

٦- روسوماتی پێدان و نوێ کردنەوەی کارت و ئارمی کارکردن بەم شێوەیەی خوارەوە -:

أ- رەسمی ئارم بۆ ئۆتۆمبێل (٩٠٠٠) نۆ هەزار دینارساڵانە

ب- رەسم بۆ هەر کورسیەك (٣٠٠٠)سێ هەزار دینار

**نۆیەم: نووسینگەی گواستنەوەی فەرمانبەران و خوێندکاران و قوتابیان :-**

١- نوسینگە دەبێت ئوفیسی بەڕووبەری (٢٥)م٢ وە گەراجی بەڕووبەری (٤٠٠)م٢ هەبێت و بەیەکەوە بێت

٢- نابێت ئۆتۆمبێلەکانی نووسینگە لە هێلەکانی گواستنەوە کار بکات.

٣- نوسینگە دەبێت لە (٢٥) بیست و پێنچ ئۆتۆمبێلی جۆری (پاس یان مینی پاس یان تاکسی) کەمتری نەبێت وە مۆدیلیان لە بەرواری وەرگرتنی مۆڵەتەکەی تا ( ٨ ) مۆدیل خوارتر کاری پێدەکرێت.

٤- نوسینگە دەبێت پشتگیری لایەنی ئەمنی و پەیوەندیدار بهێنێت.
٥- نوسینگە دەبێت پابەند بێت بە نرخی گواستنەوەی کە لە لایەن لیژنەی دیاری کردنی نرخ لە پارێزگاو قەزاکان دانراون بۆ ئەم مەبەستە بەڵێننامەی لێوەردەگیرێت لە بەشی یاسایی.
٦- نوسینگە جگە لە چالاکی خۆی کە لە مۆڵەتەکە بۆی دیاری کراوە نابێت بەهیچ شێوەیەك چالاکی تری گواستنەوە ئەنجام بدات.
٧- خاوەن نووسینگە بۆی هەیە تەنها لۆگۆی نووسینگەکەی بەکاربهێنێ کە ڕێگە پێدراوە لە بەڕێوەبەرایەتی هێما بازرگانیەکان وە دەبێت تەنها لەسەر دەرگای پێشەوەی ئۆتۆمبێلەکە بدرێت .
٨- بەڕێوەبەرایەتییەکانی گواستنەوەی پارێزگاو ئیدارە سەربەخۆکان بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی سنوورەکە هەڵدەستن بە دانانی میکانیزمی پێویست بۆ گواستنەوەی فەرمانبەران قوتابیان و خوێندکاران لە سنوورەکە .
٩- دەبێت نووسینگە پابەند بێت بە گشت ڕێنماییەکانی وەزارەتی گواستنەوەو وەزارەتی ناوخۆو وەزارەتی پەروەردە. بە پێچەوانەوە ڕێکاری یاسایی بەرامبەری ئەنجام دەدرێت تا ئاستی پوچەڵ کردنەوەی مۆڵەتەکەی.
١٠-لە قەزاو ناحیەکان ئەو پاصانەی کە کاری گواستنەوەی ( فەرمانبەران و خوێندکاران و قوتابیان ) دەکەن پێویستە ڕێك بخرێن لە لایەن بەڕێوەبەرایەتییەکان و فەرمانگەکانی گواستنەوە بە پێدانی کارتی کارکردنی ناوخۆ بەمەبەستی پابەند بوون بەرێنماییەکانی گواستنەوە و پەروەدەو لیژنەی دیاریکردنی نرخ لە پارێزگاکان و قەزاکان .
١١-روسوماتی پێدانی مۆڵەت بڕی (٢،٤٠٠،٠٠٠) دوو ملیۆن و چوارسەد هەزار دینار وەردەگیرێ.
١٢- روسوماتی نوێکردنەوەی مۆڵەت بڕی (٧٥٠،٠٠٠) حەوت سەد پەنجا هەزار دینار وەردەگیرێ.
١٣- روسوماتی پێدان و نوێکردنەوەی کارت و ئارم بەم شێوەی خوارەوە دەبێت :

| | |
|---|---|
| أ - ڕەسمی ئارم بۆ تاکسی | (٩٠٠٠) نۆ هەزار دینار ساڵانە |
| ب-ڕەسمی ئارم بۆ پاص | (٩٠٠٠) نۆ هەزار دینار ساڵانە |
| ج- ڕەسم بۆ هەر کورسیەك لەتاکسی | (٣٠٠٠) سێ هەزار دینار |
| د- ڕەسم بۆ هەر کورسیەك لەپاص | (١٥٠٠) هەزار و پێنچ سەد دینار |

**دەیەم: نوسینگەی گواستنەوەی دلیقەری و ئۆنلاین :-**

١- ئەم جۆرە نوسینگەیە هەڵدەستێ بە ئەنجامدانی کاری گواستنەوەی کەل و پەل تەنها لە ناوەوەی هەرێمی کوردستان وە شارەکانی عێراقی فیدرال.
٢- دەبێت نوسینگە ئۆفیسی گونجاوی هەبێت کە ڕووبەری ئۆفیسەکەی لە (٢٠)م٢ وە لە سنوری شارەوانی پارێزگا یاخود قەزاکە بێت .
٣- ڕسوماتی وەرگرتنی مۆڵەت وەردەگیرێ بەم شێوەیەی خوارەوە:
أ-رسوماتی پێدانی مۆڵەت بڕی (١٦٠٠٠٠٠) یەك ملیۆن و شەش سەد هەزار دینار وەردەگیرێت
ب-رسوماتی نوێکردنەوەی مۆڵەت بڕی (٥٠٠،٠٠٠) پێنچ سەد هەزار دینار وەردەگیرێت.

**یازدەیەم: مەرج و رێنمایی تایبەت بە گواستنەوەی (بەلەم ) :-**

١- پێویستە نووسینگە ئۆفیسێکی گونجاوی هەبێت بۆ رایی کردنی مامەڵەی هاووڵاتیان و گەشتیاران وە بە سیستەمی (تکت) کاربکات.

٢- دابین کردنی جلی ژێر ئاو نەکەوتن بۆ گەشتیارانی ناو بەلەم .

٣- بەستنی پشتێنی سەلامەتی پێش رۆیشتنی بەلەم.

٤- هەبوونی جێگای دەستی بۆ خۆگرتنی گەشتیاران

٥- مەرجە شۆفێری بەلەم مەلەوان بێت و بروانامەی هەبێت.

٦- هەڵنەگرتنی هیچ ماددەیەکی سوتەمەنی لە ناو بەلەم بۆ نمونە (بەنزین) .

٧- هەبوونی ئامێری ئاگر کوژێنەوەی دەستی لە ناو بەلەمەکەو شارەزابوونی لە بەکارهێنانی لە لایەن شۆفێری بەلەمەکە .

٨- هەڵگرتنی گەشتیار بەپێی قەبارەی بەلەمەکە.

٩- پابەندبوونی شۆفێرەکانی بەلەم بە رێنماییەکانی خۆ پاراستن کەلە لایەن بەرێوەبەرایەتییەکانی بەرگری شارستانی دەردەچێت .

١٠-بەلەمی دروستکراوی بێ (مواصەفات) نابێت بەکار بهێنرێت بەڵکو دەبێت لەسەر ستاندەری جیهانی دروست کرابێت.

١١-هەبوونی پێداویستی رزگارکردن لەناو بەلەم وەك (چوپ) بۆ هەر رووداوێکی نەخوازراو .

**ماددەی (٤):**

**یەکەم: پرۆسەی پێدانی هێل و کارتی کارکردن بۆ ئۆتۆمبێلی (تەکسی –پاص):-**

أ - پێدانی هێڵ بە هاووڵاتیان مافێکی پیشەییە کە تەنها دەدرێت بەو کەسانەی کاری شۆفێری دەکەن لە بواری گواستنەوە کە بەستراوەتەوە بەو مەرج و رێنمایی گشتی گواستنەوە کە لەلایەن وەزارەتی گواستنەوە وگەیاندن پەسەند دەکرێت.بۆیە پێویستە لەسەر شۆفێران پابەند بن بە رێنماییەکانی گواستنەوە وە کارەکانیان بە شێوەیەك ئەنجام بدەن کە رێز لەسەرنیشینان و خاوەن کارەکانیان بگرن کە نەبێتە هۆی بێزار کردنیان .

ب - ئەم پرۆسەیە بەپێی بانگەواز و پرۆسەی تیر وپشك ئەنجام دەدرێت لەلایەن لیژنەیەکی خۆجێی (لۆکاڵ) کە پێك هاتبێ لەمانەی خوارەوە :

| | |
|---|---|
| ١- بەرێوەبەری بەرێوەبەرایەتیەکانی گواستنەوە | سەرۆکی لیژنە |
| ٢- نوێنەری پارێزگا / قەزاکان | ئەندام |
| ٣- نوێنەری پۆلیسی هاتووچۆ | ئەندام |
| ٤- نوێنەری سەندیکای گواستنەوە | ئەندام |
| ٥- بەرپرسی هۆبەی گواستنەوە | سکرتێری لیژنە |

ج- ئەم پرۆسەیەش لە لایەن لیژنەی چاودێری و سەرپەرشتیاری کاروباری گواستنەوەی سەر بە بەرێوەبەرایەتی گشتی گواستنەوە ئەنجام دەدرێت .

**دووەم: ڕێنماییەکانی پێدانی هێڵ و کارتی کارکردن بۆ ( تاکسی – پاص) بۆ هێڵەکانی گواستنەوە:**

١- پێشکەشکردنی داواکاری لە لایەن هاووڵاتیانەوە بۆ هەردوو رەگەز به مەرجێك مۆڵەتی لێخورینی گشتی هەبێت و ماوەکەی بەسەر نەچوو بێت .

٢- داواکار ساڵیانەی ئۆتۆمبێلەکەی بەناوی خۆی بێت ، وەماوەکەی بەسەر نەچوو بێت.

٣- داواکار دەبێت پشتگیری دادنوسی هەبێت یاخود لە ڕێی سیستەمی تۆماری بایۆمەتری مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان کەوا مووچە خۆری میری نیە.

٤- داواکار خەڵکی ئەو پارێزگایە یاخود ئیدارە سەربەخۆکان یان دانیشتووی ئەم شارە بێت کە پرۆسەی تیروپشکی هێلی گواستنەوەی بۆ ئەنجام دەدرێ بەپێی پشتگیری کارتی نیشتیمانی یان کارتی زانیاری یاخود فۆرمی خۆراك.

٥- داواکار نابێت پێشتر سوودمەند بووبێت لە وەرگرتنی هێل وە نابێت هیچ هێلێکی تری بە ناو بێت لەکاتی ئەنجامدانی پرۆسەکەدا .

٦- داواکار نابێت ئۆتۆمبێلەکەی هێلی تری هەبێت.

٧- لە پارێزگاکان داواکار پێویستە تابلۆی ئۆتۆمبێلەکەی هی هەمان شار بێت وە لە قەزاو ناحیەکان بەهەمان شێوە دەبێت ، کە دەکەوێتە سنووری جوگرافی ئەم پارێزگایە.

٨- داواکار (شوفێر) دەبێت تەمەن و باری تەندروستی بگونجێت لەگەڵ کاری شوفێری بەپێی راپۆرتی لیژنەی پزیشکی .

٩- داواکار لە کاتی دەرچوونی هێڵەکە بۆی لە رێگای پرۆسەی بانگەواز و تیر وپشك دەبێت خۆی کاری شوفێری ئەنجام بدات تا ماوەی (٢) ساڵ بە هیچ شێوەیەك نابێت شۆفێرێکی تر لە هێڵەکە کاربکات بەپێچەوانەوە بڕی ( ٥،٠٠٠،٠٠٠) پێنج ملیۆن دینار سزای پێبژاردنی بۆ دەکرێت ، ئەگەر ئامادە نەبوو سزای پێبژاردن بدات ئەوا هێڵەکەی پووچەڵ دەکرێتەوە .

١٠- داواکار دەبێت مۆدیلی ئۆتۆمبێلەکەی لە ( ٢٠١٦) بەسەرەوە بێت بۆتەکسی و پاس لەهێلەکانی نێوان شارەکان وە نێوان شارەکان و قەزاکان وە شارەکان و ناحیەکان وە بە پێچەوانەوەش لە نێوان قەزاکان و شارەکان وە ناحیەکان و شارەکان.

١١- بۆ هێلەکانی ناوخۆی شارەکان بۆ (پاص و تاکسی) دەبێت مۆدیلیان لە (٢٠١٤) بەسەرەوە بێت .

١٢- بۆ هێلەکانی نێوان قەزاو قەزا وە ناحیەو ناحیە بۆ (پاص و تاکسی) دەبێت مۆدیلیان لە (٢٠١٢) و بەسەرەوە بێت.

١٣- بۆ هێلەکانی ناوخۆی قەزا و ناحیەکان (پاص و تاکسی) دەبێت مۆدیلیان لە (٢٠١٠) و بەسەرەوە بێت.

١٤- پێدانی هێل تەنها لەو پرۆسەیەی کە لە خاڵەکانی سەرەوە ئاماژەی پێکراوە دەدرێت بە دەر لەمە بەهیچ شێوەیەك وە بە( استثناء) هێل نادرێت بە هیچ کەسێك .

١٥- ئەو خاوەن ئۆتۆمبێلەی کە داوای هێل دەکات نابێت لە هیچ کۆمپانیاو نووسینگەیەك ئۆتۆمبێلەکەی تۆمار کرابێت و کار بکات.

١٦- خاوەن هێل لە ڕۆژی دەرچوونی هێلەکە تا ماوەی (٢) دوو ساڵ بۆی نیە لە هێلەکە تەنازول بکات بـۆ یەکێکـی تـر ، بە پـێچەوانەوە ئەگەر مـاوەی (٢) سـاڵی تەواو نەکردبـوو ئەوا بە بـڕی (٥٠٠٠٠٠) پیـنج ملیۆن دینار سزای پێبژاردنی بۆ دەکرێت.

١٧- بۆ ناوچە شاخاوییەکانی سنوورەکان لە کاتی پێویست دەکرێت ئۆتۆمبێلی بەرز و دەبڵ ئەکسڵ بێت وە مۆدیلیان لە (٢٠٠٨) و بەسەرەوە بێت .

١٨- داواکار بۆی هەیە تەنها بۆ یەك هێل داواکاری پێشـکەش بکـات لە کـاتی ئەنجامـدانی پرۆسـەی تیـرو پشك بۆ چەند هێڵێك لە یەك کاتدا نابێ .

١٩- ئەو کەســەی کە هێلەکەی بــۆ دەردەچێـت پێویسـتە بـڕی ڕسووماتی دیـاری کـــراو بـــدات بەم شێوەیەی خوارەوە:

| ژ | جۆری ئۆتۆمبیل | نێوان شارەکان بە دینار | | نێوان قەزاو ناحیەو شارەکان (بە دینار) | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | بە ژمارە | بە نووسین | بە ژمارە | بە نووسین |
| ١ | ئۆتۆمبیلی کرێی (٤) نەفەر | ٣،٠٠٠،٠٠٠ | سێ ملیۆن دینار | ١،١٢٥،٠٠٠ | یەک ملیۆن و سەد وبیست و پێنج هەزار دینار |
| ٢ | پاص (٧ – ١٠ ) نەفەر | ٢،٤٠٠،٠٠٠ | دوو ملیۆن و چوارسەد هەزار دینار | ٩٠٠،٠٠٠ | نۆ سەد هەزار دینار |
| ٣ | پاص ( ١١ – ١٥ ) نەفەر | ٣،٠٠٠،٠٠٠ | سێ ملیۆن دینار | ١،١٢٥،٠٠٠ | یەک ملیۆن و سەدو بیست و پێنج هەزار دینار |
| ٤ | پاص ( ١٦ - ٢١ ) نەفەر | ٣،٦٠٠،٠٠٠ | سێ ملیۆن و شەش سەد هەزار دینار | ١،٣٥٠،٠٠٠ | یەک ملیۆن و سێ سەدو پەنجا هەزار دینار |
| ٥ | پاص ( ٢٢ – ٣٠ ) نەفەر | ٤،٢٠٠،٠٠٠ | چوار ملیۆن و دوو سەد هەزار دینار | ١،٦٥٠،٠٠٠ | یەک ملیۆن و شەش سەدو پەنجا هەزار دینار |
| ٦ | پاص(٣١) نەفەرو زیاتر | ٦،٠٠٠،٠٠٠ | شەش ملیۆن دینار | ٢،٢٥٠،٠٠٠ | دوو ملیۆن دوو سەدو پەنجا هەزار دینار |
| ٧ | ڕەسمی مۆڵەتی گۆڕینی هێڵ لە نێوان هێڵەکانی دەرەوە یان لە نێوان هێڵەکانی ناوەوە یان لە نێوان هێڵەکانی دەرەوە بۆ هێڵەکانی ناوخۆ یان بە پێچەوانەوە | | | (٤٥٠،٠٠٠) چوار سەد و پەنجا هەزار دینار | |
| ٨ | ڕەسمی کارتی کارکردنی ئۆتۆمبیلی بارهەڵگرەکانی تاوەکو دووتەنی | | | (٢١،٠٠٠) بیست و یەک هەزار دینار | |
| ٩ | بۆ هەر تەنێک زیاتر لە دووتەنی ئاماژە پێدراو لە بڕگەی (٨)ی ئەم خشتەیە | | | (٦٠٠٠) شەش هەزار دینار | |
| ١٠ | ڕەسمی گواستنەوەی مولکیەتی مۆڵەتی هێڵی ئاسایی دوای تەواو بوونی ماوە دووساڵ لەسەر مۆڵەت | | | (٥٠٠،٠٠٠) پێنج سەد هەزار دینار | |

٢٠- لە کاتی دەرچوونی هێل بۆ داواکار پێویستە لەماوەی (٣٠) سی ڕۆژ دوای پەسـەند کردنـی پرۆسـەکە گشت مامەڵە یاساییەکانی خۆی ئەنجام بدات وە دەست بە کار بیت لە هێڵەکە بە پێچەوانەوە ئەگەر لە ماوەی دیاری کراو مامەڵەکەی تەواو نەکرد ئەوا هێڵەکەی پێ نادرێت .

٢١- هەر شوفێرێك ئەگەر لە ماوەی (٦٠) ڕۆژ دوایـــی دەرچـــوونی نـــاوی لە پرۆسـەی تیـرو پشك وە پێدانی کارتی کارکردن بەبێ پاســاو دە ست بە کار نەبوو ئەوا لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی گواستنەوەی پەیوەندیدار هێلەکەی لێوەردەگیرێتەوە بە فەرمانێکی کارگێری .

٢٢- له كاتی پێدانی هێل جگـه له وەزارەتـی گواستنــەوه و گەیـاندن هیچ لایەنێــك بــۆی نیه دەست بخـاته نـاو كاروباری گواستنەوه له هەرێم بەگشتی وه له خاڵە سنورییەكان بەتایبەتی .

٢٣-هێڵـی گواسـتنەوه دەدرێـت بەو هـاووڵاتیەی كه مـۆڵەتی گشـتی لێخـورینی هەبێـت و سـاڵیانەی ئۆتۆمبێلەكەی بەناوی خۆی بێت.

٢٤- هەر لایەنێك ئاستەنگ دروست بكات له جێبەجێ كردنی ڕێنماییەكانی كاروباری گواستنەوه به گشتی بەپێـی یاسـای سـزادانی عێراقـی ژمـاره (١١١)ی سـاڵی ١٩٦٩ مـاددەی (٢٥٤) و(٢٥٥) مـامەڵەی لەگەڵ دەكرێت

**سێیەم: ڕێنماییەكـانی گشـتی گواسـتنەوه تـایبەت به نـوێكردنەوەی كـارتی كـاركردنی هێڵەكـانی (پاص و تاكسی):-**

١- لەكـاتی ڕووداوی نەخـوازراو وەك ( سـووتانی ئۆتۆمبێـل - وەرگەڕان - پێكـدادان ) دوای سـەلماندنی ڕووداوەكه لەلایەن لایەنی پەیوەندیدار شۆفێر بۆی هەیه ئۆتۆمبێلێكی مۆدیل نزمتـر به (٢) دووسـاڵ بهێنێته شـوێنی ئۆتـۆمبێله كـۆنەكەی له مـاوەی (٩٠) ڕۆژ دوای ڕووداوەكه دوای ئەم مـاوەیه خـاوەن هێـڵ هـیچ مـافێكی نامینێـت و ئەم پرۆسـەیەش به ڕەزامەنـدی بەرێـوەبەرایەتی گواسـتنەوەی پەیوەندیدار دەبێت بەمەرجێـك مـۆدیلی ئۆتـۆمبێلەكەی له (٢٠١٤) و بەسـەرەوه بێـت و تەنهـا بـۆ یەك جاریش دەبێت وكاریگەری گەڕانەوه واته (الاثر الرجعي) دەبێت .

٢- هەر خاوەن (ئۆتۆمبێلێك ) یان شوفێرێك دەتوانێت تەنها یەك هێلی به ناو بێت .

٣- له كاتی پێویسـت بەرێـوەبەری گواسـتنەوەی پەیوەندیـدار بـۆی هەیه تـا (٢) دوو مۆدیـل ئۆتـۆمبێلی هێلەكـان بهێنێـته خـوارەوه به مەرجێـك ئۆتـۆمبێلەكه مـۆدیلی له (٢٠١٤) كەمتـر نەبێـت و وه ئەم پرۆسەیەش بۆیەك جار له هێلەكه ئەنجام دەدرێت و ئەم بڕگەیه لەكاتی كڕین و فرۆشتن كاری پێناكرێت.

٤- له كاتی نوێكردنەوەی كارتی كاركردن پێویسته شۆفێر مـۆڵەتی لێخـورین و سـاڵیانەی ئۆتـۆمبێلەكەی بەسەر نەچوو بێت .

٥- هەر ئۆتۆمبێلێك دەتوانێ تەنها له یەك هێل كاربكات.

٦- خاوەن هێل نابێت مووچه خۆری میری بێت بۆیه پێویسته له كاتی بەناوكردنی هەر هێلێك بەڵێنامەی دادنــوس یــاخود پشــتگیری فەرمــانگەی تۆمــاری بــایۆمەتری بهێنێــت وه له بەشــی یاســایی بەرێوەبەرایەتی پەیوەندیدار بەڵێننامەی لێوەردەگیرێ كەوا مووچه خۆری میری نیه.

٧- لەكاتی گۆڕینی ئۆتۆمبێلی تابلۆی دەرەوەی هەرێم كه مۆدیلیان له (٢٠٠٠) و بۆ خوارەوه بێت پێویسته ئۆتۆمبێله تازەكەی بكات به تابلۆی هەرێم وه مۆدیلی ئۆتۆمبێلەكەشی له (٢٠٠٥) و بەسەرەوه بێت .

٨- لەكاتی گۆڕینی هەر ئۆتۆمبێلێك كه تابلۆكەی هەرێم بێـت وه مـۆدیلی له (٢٠٠٠) و بـۆ خـوارەوه بێـت، پێویسته مۆدێلی ئۆتۆمبێله تازەكەی بكات به مۆدیل (٢٠٠٥) و بەسەرەوه ٠

٩- له كاتی كۆچی دوایی كردنی خاوەن هێل بەپێی یاسای بـاری شارسـتانی واریسـەكانی دەبـنه خـاوەن هێل.

١٠-لەكاتی نوێكردنەوەی كارتی كاركردن یاخود گۆڕینی ئۆتۆمبێل پێویستە پشكنینی(PVI) بهێنێت. وە ماوەكەی بەسەر نەچوو بێت .

١١-هەرخاوەن هێلێك بۆی هەیە (تنازل) بكات لە هێلەكەی بۆیەكێكی تر وە ئەم ڕێكارە یاساییە دەبێت لەبەشی یاسایی بەڕێوەبەرایەتی گواستنەوەی پەیوەندیدار بكرێت.

١٢- لە كاتی سەرپێچی شوفێر لە ڕێنماییەكانی گواستنەوە بەڕێوەبەری پەیوەندیدار بۆی هەیە لێپرسینەوە و سزادان پەیڕەو بكات بۆ ڕاگرتنی لە هێڵەكەی بۆ (٣ تاكو ١٥) ڕۆژ .

١٣- لە كاتی گۆڕینی هێل بۆ هێلێكی تر لە نێوان دوو خاوەن هێل دەبێت پشتگیری لێپرسراوی هەردوو هێڵی هەبێت .

١٤- ئەگەر خاوەن هیڵ خۆی كاری شۆفێری ئەنجام بدات دەبێت ساڵیانەی ئۆتۆمبێلەكەی بە ناوی خۆی بێت واتە هەر سێ ناوی كارتی كاركردن بەناوی خۆی دەبێت .

١٥- خاوەن هێڵ دەكرێت شۆفێر بخاتە سەر هێڵەكەی دوای تێپەربوونی (٢) دوو ساڵ لە وەرگرتنی هێڵەكەی لە پرۆسەی تیرو پشك وە دەبێت كارتی كاركردن تەنها ناوی دووكەسی لەسەر بێت واتە ناكرێت ناوی زیاتر لە دووكەسی لەسەركارتی كاركردنەكە هەبێت.

١٦- پێویستە هەموو خاوەن هێلێك ساڵانە كارتی كاركردنی نوێ بكاتەوە بە پێچەوانەوە ڕێكاری یاسایی لەگەڵ دەكرێت بەم شێوەیەی خوارەوە :

أ- لەكاتی بەسەر چوونی كارتی كاركردنی هێڵ كەمتر لە (١) یەك مانگ ئەوا كارتەكە نوێدەكرێتەوە بەبێ سزای پێبژاردن.

ب- لەكاتی دواكەوتن لەنوێكردنەوەی كارتی هێڵ بۆ ماوەی زیاتر لە (١) یەك مانگ ئەوا سزای پێبژاردن بڕی (١٠٠) سەد هەزار دینار لەسەری جێبەجێ دەكرێت.

ج- لە كاتی دواكەوتن لە نوێكردنەوەی كارتی كاركردن تاكو (٢) دوو ساڵ ئەوا سزای پێبژاردن لەسەری جێبەجێ دەكرێت بەمەرجێك دانەبڕێت و بەردەوام بێت لە كاركردن لە هێڵ و بڕی پێبژاردن (١٠٠) سەد هەزار دینار بۆ هەر ساڵێک.

د- هەر خاوەن هێڵێك یاخود شۆفێرێك بەبێ هیچ پاساوێك (عذر مشروع ) لە هێڵەكەی دابڕاو كاری نەكرد بۆ ماوەی (٩٠) نەوەت ڕۆژ هێڵەكە جێبهێڵێت ئەوا هێلەكەی لێوەردەگیرێتەوە مافی كاركردنی لە هێڵەكە نامینێت و كاریگەری گەرانەوە (الاثر الرجعي) دەبێت .

ه-دوای تێپەر بوونی دووساڵ لەسەر نوێ نەكردنەوەی كارتی هێڵ ئەوا هێڵەكەی پووچەڵ دەكرێتەوە بەپێی ڕێنماییەكان .

١٧- لەكاتی كۆچی دوایی كردنی خاوەن هێڵ ئەوا هێڵەكە بەناوی وارسەكانی كۆچ كردوو دەكرێت بەمەرجی هێنانی دابەشنامەی شەرعی (القسام الشرعي) وە بڕوا نامەی مردوو ( شهادة الوفاة).

١٨- لە كاتی سەرپێچی لە ڕێنماییەكانی گواستنەوە بۆ نموونە كاركردنی ئۆتۆمبێلی تایبەت وە ئۆتۆمبێلی كرێ كە هیچ هێلێكیان نەبێت و بە سەرپێچی كاربكەن لە هێلەكان.

١٩- ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە هێلی فەرمیان هەیە جگە لە هێلەکەی خۆی بەسەرپێچی لە هێلێکی کاربکەن پێبژاردنی دیاری بکرێت.
٢٠- لەکاتی سەرپێچی شوفێری هێلەکان بەرپرسی هێل بۆی نیە تاك لایەنە سزای شوفێرەکە بدات بەڵکو دەبێت بە ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی گواستنەوەی پەیوەندیدار ئەم کارە ئەنجام بدرێت وە تەنها بەڕێوەبەری گواستنەوە بۆی هەیە سزای شوفێر بدات.
٢١- لەکاتی گۆڕینی ئۆتۆمبێل بۆ نموونە ئەگەر هاتوو ئۆتۆمبێلی هێلێك تەکسی بوو وە هێلەکەی بەرامبەریشی ئۆتۆمبێلی پاص بوو ئەوا ئاساییە بە گۆڕینی ئۆتۆمبیلی هێلەکە لە پاص بۆ تەکسی وە بە پێچەوانەوە تەکسی بۆ پاص ئەگەر بە گشتی داواکاری پێشکەش بکەن.
٢٢- بەگشتی شەقامە سەرەکییەکان مافی هەموو هێلەکانە بە یەکسانی وەهیچ کەسێك و هێڵێك بۆی نیە بە ڕێڕەوی هێڵی خۆی دابنێت دەکرێت چەند هێڵێك لەسەر شەقامی سەرەکی کاری خۆیان ئەنجام بدەن بەڵام ناکرێت لە ئاستی ئەو گەڕەکەی کە بۆی دیاری کراوە زیاتر سەرکەوێت لەکاتی هاتن و ڕۆیشتن بۆ گواستنەوەی هاووڵاتیان .
٢٣-هەر شەقامێکی سەرەکی کە دەکەوێتە نێوان هێڵی دوو گەڕەك ئەوا ئەو شەقامە بۆ هەردوو هێڵەکە بەیەکسانی بەکاردێت .
٢٤- هیچ هێلێك بۆی نیە شوێنی وەستانی پاصەکانی کە لە ناو گەرەکەکان بۆی دیاری کراوە بگوازێتەوە بۆ شوێنێکی تر یاخود گەرەکێکی پشت خۆی یان تەنیشت خۆی یان خوار خۆی.
٢٥- دانان و دیاری کردنی ڕێڕەوی هێڵەکان تەنها لە دەسەڵاتی بەڕێوەبەرایەتی گواستنەوەی پەیوەندیدارە.
٢٦- کاتی وەرگرتنی (گەراج) یاخود تیرمیناڵ لە نێوان دووهێڵی بەرامبەر یەکتر ئەگەر هاتوو ڕێك کەوتبوون لەسەر کات کێشە نیە . بە پێچەوانەوە ئەگەر ڕێك نەکەوتن و پابەند نەبوون ئەوا بەرێوەبەرایەتی گواستنەوەی پەیوەندیدار بەپێی یاساو ڕێنماییەکان دانانی کات ( تایم ) یان بۆ دیاری دەکات .بۆ تیرمیناڵەکان یاخود گەراجەکان لە کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ.
٢٧- هیچ هێڵێك بۆی نیە ڕێڕەوی خۆی بگۆڕێت یاخود درێژ بکاتەوە بەبێ ڕەزامەندی بەرێوەبەرایەتی گواستنەوەی پەیوەندیدار بە پێچەوانەوە ڕێکاری یاسایی بەرامبەری ئەنجام دەدرێت.
٢٨- بەرێوەبەرایەتی گواستنەوەی پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان دەسەڵاتی کاری ڕێکخستن و سەرپەرشتی کردن و دانانی میکانیزمی نۆرە و دیاریکردنی کاتی دەرچوونی ئۆتۆمبێل (تایم) وە دانان و گۆرینی بەرپرسی هێڵ و ئەنجوومەنی هێڵ و نووسەری هێڵەکانیان هەیە وە هەروەها لێپرسینەوە دەکەن لە سەرپێچی کاران لە گشت تیرمینال و گەراجەکان و خاڵە سنوورییەکان.
٢٩- لەبەر بەرژەوەندی گشتی شۆفێران و خاوەن هێڵ و ڕێگرتن لە سەرپێچی لە ئۆتۆمبێلی تایبەت کە کاری گواستنەوەی هاووڵاتیان ئەنجام دەدەن بەرێوەبەرایەتیەکانی گواستنەوەی پەیوەندیدار بەهەماهەنگی لەگەڵ پۆلیسی هاتووچۆ و ئاسایش دەبێت لەبازگەکان فەرمانبەری پێویست دابنێن بۆ ڕێگریکردن لەم دیاردەیە.

٣٠- هیچ شۆفێرێك بۆی نیە لەو ڕێژە سەرنیشینانەی بۆی دیاری کراوە زیاتر هەڵبگرێت وە نابێت سەرنشین بە وەستان بوەستێت ، بە پێچەوانەوە بۆ ماوەی (٣ - ١٥) ڕۆژ لەکارەکەی رادەگیرێت.

**چوارەم: ڕێنمایی تایبەت بە تاکسی ناو شار (گەڕۆك):-**

تاکسی گەڕۆك ئەو ئۆتۆمبێلە تاکسیانەن کەلە سەنتەری شارو شارۆچکەکان کاری گواستنەوەی هاووڵاتیان ئەنجام دەدەن وە لە هیچ هێڵێکی گواستنەوە کارناکەن.

١- ئۆتۆمبێلی تاکسی ناو شار (گەڕۆك ) دەبێت لۆگۆ و شریتی تایبەت بەو شارە هەبێت کە هەڵگری تابلۆکەیەتی.

٢- ئۆتۆمبێلی تاکسی ناو شار (گەڕۆك) دەبێت کارتی زانیاری شۆفێری لەسەر جامی پێشەوە و هەردوو ڕووی دواوەی ( بالیفی) کوشنی کورسی شۆفێر و کورسی تەنیشتی دابنێ .

٣- ئۆتۆمبێلی تاکسی ناو شار (گەڕۆك) دەبێت ساڵانە کارتی کارکردنی نوێ بکاتەوە لەگەڵ وەرگرتنی رسوماتی کورسی بەم شێوەیەی خوارەوە.

أ- تێچووی دروست کردنی (١) یەک ئارم ٩٠٠٠ نۆ هەزار دینار

ب- رەسمی پێدانی کارتی کارکردن بۆ تەکسی بۆ هەر کورسیەک ٣٠٠٠ سێ هەزار دینار

٤- لەکاتی دواکەوتن لە نوێکردنەوەی کارتی کارکردن بۆ ماوەی زیاتر لە (١) یەك مانگ ئەوا بە بڕی (١٠٠) سەد هەزار دینار سزای پێبژاردنی بۆ دەکرێت.

٥- لەکاتی کارکردنی تاکسییە گەڕۆکەکان بە سەرپێچی لە هێڵەکانی نێوان شاروشارۆچکەکان بە بڕی (١،٥٠٠،٠٠٠) یەک ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار سزای پێبژاردنی بۆ دەکرێت.

٦- لەکاتی گۆرانکاری لە جۆری ئۆتۆمبێل و مۆدێل یاخود شۆفێر پێویستە شۆفێر سەردانی بەرێوەبەرایەتی گواستنەوەی پەیوەندیدار بکات بەمەبەستی گۆرینی کارتی زانیاری کارکردن.

٧- لەکاتی لێکردنەوەی لۆگۆ و شریت وە یاخود دەستکاری کردنی کۆد وە یاخود هەڵنەواسینی کارتی زانیاری شۆفێر لەناو ئۆتۆمبێل ئەوا دۆسیەکەی ئاراستەی بەرێوەبەرایەتییەکانی هاتووچۆی پارێزگاکان دەکرێت بەمەبەستی دەست بەسەر داگرتن و وەرگرتنی رێکاری یاسایی وە هەروەها سزای پێبژاردنی بۆ دەکرێت بە بڕی (١٥٠،٠٠٠)سەدو پەنجا هەزار دینار .

٨- ئەو کۆدەی کە دەدرێ بە ئۆتۆمبێلی تاکسی گەڕۆك بە هیچ شێوەیەك ناگۆڕدرێت وە بە هیچ شێوەیەك نادرێت بە ئۆتۆمبێلێکی تر.

٩- ئۆتۆمبێلی تەکسی ناوشار ئەگەر شریت و کۆد و لۆگۆی لێدرابێت وکارتی زانیاری هەبێت بە ناوی شۆفێر کرابێت وە ئەگەر شۆفێرەکە هەڵسا بە فرۆشتنی ئۆتۆمبێلەکەی ئەوا دەبێت لەگەڵ خاوەنە تازەکە سەردانی بەرێوەبەرایەتی گواستنەوەی پەیوەندیدار بکات بەمەبەستی گۆرینی خاوەنداریەتی و ئەنجامدانی کاری یاسایی پێویست .

١٠- لە کاتێك کە ئۆتۆمبێلێکی تاکسی بە ناوی یەکێکە بەڵام شوفێرێکی تر کەناوی لە ناو کارتی زانیارییەکە نیە و کاری شوفێری دەکات ئەوا خاوەن ئۆتۆمبێلەکە بڕی (١٠٠،٠٠٠) سەد هەزار دینار پێبژاردن دەکرێت بۆ جاری یەکەم ئەگەر هاتوو دووبارە کرایەوە ئۆتۆمبێلەکەی دەستی بەسەر دادەگیرێت و وە شوفێر دەدرێتە دادگا.

١١- دەبێت شوفێر کارتی زانیاری ناو ئۆتۆمبێل کە ژمارەیان (٣) سێ کارتە کە یەکێکیان لە جامی پێشەوە دووەکەی تر لەسەر بالیفەکانی (سەرین)ـەکانی پشتەوە بدات و لە کـــاتی هەڵنەواسینی ئەم کارتە لە ناو تاکسی شوفێر پێبژاردن دەکرێت بە بڕی (١٠٠,٠٠٠) سەد هەزار دینار .

**ماددەی (٥):-**

**یەکەم: ڕێنماییەکانی تایبەت بە پێدانی کارتی کارکردن بە ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر:-**

١- پـرۆسەی پێدانی کـارتی کـاردن لـە ڕێی بانگەواز و پرۆسەی تیروپشـك ئــەنجام دەدرێـت وە هــەموو جـۆرە ئۆتۆمبێلێکی بارهەڵگر دەگرێتەوە وەك (پیك ئاب - لـۆری - گەڵابە – سـایلۆ – بەراد - تـانکەر - فلات - ترێلە ، هتد ....)

٢-داواکار دەبێت مۆڵەتی لێخورینی تایبەتی بە جۆری ئۆتۆمبێلەکەی هەبێت و ساڵیانەی بەنـاوی خـۆی بێت و نابێت بەسەرچوو بێت.

٣- داواکار دەبێت دانیشتووی سنووری ئەو پارێزگایە یاخود ئیدارە سەربەخۆکان بێت کە پرۆسەکەی لێ ئەنجـام دەدرێـت بەمەرجێـك رێـژەی (٣٠%) کەمتـر نەبێـت بـۆ دانیشـتوانی سـنوری ئەو قەزایەی کە دەروازەکەی لێ یە .

٤-داواکار نابێ پێشتر هێلی وەرگرتبێت و سوودمەند بێت وە هەروەها نابێت مـووچە خـۆر بێـت بـۆ ئەم مەبەستە دەبێت پشتگیری فەرمانگەی تۆماری بایۆمەتری بهێنێت.

٥-دەبێت تابلۆی ئۆتۆمبێلە بارهەڵگرەکان هی هەمان پارێزگا بێت کە پرۆسەکەی لێ ئەنجـام دەدرێـت وە مۆدێلی لە (٢٠١٠) و بە سەرەوە بێت .

٦- رسوماتی پێدانی کارتی کارکردن لەسەر ساڵیانە وەردەگیرێت بەرامبەر ئەو بڕە تەنەی کە بارهەڵگرەکە هەڵی دەگرێت بەپێی پسوولەی قەپان و بەم شێوەیەی خوارەوە :

أ- رەسمی کارتی کارکردنی ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر تاکو (٢) تەن بۆ هەر تەنێک (٢١,٠٠٠)بیست و یەک هەزار

ب- بۆ هەر تەنێک زیادە لە (٢) تەن بەسەرەوە بۆ هەر تەنێک (٦٠٠٠) شەش هەزار دینار

٧- سـاڵانە پرۆسـەی تیـرو پشـك ئەنجـام بـدرێت بـۆ دانـانی ئۆتـۆمبێلی بـارهەڵگر ئەگەر پێویسـت بـوو بەسەرپەرشتی وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن.

٨- داواکار دوای دەرچوونی نـاوی لە پرۆسـەی تیـرو پشـك دەبێـت لە مـاوەی (١) یەك مانـگ مامەڵەکـانی تەواو بکات بە پێچەوانەوە مافی پێدانی کارتی کارکردنی نابێت.

٩- خاوەن هێڵ دوای وەرگرتنی کارتی هێڵەکەی دەبێ لە ماوەی (٦٠) شەست رۆژ دەست بەکـار بێـت بە پێچەوانەوە دوای ئەو ماوەیە هێڵەکەی لێوەر دەگیرێتەوە.

١٠-خاوەن هێڵ دوای وەرگرتنی هێڵەکەی لە پرۆسەی تیرو پشك نابێت بۆ مـاوەی (٢) دوو سـاڵ تەنـازول بکات لە هێڵەکەی بە پێچەوانەوە سزای پێبژاردنی بۆ دەکرێت بە بڕی (٥,٠٠٠,٠٠٠)پێنج ملیۆن دینار.

١١-ئەو ئۆتۆمبێلە بـارهەڵگرانەی کە تـایبەتن بە کۆمپانیاکـانی گواسـتنەوە ئەوانەی مـۆڵەتی کارکردنیـان هەیە لە دەروازەکـان(خـاڵە سـنوورییەکان) کـار دەکەن دوای تەواو بـوونی کـاری کۆمپانیـا. ئۆتـۆمبێلە بارهەڵگرەکان بە هیچ شێوەیەك بۆیان نیە لەمەرزەکان بمێننەوە و کاربکەن.

**دووەم: ڕێنمایی تایبەت بە نوێکردنەوەی کارتی کارکردنی ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر :**

١- لەکاتی ڕووداوی نەخوازراو وەك ( سوتانی ئۆتۆمبێل - وەرگەڕان - پێکدادان ) دوای سەلماندنی ڕووداوەکە لەلایەن لایەنی پەیوەندیدار شۆفێر بۆی هەیە ئۆتۆمبێلێکی نزمتر بە (٢) دووساڵ بهێنێتە شوێنی ئۆتۆمبێلە کۆنەکەی لە ماوەی (٩٠) ڕۆژ دوای ڕووداوەکە دوای ئەم ماوەیە خاوەن هێڵ هیچ مافێکی نامینێت و ئەم پرۆسەیەش بە ڕەزامەندی بەرێوەبەرایەتی گواستنەوەی پەیوەندیدار دەبێت بەمەرجێك مۆدیلی ئۆتۆمبێلەکەی لە( ٢٠٠٨) و بەسەرەوە بێت و تەنها بۆ یەك جاریش دەبێت.

٢-دەبێت خاوەن هێڵ یاخود شۆفێر ساڵانە کارتی کارکردن نوێ بکاتەوە وە غەرامەی دواکەوتنی لێوەربگیرێت لە کاتی دواکەوتنیان زیاتر لە (١) یەك مانگ.

٣- دوای تێپەربوونی (٢) دوو ساڵ بەسەر نوێ نەکردنەوەی کارتی کارکردن ئەوا بەفەرمانێکی کارگێری هێڵەکەی پووچەڵ دەکرێتەوەو وەمافی گەرانەوەی نیە بۆ کارکردن لە هێڵەکە.

٤- لەکاتی کۆچی دوایی کردنی خاوەن هێڵ ئەوا هێڵەکە بەناوی وارسەکانی کۆچ کردوو دەکرێت بە مەرجی هێنانی دابەشنامەی شەرعی (القسام الشرعی ) وە بڕوا نامەی مردوو ( شهادة الوفاة).

٥- هەر خاوەن هێڵێك یاخود شۆفێرێك بەبێ هیچ پاساوێك (عذر مشروع ) لە هێڵەکەی دابڕاو کاری نەکرد بۆ ماوەی (٩٠) نەوەت ڕۆژ هێڵەکە جێبهێڵێت ئەوا هێلەکەی لێوەردەگیرێتەوە مافی کارکردنی لە هێڵەکە نامینێت و کاریگەری گەڕانەوە واتە ( الاثر الرجعي) دەبێت بۆ ساڵانی پێشوو.

٦- لەکاتی گۆڕینی ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر پێویستە ئۆتۆمبێلە تازەکەی بە هەمان کێشی باربێت وە دەکرێ (٢) تەن کەمتر یان زیاتر بێت وە بەهەمان مۆدیل یاخود بەرزتر بۆ یەك جار کاری پێدەکرێت دوای هێنانی پشتگیری لە بەرێوەبەرایەتی هاتووچۆ.

٧- لە کاتی گۆڕینی ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر لە جۆرێك بۆ جۆرێکی تر واتە لە (تاك ویل بۆ سیکیس ویل یاخود لە بەراد بۆ ترێلە) لە حاڵە سنوورییەکان لەسەر داواکار پێویستە پشتگیری بەرپرسی نووسینگەی گواستنەوەو سەرپەرشتیاری کۆمەڵگای دەروازە وە بەرێوەبەری گواستنەوەی سنوورەکە بهێنێت.

٨- دەبێت ئۆتۆمبێلەکە پشکنینی (PVI) هەبێت و بەسەر نەچوو بێت.

٩-لەکاتی تەنازولکردن لە هێل لەشوفێرێك بۆ شوفێریکی تر بڕی (٥٠٠،٠٠٠) پێنج سەد هەزار دیناری لێوەردەگیرێت.

١٠- رسووماتی پێدان و نوێ کردنەوەی کارتی کارکردن ساڵانە دەبێت.کە بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

أ - بۆ ئۆتۆمبێلی باری (١) و (٢) تەنی (٢١٠٠٠) بیست و یە ك هەزار دینار وەردەگیرێت .

ب- بۆ ئۆتۆمبێلی باری (٢) تەنی بەسەرەوە بۆ هەر تەنێکی زیادە ( ٦٠٠٠) شە ش هەزار دینار وەردەگیرێت

ج - رەسمی ئارم بۆ ئۆتۆمبێل (٩٠٠٠) نۆ هەزار دینار وەردەگیرێت.

١١- بۆ رێکخستنی هەموو جۆرە ئوتۆمبێلێکی بارهەڵگر لە دەروازە سنوورییەکان دەبێت کارتی کارکردنیان بۆ بکرێت لەلایەن بەرێوەبەرایەتی گواستنەوەی سنورەکە وە ساڵانە کارتی کارکردنیان بۆ نوێ بکرێتەوە بەپێی رێنماییەکان.

**ماددەی(٦):** ئەم ڕێنماییە لەبەرواری بڵاوکردنەوەی لەڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت .

**انو جوهر عبدالمسیح عبدوکا**
**وەزیری گواستنەوەو گەیاندن**

**وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی**

**ژمارە: ٥٩٨١ لە ٢٠٢١/١٢/٢٢**

پاڵپشت بە بڕگەی (٢) لە ماددەی (٦) یاسای وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی لە هەرێمی کوردستان ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠١٠ی هەموارکراو وە لە پێناو ڕێکخستن و راهی کردنی کارەکانی هاووڵاتیان و بازرگانان کە کاری هاوردەو هەناردە ئەنجام دەدەن ، وە بۆ بوژاندنەوەی بازاری نێو خۆیی هەرێم وە بەرەو پێش بردنی گەشەی بازرگانی و ئابووری بە زەرورمان زانی ئەم ڕێنماییەی خوارەوە دەرکەین .

**ڕێنمایی ژمارە (٤) ساڵی ٢٠٢١**

**ڕێنمایی تایبەت بە هاوردە و هەناردە**

**ماددە(١):** لایەنی دەسەڵاتدار بە پێدانی مۆڵەتی هاوردن و هەناردن و ناسنامەی هاوردەکار یان هەناردەکار وە کردنەوەی پێشانگای ناوخۆ و نێو دەوڵەتیەکان لە هەرێمی کوردستان بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار ، (وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی / بەڕێوەبەرایەتی گشتی بازرگانی / بەڕێوەبەرایەتی پێشانگاکان وخزمەتگوزاریە بازرگانیەکان )ـە . دوای بەرجەستە بوونی پێداویستیەکان . واتە هیچ وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتیەکی تری سەر بە حکومەتی هەرێمی کوردستان مافی پێدانی مۆڵەتی بازرگانی یاخود هاوردن و هەناردنی کاڵایان نیە دەبێت هەموو ئەو کاڵایانەی کە پێویستیان بە ڕەزامەندی پێشەکی لایەنی پەیوەندیدار هەیە دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی ئاڕاستەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بازرگانی بکرێت .

**ماددە(٢):مۆڵەتی بازرگانی بۆ هاوردن یان هەناردنی کاڵا دەدرێت بەمانەی خوارەوە لە ئێستادا : -**

**یەکەم:** مۆڵەتی بازرگانی دەدرێت بە هەموو کۆمپانیایەك بەپێی ئەو کارو چالاکیە بازرگانیەی کە کۆمپانیاکە کاری تێدا دەکات .

**دووەم:** کۆمپانیاکانی بواری بەڵێندەرایەتی مۆڵەتی بازرگانیان پێ دەدرێت بە مەرجێك لە بواری بەڵێندەرایەتیەکەی خۆی بێت یاخود گرێبەستێکی هەبێت بۆ تەواوکردنی پرۆژەیەکی حکومی یاخود خێرخوازی.

**سێیەم:** کارگەو پرۆژەکان بە هەمان شێوە مۆڵەتی بازرگانیان پێ دەدرێت .

**چوارەم:** هەموو پرۆژەیەکی ئەهلی وەکو ( نەخۆشخانەو قوتابخانەو ... هتد ) ئەگەر ڕەزامەندی هێنانی هەر کاڵاو شتومەکێکی هەبێت لە لایەن فەرمانگەیەکی حکومی بۆی دەکرێت بە مۆڵەت بەمەرجێك مۆڵەتی پرۆژەکەی هەبێت بڕگە وماددەکانی ڕێنمایی هاوردەو هەناردە جێبەجێ بکات.

**پێنجەم:** کۆمپانیاکانی بواری گواستنەوە ( شحن البضائع ) بەهەمان شێوە مۆڵەتی هاوردە و هەناردەکردنیان پێدەدرێت .

**ماددە(٣):مەبەست لەڕێکخستنی پرۆسەی پێدانی مۆڵەتی هاوردەو هەناردەو ناسنامە بریتیە لە :-**

**یەکەم:** پێشکەش کردن و هەڵسەنگاندنی زانیاریەکان بە داتاو ژمارەی باوەڕپێکراو .

**دووەم:** هاوسەنگ کردنی بەرهەمی ناوخۆ و پیشەسازی خۆماڵی لەگەڵ کاڵای هاوردەکراو ( موازنة الانتاج الوطني مع البضائع المستوردة ) .

**سێیەم:** ڕێگری کردن لە هاوردن و هەناردنی ئەو کاڵایانەی کە قەدەغەکراون بەپێی یاسا و ڕێنمایی کارپێکراوەکان لەوانەش ڕێنمایی گومرگی ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٢٠ هەڵسوکەوت بکرێت و بەهەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگ و خاڵە سنوریەکانی ژێر کۆنترۆڵی حکومەتی هەرێم .

**چوارەم:** کار ئاسانی بۆ دیاریکردنی ئەو کاڵایانەی کە ڕێگە پێدراون بە هاوردە کردنیان بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان .

**پێنجەم:** زیاد کردنی داهاتی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی و گەیاندنی بە ئاستی خۆ بژێوی (التمويل الذاتی) .

**مادده(٥):**

**أ ـ پێداویستیەکانی پێدانی ناسنامە بە کۆمپانیاکان:**

بەپێی ئەم داواکاریانەی خوارەوە کۆمپانیای ( هاوردەکار یان هەناردەکار ) ناسنامەی پێ دەدرێت .

**یەکەم:** فۆڕمی داواکاری پڕ بکاتەوە کە مۆر کرابێت بەمۆری کۆمپانیا لەگەڵ یەك پولی (١٠٠٠) هەزار دیناری

**دووەم :** پشتگیری بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان لەگەڵ گشت بەراییەکانی کۆمپانیا وێنەی پەسندکراو (مصدق ) کە ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بازرگانی/ ب.پێشانگاکان و خزمەتگوزاریە بازرگانیەکان کرابێت .

**سێیەم:** پشتگیری باجی دەرامەتی کۆمپانیاکان (پاکانە) کە ئاراستەی بەرێوەبەرایەتی گشتی بازرگانی/ ب.پێشانگاکان و خزمەتگوزاریە بازرگانیەکان کرابێت .

**چوارەم :**

١- کارتی نیشتمانی یاخود ( ناسنامەی باری شارستانی و ڕەگەزنامە ) ناسنامەی ژووری بازرگانی یان یەکیتی هاوردەکاران و هەناردەکاران گەر هەبێت + کارتی زانیاری + پاسەپۆرت وێنەی کۆپی ڕەنگاو ڕەنگ تایبەت بە بەرێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیا .

٢- کۆپی ڕەنگاو ڕەنگ (پاسەپۆرت + کارتی نیشینگە ( ألإقامة) بۆ بیانیەکان .

٣- کۆپی کارتی نیشتەجێ بوون یاخود بەڵگەنامەی ئاسایش بۆ ئەوانەی کە دانیشتوی دەرەوەی هەرێمی کوردستانن و لە ناو هەرێم کاری بازرگانی دەکەن .

**پێنجەم:** ئامادە بوونی بەرێوەبەری ڕێگاپێدراوی کۆمپانیا یان بریکار(وكيل) لەگەڵ وێنەی پەسندکراوی بریکارنامە لەکاتی پێشکەشکردنی داواکاری پێدانی ناسنامە بۆ جاری یەکەم .

**شەشەم:** نوێکردنەوەی ناسنامەی بازرگان هاوردەکار یان هەناردەکار تاکو (٣١ / ١٢)ی هەموو ساڵێك دەبێت.

**حەوتەم:** چەکی بانك بە بڕی پارەی ( ٧٥،٠٠٠ ) حەفتاو پێنج هەزار دینار لە بەرامبەر پێدانی ناسنامە وەکو ڕسومات لێوەردەگیرێت .

**ب ـ پێداویستیەکانی پێدانی ناسنامە بە پڕۆژەو کارگەکان .**

بە هەمان شێوەی بڕگەکانی خاڵی (أ) کە لە سەرەوە ئاماژەی پێکراوە ناسنامەیان پێ دەدرێت جگە لە بڕگەی (٢ و ٣) لە خاڵی (أ) پێویستە لەسەر کارگە یاخود پرۆژە پشتگیری لەم شوێنە بهێنێت کە کارگە یاخود پرۆژەکەی تیادا دامەزراوە ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بازرگانی / ب.پێشانگاکان و خزمەتگوزاریە بازرگانیەکان کرابێت و لەگەڵ هێنانی مۆڵەتی پڕۆژە یا کارگەکە.

وە هەروەها هێنانی پشتگیری باجی دەرامەت بە ناوی خاوەن پڕۆژە یا کارگەکە کە تیایدا ئاماژە بەناوی پڕۆژەکە یان کارگەکە کرابێت بە هەمان شێوە ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بازرگانی/ب . پێشانگاکان و خزمەتگوزاریە بازرگانیەکان بکرێت .

**مادده(٥): ڕێکارەکانی پێدانی مۆڵەتی بازرگانی ( هاوردە یان هەناردە ) :-**

**یەکەم:** کۆمپانیای هاوردەکار یان هەناردەکار ناسنامەی تازە کردبێتەوە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی بازرگانی .

**دووەم:** پێشکەش کردنی داواکاری لە سەر کلێشەی تایبەت بە هاوردن یا هەناردن کە مۆرکرابێت بە مۆری کۆمپانیا لەگەڵ یەك پولی ( ١٠٠٠ ) هەزار دیناری .

**سێیەم:** دیاری کردنی بڕ ( الكمية ) یاخود گوژمە (المبلغ)ی ئەو کاڵاو شتومەکانەی کە بازرگان دەیەوێت هاوردە یا هەناردەیان بکات لەگەڵ دیاری کردنی دەروازەی سنووری بە مەرجێك دەروازەکە فەرمی بێت ، مەرزی نافەرمی مامەڵەی لەگەڵ ناکرێت .

**چوارەم:** چەکی بانکی بهێنێت بەپێی ئەو گوژمەی یاخود ئەو بڕەی کە کۆمپانیای هاوردەکار یاخود هەناردەکار دیاری دەکات بۆ هەر مۆڵەتێك یان سنورێك دەبێ چەکێکی بانکی هەبێت .

**پێنجەم:** لە حاڵەتی ئامادەنەبوونی بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیا بۆ مەبەستی دەرهێنانی مۆڵەت پێویستە بریکار ئامادەبێت واتا هیچ مامەڵەیەك بەبێ بریکارنامە ڕایی ناکرێت .

**شەشەم:** هەموو کاڵایەك مافی هاوردەو هەناردەی هەیە بە مەرجێك لە بابەتە قەدەغە کراوەکان نەبێت و ئەگەر پێویستی بەڕەزامەندی لایەنی پەیوەندیدار هەبوو دەبێت نووسراوەکە هاوپێچی فۆڕمی داواکاری بکرێت .

**حەوتەم:** ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی گشتی و پشتگیری کردن لە بەرهەمی ناوخۆ لەکاتی پێدانی مۆڵەتی بازرگانی بە تایبەت هەناردەکردن .

**هەشتەم:** هەموو مۆڵەتێك دەبێت بە گوژمە یان بە تەن یان کارتۆن دیاری بکرێت لە سەر فۆڕمی داواکاری تەنها ئاژەڵ و باڵندەی زیندوو گوڵ و نەمام بە دانە دیاری دەکرێت ، بەڵام هەر کاڵایەك بڕەکەی ئاماژەی پێنەکراوە لە لایەن لیژنە یەکلا دەکرێتەوە.

**مادده(٦): کارپێکردنی بریکارنامە :-**

بریکارنامە کە لەلایەن کۆمپانیاکان دەدرێت بەو پارێزەرەی یاخود هاووڵاتیەی کە لە جیاتی بەڕێوەبەری کۆمپانیا سەردانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بازرگانی بکات بۆ ڕایی کردنی مامەڵەکان دەبێت دەرچوو بێت لە یەکێك لە فەرمانگە دادنووسیەکان پشت ڕاست کرابێتەوە بە مۆری فەرمانگە دادنووسیەکە.

**مادده(٧): بڕی ڕسومات بۆ مۆڵەتی هاوردن و هەناردن و ناسنامە:-**

ئەم ڕسوماتەی کە وەردەگیرێن بڕی ( ٩٠% ) دەبێتە ئیرادی کۆتایی بۆ خەزێنەی وەزارەتی دارایی وئابووری و بڕی ( ١٠ % ) دەبێتە پاداشت بۆ فەرمانبەرانی وەزارەتی بازرگانی وپیشەسازی و کڕینی پێداویستی لۆجیستی بەپێی ڕێنمایی وەزارەتی دارایی و ئابووری .

**یەکەم:** لە بەرامبەر پێدانی هەر ناسنامەیەك بڕی ( ٧٥،٠٠٠ ) حەفتاو پێنج هەزار دینار بە شێوەی چەکی بانکی وەردەگیرێت .

**دووەم:** وەرگرتنی بڕی ( ١٠٥،٠٠٠ ) هەزار دینار لە جیاتی پێدانی مۆڵەتی هاوردن یا هەناردن بەم شێوەیە بۆ هەر ( ٢٥٠،٠٠٠ $) یان ( ١٠٠٠ تەن ) یا ( ٣٠٠٠ کارتۆن ) یا ( ٥٠٠ سەر ئاژەڵی زیندووی گەورە ) یا ( ١٠٠٠ سەر ئاژەڵی زیندووی بچوك ) یا ( ١٠،٠٠٠ دانە باڵندە و پەلەوەر) یا ( ١٠٠،٠٠٠ دانە گوڵ و نەمام) بڕی ( ١٠٥،٠٠٠ ) سەدو پێنج هەزار دینار ڕسومات وەردەگیرێت .

**سێیەم:** ڕسوماتی هاوردن یا هەناردنی ( ئۆتۆمبێل / بارهەڵگر / ئامێر / ئامێری کشتوکاڵی ) بۆ هەردانەیەك بڕی ( ١٠٠،٠٠٠ ) سەد هەزار دینار وەردەگیرێت .

**چوارەم:** سزای گۆڕینی هەر بڕگەیەك لە بڕگەکانی ناو مۆڵەت دوای دەرچوونی مۆڵەتی هاوردە و هەناردە کە لە فۆڕمی داواکاری بە هەڵە داواکراوەو لە بەرامبەر ڕاستکردنەوەی مۆڵەتەکە بڕی (٥٠،٠٠٠)پەنجا هەزار دینار وەکو سزا وەردەگیرێت دەکرێتە پاداشت بۆ فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتی پێشانگاکان و خزمەتگوزاری بازرگانیەکان بەپێی ڕێنمایی وەزارەتی دارایی کە دەردەچێت .

**پێنجەم:** گۆڕینی ناسنامەی هاوردەکار یاخود هەناردەکار بە هۆی گۆڕینی ناوی کۆمپانیا یاخود بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیا بە هەمان شێوەی بڕگەی یەکەم بڕی (٧٥،٠٠٠) حەفتاو پێنج هەزار دیناری لێوەردەگیرێت .

**شەشەم:** کۆمپانیاکانی بواری هاوردەکردنی ئۆتۆمبێل بە تایبەت ئەو کۆمپانیایانەی کە بریکاری براندێك لە براندەکانی کۆمپانیا جیهانیەکانن ، دەبێت ساڵانە بەر لە پێدانی مۆڵەتی هاوردن کەشفی کۆگایان بۆ بکرێت لە لایەن لیژنەی پێك هێنراو لە (وەزارەتی ناوخۆ / بەرێوەبەرایەتی گشتی هاتووچۆ) (وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی/بەرێوەبەرایەتی گشتی بازرگانی) کە بڕی (٧٥،٠٠٠) حەفتاو پێنج هەزار دینار وەکو ڕسومات لێیان وەردەگیرێت بەشێکی دەکرێتە پاداشتی لیژنەکەو ئەویتر بۆخەزێنەی وەزارەتی دارایی بەپێی ڕێنمایی بڕیار لێدراو لە وەزارەتی دارایی.

**حەوتەم:** بڕی ( ١٠٠ ٠٠٠ ) سەد هەزار دینار بۆ هەرمانگێك دواكەوتن وەردەگیرێت لەو كۆمپانیا و پرۆژانەی كە پابەندی جێبەجێكردنی كاتی بەڵێننامەكان نابن دوایی (٣) سێ مانگ لە دەرچوونی بەلێننامەكە بەهەمان شێوەی برگەی (٤) دەكرێتە پاداشت بۆ فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتی پێشانگاكان و خزمەتگوزاری بازرگانیەكان بەپێی ڕێنمایی وەزارەتی دارایی كە دەردەچێت .

**مادده(٨): ماوەی كارپێكردنی مۆڵەتی هاوردن و هەناردن :-**

**یەكەم:** مۆڵەتی هاوردنی كاڵاو شتومەك ئەوانەی كە پێویستیان بە ڕەزامەندی لایەنی پەیوەندیدار نیە بە گوژمە (مبلغ) دەدرێت بۆ ماوەی ساڵێك كاری پێدەكرێت لە بەرواری دەرچوونیەوە ، بە هەر هۆكارێكی باوەڕ پێكراو لە چوار چێوەی یاسا بێت تەنها بۆ یەكجار درێژ دەكرێتەوە بۆ ماوەی (٣٠) سی ڕۆژ لە دەسەڵاتی بەڕێوەبەری گشتی بازرگانی دەبێت .

**دووەم :** ماوەی هاوردن یا هەناردنی ( ئۆتۆمبێل / بارهەڵگر / ئامێر / ئامێری كشتوكاڵ ) ساڵێكە لە بەرواری دەرچوونی مۆڵەت دەتوانرێت درێژ بكرێتەوە بە هۆكاری باوەڕپێكراو لە چوارچێوەی یاسا و لە دەسەڵاتی وەزیری بازرگانی و پیشەسازی دەبێت بە پێكهێنانی لیژنەیەك لە هەر یەك لە نوێنەری (بەڕێوەبەرایەتی گشتی بازرگانی) و (بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگ) و (بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتووچۆ ) .

**سێیەم :** بە مەبەستی هاندان و زیاد كردنی بەروبووم و كاڵای ناوخۆ مۆڵەتی هەناردن ساڵێك كاری پێ دەكرێت لە بەرواری دەرچوونی مۆڵەت تەنها بۆ ئەم بابەتە نەبێت كە وەرزین ، بە مەرجێك لە خواستی پڕكردنەوەی ناوخۆ زیاتر بێت .

**چوارەم:**

**أ -** بەرهەمەكانی كشتوكاڵی و ئاژەڵی و پەلەوەری و ڤێتەرنەری بۆ هەناردن یان هاوردەكردن ماوەی كار پێكردنی مۆڵەتەكە دیاری دەكرێت لەلایەن وەزارەتی كشتوكاڵ و فەرمانگەكانی تری سەر بە وەزارەتی كشتوكاڵ (الجهة القطاعية) بەپێی وەرز (الرزنامە الزراعية) بەپێی جۆری كاڵاو بەروبوومەكە ، مافی درێژ كردنەوەیان هەیە تەنها بۆ ماوەی (٣٠) سی ڕۆژ لە بەرواری دەرچوونیەوە لە دەسەڵاتی وەزارەتی كشتوكاڵە بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی گشتی بازرگانی .

**ب -** دەرمان و پێداویستی پزیشكی لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی كۆنترۆلكردن و هێنان و دروستكردنی دەرمان سەر بە وەزارەتی تەندروستی ماوەكەی بۆ دیاری دەكرێت و مافی درێژكردنەوە لە دەسەڵاتی خۆیان دەبێت بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی گشتی بازرگانی .

**ج -** خورماو هەر كاڵایەكی تر كەلە خوارووی عێراق بەرهەم دەهێنرێت دەبێت ڕەزامەندی وەزارەتی بازرگانی عێراقی فیدراڵی هەبێت بۆ هەناردە كردن ماوەكەی بۆ دیاری كرابێت یاخود ئەگەر لە ناوەوەی هەرێم بێت دەبێت ڕەزامەندی هەبێت لە بەڕێوەبەرایەتی چاودێری بازرگانی یان بەڕێوەبەرایەتی گشتی كشتوكاڵ ماوەكەی بۆ دیاری بكەن لەگەڵ سنوری هەناردەكردن .

**د ـ** هەر کاڵاو بەروبوومێك کە پەیوەندی بە وەزارەتـی سـامانە سروشـتیەکان هـەبێت وەك ( نـەوت و بەروبوومـەکانی نـەوت و کانزاکـان ...هتـد ) بـۆ هـەناردەکردن یـا هـاوردەکردن دەبێـت ڕەزامەنـدی وەزارەتی سامانە سروشتیەکانی هەبێت ماوەکەی بۆ دیاری بکرێت ، یان هەر کاڵاو بـەروبومێك کـە پەیوەندی بە ئاسایشی نەتەوەیی هەبێت و هەنارده یان هاورده بکرێت لە لایـەن وەزارەتـی نـاوخۆ ڕەزامەندی پێ دەدرێت وماوەکەی بۆ دیاری دەکرێت .

**مادده(٩): ئەو کاڵایانەی کە پێویستیان بە مۆڵەت وەرگرتن هەیە :-**

أ- هەموو ئەو کاڵایانەی کە لە پێناسی گومرگی ئاماژەیان پێکراوە مۆڵەتی بازرگانیان پێ دەدرێـت لـە بەڕێوەبەرایەتی گشتی بازرگانی بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگ لە ئێسـتادا کە دابـەش کـراون بەسـەر (٢١) بیسـت و یـەك کۆمەڵـە لـە سـەر ئەساسـی ئـەم (٢١) بیسـت و یـەك کۆمەڵەیـە مۆڵـەتی بازرگانیـان بـۆ دەکرێـت و ئەوانـەی کـە پێویسـتیان بـە ڕەزامەنـدی لایـەنی پەیوەندیدار هەیە دوای هێنانی ڕەزامەندی بۆیان دەکرێت بەمۆڵەت.

ب- پێدانی مۆڵەتی جۆراجـۆر لـە دەسـەڵاتی ب.گشـتی بازرگـانی دەبێـت بـۆ ئـەو کۆمپانیانـەی کـاری گواستنەوە و بازرگانی گشتی دەکەن.

**مادده(١٠): ئەو کاڵایانەی کە پێویستیان بەڕەزامەندی لایەنی پەیوەندیدار هەیە :-**

پێویستە ئەو ڕێگە پێدانـەی کـە لەلایـەن لایەنەپەیوەندیـدارەکان ئاراسـتەی بەڕێوەبەرایـەتی گشـتی بازرگانی دەکرێت کاڵایەك نەبێت کە قەدەغەکراو بێت لە ڕێگە پێدانەکە ئەم زانیاریانەی تیادا ئاماژەی پێکرابێت وەك (١ـ جۆری کاڵا ٢ ـ بڕی کاڵا ( الكمية) ٣ ـ شوێنی هـاوردەکردنی بەرهـەم ( ألمنشـأ ) ٤ ـ دیار کردنی مەرز (سنور)ی هێنان و هەناردن ٥ - ماوەی ڕێگە پێدانەکە بۆ دیاری بکرێت ) بەپێی ئەم زانیاریانە مۆڵەتی پێدەدرێت .

**یەکـەم:** بەرهەمـەکانی کشـتوکاڵی و ئـاژەڵی و پەلـەوەری ، هـاوردەکردن یـا هـەناردەکردنی هـەر بەروبوومێکی کشتوکاڵی یـان ئـاژەڵی یـان پەلـەوەری وەك ( بـەروبوومی گۆشـت و مریشـك و هێلکە شیرە مەنیەکان ) یا ( دارو گوڵ و نـەمام و پـەینی کشـتوکاڵی و دەرمـانی ڤێتەرنـەری و ئالیـك و قرکـەری کشـتوکاڵی و بنـەتۆ ... هتـد ) پێویسـتە ڕەزامەنـدی پیشـەکی لـە وەزارەتـی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو بە شـێوەی ڕێگـە پێـدان بهێـنن کـە ئاراسـتەی بەڕێوەبەرایـەتی گشتی بازرگانی بکرێت بۆ پێدانی مۆڵەتی بازرگانی.

**دووەم:** دەرمـان و پێداویسـتی پزیشـکی و تاقیگـەیی و شـیری خـۆراکی پێویسـتیان بـە ڕەزامەنـدی پێشەکی وەزارەتی تەندروستی و لایەنـە پەیوەندیـدارەکانی سـەر بـە وەزارەتـی تەندروسـتی هەیـە بـە هـەمان شـێوە زانیـاری و بڕگـەکانی تێـدا ئامـاژە پێکرابێـت بـە شـێوەی ڕێگـە پێـدان ئاڕاستەی بەرێوەبەرایەتی گشتی بازرگانی بکرێت .

**سێیەم:** هەموو ئەو کاڵایانەی کە پەیوەندیان بە ئاسایشی هەرێم هەیە پێویستیان بە ڕەزامەندی پێشەکی وەزارەتی ناوخۆ و لایەنە پەیوەندیدارەکان هەیە بە شێوەی ڕێگە پێدان ئاڕاستەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بازرگانی بکرێت .

**چوارەم:** بەرهەمی نەوت و کانزاکان بە هەمان شێوەی برگەکانی سەرەوە لەلایەن وەزارەتی سامانە سروشتیەکان بە شێوەی ڕێگە پێدان ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بازرگانی بکرێت .

**پێنجەم:** هەرکارگەیەك یاخود پڕۆژەیەك بیەوێ بەروبوومی کارگەکەی هەناردەی دەرەوە بکات پێویستە ڕەزامەندی پێشەکی بهێنێت لەو فەرمانگەیەی کە مۆڵەتی پڕۆژە یان کارگەی پێداوە وەك ( بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشەپێدانی پیشەسازی یان بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەبەرهێنان یان یەکێتی ژوورە بازرگانیەکان ) بە شێوەی ڕێگە پێدان ئاڕاستەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بازرگانی بکرێت برگەو زانیاریەکانی سەرەوەی تیادا ئاماژە پێکرابێت .

**شەشەم:** هەموو ئەو کاڵایانەی کە ڕاستەوخۆ لەلایەن کەرتی گشتی هاوردە دەکرێن پێویستە مۆڵەتی هاوردنیان هەبێ دوای ئاراستەکردنی نووسراوی فەرمی بەبێ وەرگرتنی ڕەسمی خزمەتگوزاری مۆڵەتیان پێدەدرێت و دەزگا مرۆییەکان و خێرخوازیەکان بە مەبەستی بە هاناوە چوونی مرۆیی هەر کات شت ومەکێك بهێنن دەبەخشرێن لە ڕسوماتی هاوردەو هەناردە ئاسانکاریان بۆ دەکرێت .

**حەوتەم:** بەمەبەستی بەردەوام بوون لە پەیوەندی نێوان وەزارەتی بازرگانی حکومەتی هەرێم لەگەڵ وەزارەتی بازرگانی حکومەتی عێراقی فیدراڵ هەموو ئەو کۆمپانیایانەی کە مۆڵەتی هاوردن یا هەناردنیان وەرگرتووە لە ناوچەکانی سەر بەحکومەتی عێراقی فیدراڵ و دەیانەوێ لەڕێگای مەرزە فەرمیەکانی سەر بە حکومەتی هەرێم هاوردە یان هەناردەیان بکات ، پێویستە لە ڕێگای بەڕێوەبەرایەتی گشتی بازرگانی ڕەزامەندی وەربگرن و بۆیان بکرێت بە مۆڵەت بەبێ وەرگرتنی ڕسومات واتا دەبەخشرێن لە ڕسوماتی هاوردەو هەناردە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی بازرگانی .

**هەشتەم:** هەرنووسراوێکی ڕێگە پێدان کە لەلایەنی پەیوەندیدار (الجهة القطاعية) دەردەچێت دەکرێت بە یەك مۆڵەت بەپێی برگەی دووەم لە ماددەی حەوتەم ڕسوماتی لێوەردەگیرێت ، نابێ هیچ مۆڵەتێك لە یەك ڕێگە پێدان زیاتر بێت .

**نۆیەم:** هەر کۆمپانیایەك مۆڵەتی بازرگانی هاوردە یان هەناردەی نەبێت پێویستە سزای نەبوونی مۆڵەتی لێوەربگیرێت لە دەروازە سنووریەکان ، بەپێی ڕێنمایی گومرگی ژمارە (٧) ی ساڵی٢٠٢٠ هەڵسوکەوت بکرێت .

**ماددە(١١): حاڵەتەکانی هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەت یان کۆتایی هاتنی مۆڵەت :-**

**یەکەم:** لە حاڵەتی پابەند نەبوونی کۆمپانیا بە ڕێنماییەکان یان بەکار هێنانی مۆڵەتی هاوردەو هەناردە بە شێوەی نایاسایی .

**دووەم:** کۆتایی هاتنی ماوەی دیاریکراوی مۆڵەتەکە .

**سێیەم:** تەواوبوونی بڕ یان ئەو گوژمەیەی کە لە مۆڵەتەکە بۆی دیاری کراوە .

**مادده(١٢):گۆڕینی مەرز ( سنوور ) :-**

دەکرێت مەرزی هێنانی یان هەناردنی کاڵا بگۆڕدرێت ئەگەر پێویست بوو بە هەر هۆکارێك بێت یان بەڵگەی باوەڕپێکراو ( مبرر مقنع ) لە دەسەڵاتی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بازرگانی دەبێت .

**مادده(١٣): جێبەجێ کردنی مەرجەکانی هاوردنی کاڵا :-**

لە کاتی هاوردەکردنی کاڵاو شتومەك پێویستە کۆمپانیای هاوردەکار هەموو مەرجەکانی تایبەت بە هێنانی کاڵاو شتومەك جێبەجێ بکات بەپێی کوالێتی و ستانداردی جیهانی بێت ، پابەند بن بە مەرج و ڕێنماییەکانی دەستەی پێوانەسازی و کۆنترۆلی جۆری هەرێم و مەرجەکانی وەزارەتی تەندروستی و هەر لایەنێکی پەیوەندیدار بە پشکنینی کاڵاکان .

**مادده(١٤): ڕێکارەکانی هێنان و هەناردنی ئۆتۆمبێل :-**

**یەکەم:** کار دەکرێت بە بڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە ( ٣٩٤٥ لە ٢٩ / ٤ / ٢٠١٣ ) وە بە بڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە ( ٢٦٤٠ لە ١٨ / ٣ / ٢٠١٣ ) سەبارەت بە بازرگانی ئۆتۆمبێل بەم شێوەیەی خوارەوە :

١- پێویستە سەرجەم ئەو کەسانەی کە بازرگانی هاوردەکردنی ئۆتۆمبێل دەکەن خۆیان ڕێك بخەن وەك ( کۆمپانیای تایبەتمەند لە بواری هاوردە کردنی ئۆتۆمبێل ) خۆیان تۆماربکەن لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان و مەرج نیە بریکاری ڕەسمی باوەڕ پێکراوی کۆمپانیای دروستکەری جیهانی ئۆتۆمبێل بن .

٢- پێویستە کۆمپانیای بواری هاوردەکردنی ئۆتۆمبێل مۆڵەتی هاوردەکردنی ئۆتۆمبێل وەربگرن لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی بازرگانی ، هیچ کۆمپانیایەك بۆی نیە بەبێ مۆڵەتی هاوردن کار بکات .

٣- ئەو کۆمپانیایەی کە بەفەرمی نوێنەرایەتی کۆمپانیا جیهانیەکانی بواری دروستکردنی ئۆتۆمبێل دەکات دەبێت پابەند بێت بە هێنانی کەل و پەلی یەدەگ بە بڕی ( ٥% ) لە بەهای گشتی ئۆتۆمبێلی هاوردەکراو سەرەڕای دامەزراندنی وەرشەی (صیانە) چاککردنەوەی گونجاو کە لەلایەن لیژنەی تایبەتی هاوبەش لە هەردوو ( وەزارەتی ناوخۆ / بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتووچۆ) و ( وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی / بەڕێوەبەرایەتی گشتی بازرگانی ) و دواتر بە ڕێنماییەکی هاوبەشی هەردوو وەزارەت مەرجەکانی ئەو وەرشانە دیاری دەکەن و لە هەموو حاڵەتێکدا پێویستە هەر ئۆتۆمبێلێك بۆ ماوەی (٢) دوو ساڵ زەمانەتی صیانەی هەبێت بەپێی ڕێنمایی ئاماژە پێدراو .

٤- لە بەرامبەر پێدانی مۆڵەتی هاوردەکردن بۆ هەر ئۆتۆمبێلێك ڕەسم وەردەگیرێت بە بڕی ( ١٠٠،٠٠٠ ) سەد هەزار دینار لە لایەن وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی .

٥- هەموو هاووڵاتیەك بۆی هەیە ئۆتۆمبێلێك هاوردەی هەرێم بکات تەنها بۆ یەك جار بەپێی ڕێنمایی هاوردە کردنی ئۆتۆمبیل بە مەرجێك بەڵگە نامەی عیراقی بوونی هەبێت .

٦- هاوردەکردنی ئۆتۆمبێلی دژە گولله (درع) پێویست بـه مۆڵـەتی بازرگـانی دەکات و دەبێـت پـێش وەختە ڕەزامەندی وەزارەتی ناوخۆ وەربگیرێت .

٧- له کاتی هاوردەکردنی ئۆتۆمبێل و ئامێر بۆ دام و دەزگاکانی سەر بـه حکومـەتی هـەرێم لـه لایـەن کۆمپانیاکان بە هەمان شێوه پێویسته مۆڵەتی بازرگانی هەبێت .

٨- لەکاتی هاوردەکردنی ئۆتۆمبێل بۆ دام و دەزگاکانی سەر بـه حکومـەتی ناوەنـد لـه ڕێگـای دەروازە سنوریەکانی هەرێم پێویست بە مۆڵەتی بازرگانی ناکات و ڕێگای پێ دەدرێت بە مەرجێك لەلایەن وەزارەتی پەیوەندیدارەوە نووسراوێك ئاراستەی حکومەتی هەرێمی بکرێت بۆ ئەم مەبەسته .

**دووەم:** مۆڵەتی هاوردەکردنی ئۆتۆمبێل و یەدەگی ئۆتۆمبێل تازەو بـەکار هـاتوو (ألأدوات ألإحتياطيـه الجديدة و مستعملة) دەدرێت دوای پێشکەشکردنی ئەم پێداویستیانەی خوارەوە:

أ ـ ناسنامەی بازرگانی تازەکراو بێت .

ب- پێشکەشکردنی فۆڕمی داواکاری له سەر کلێشەی تایبەت کە مۆر کرابێت بە مۆری کۆمپانیا لەگەڵ یەك پولی (١٠٠٠)هەزار دیناری.

ج- پڕکردنـەوەی فـۆڕمی تایبـەت بـه داواکـاری هـاوردن یـان هـەناردنی ئۆتۆمبێـل ئـەم زانیاریانـەی تێـدابێت ( جـۆری ئۆتۆمبێـل/ بـڕی ئۆتۆمبێـل / وولاتـی بەرهـەم هـێن/ وولاتـی هاوردەکـار / تایبەتمەندی (نویێ یا بەکارهاتوو ) پۆلین ( صالۆن یا ستیشن ) .

**سێیەم:** بەڕێوەبەرایەتی گشتی بازرگانی بەرپرس نیە له ڕێگری کردن له نەهاتنه ژوورەوەی ئۆتۆمبێلی کۆمپانیای هاوردەکار ، بڕی ئـەو ڕسـوماتەی بـۆ ناگەڕێنریتـەوە ئەگـەر بێـت و ئـەو ئۆتۆمبێلـەی کـە هاوردەی دەکات بەپێی ڕێنماییەکانی وەزارەتی ناوخۆ هاوردە نەکرابێت و کوالێتی نەگونجاو بێت

**چوارەم:**

**أ** ـ هێنانی ئۆتۆمبێلی کلاسیك (تحفـة) لـه لایـەن کۆمپانیاکـان دەبێـت ڕەزامەنـدی هـەبێت لەلایـەن وەزارەتی ناوخۆ ئاڕاستەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بازرگانی بکرێت .

ب ـ هێنانی ئۆتۆمبێلی کلاسیك (تحفة) لەلایەن هاووڵاتی ئاسایی بەهەمان شێوه دەبێت ڕەزامەنـدی وەزارەتی ناوخۆی هەبێت ئاڕاستەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بازرگانی بکرێت تـەنها ڕێگـا دەدرێـت بە هێنانی یەك ئۆتۆمبێل بە مەرجێك کڕین و فرۆشتنی پێ نەکات ئەم پێداویستیانه لەگەڵ خۆیدا بهێنێت :

١- کۆپی ناسنامە یان پاسەپۆرت ڕەنگاو ڕەنگ + (١) ڕەسم

٢- ڕەزامەندی وەزارەتی ناوخۆ

٣- پڕکردنەوەی فۆڕمی تایبەت

٤- چەکی بانك بە بڕی (١٠٠ ٠٠٠) سەد هەزار دینار وەکو ڕسومات لەجیاتی پێدانی مۆڵەت

٥- ئامادە بوونی خاوەنی ئۆتۆمبیل یان بریکار .

**مادده(١٥): ڕێنمایی تایبەت بە بازرگانی بە شێوەی ترانزێت :-**

**یەکەم:** کۆمپانیای بازرگانی لە بواری ترانزێت پێویستە فایلی هەبێت لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی بازرگانی .

**دووەم:** ڕەزامەندی پێشەکی هەبێت لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگ ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بازرگانی کرابێت .

**سێیەم:** داواکاری پێشکەش بکات لە سەرکلێشەی بازرگانی و مۆرکراو بێت بە مۆری کۆمپانیا و جۆری کاڵاو بڕەکەی و سنووری هاوردەکردن و هەناردەکردنی بەیەکەوە تیادا دیاری بکات دەبێت لە یەك بار هەڵگر تەنها یەك جۆر کاڵا بار کرابێت .

**چوارەم:** بەمەبەستی ئاسانکاری و جووڵەی بازرگانی زیاتر تەنها بڕی ( ١٠٥،٠٠٠ ) سەدو پێنج هەزار دینار لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی بازرگانی وەردەگیرێت وەکو ڕسومات زۆر و کەمی بڕەکەی کار لە زیاد بوونی ڕسومات ناکات .

**پێنجەم:** زانیاری نادروست لە سەر جۆرو بڕی کاڵا کۆمپانیا خۆی تیایدا بەرپرسە .

**شەشەم:** دەبێت ڕێکارەکانی گواستنەوە بەپێی ڕێنمایی گومرگ ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٢٠ جێبەجێ بکرێت لەکاتی بوونی هەر سەرپێچیەك بەپێی یاسای گومرگ ئیجرائاتی گومرگی لەگەڵدا بکرێت .

**مادده(١٦): لەپێناو بەرژەوەندی گشتی ئەم بابەتانەی کەهاوردەو هەناردەیان قەدەغەیە بەم جۆرەیە:-**

**یەکەم:** ڕێگە نادرێت بە ناردنی ئەم کەل و پەلانەی کە لە ناوخۆ پێویستە ، تەنها لە حاڵەتی زیاد بوون لە پێویستی ناوخۆ و هێنانی ڕەزامەندی لایەنی پەیوەندیدار .

**دووەم:** ڕێگە نادرێت بەناردنە دەرەوەی ئەو کەل و پەلانەی کە لە ڕێگای فۆڕمی خۆراك دابەش دەکرێن بە سەر هاووڵاتیان .

**سێیەم:** ئەو کاڵاو شتومەکانەی کە لە لایەن ڕێکخراو و دەزگا مرۆییەکان دابەش دەکرێن هەناردەکردنیان قەدەغەیە .

**چوارەم:** لیستی کەل و پەلە قەدەغە کراوەکان .

**أ ـ** ئەو بابەتانەی چوونە دەرەوەیان قەدەغەیە :

١- مەڕ و ماڵات و ئاژەڵی دەگمەن ( نادر ) بە ڕەزامەندی دەستەی ژینگە دەبێت .

٢- تێل و کێبڵی کارەبایی کۆنە و کانزای لە کارکەوتوو جگە لە وانەی کە بە زیادکردنی ئاشکرا لە دام و دەزگاکانی میری دەفرۆشرێن نووسراوی پشتگیریان پێ بدرێت و ڕەزامەندی وەزارەتی دارایی وئابووری / بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگیان هەبێت .

٣- ئاسنە شکاو و وردە ئاسن و تەلی دڕکاوی هەموو جۆرەکانی بەڕەزامەندی گومرگی گشتی دەبێت

٤- شێلمان و شیشی سەبەی مسلح و ئاسنی دروستکراوی خاو هەموو جۆرێك بەڕەزامەندی گومرگی گشتی دەبێت .

٥- دراوی عێراقی بە ڕەزامەندی بانکی ناوەندی هەرێم یان بانکی ناوەندی فیدڕاڵ دەبێت .
٦- کەل و پەلی یەدەگی کۆنەی ئۆتۆمبێل و ئامێر ( مکائن ) بەڕەزامەندی گومرگی گشتی دەبێت .
٧- هەر ئۆتۆمبێلێك بەرواری دروستکردنی لە (٤٠) چل ساڵ زیاتر بوو .
٨-کانزاو بەردە گران بەهاکان بە ڕەزامەندی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان دەبێت .
٩- پێستەی خاوی ئاژەڵ تەنها بەڕەزامەندی (وەزارەتی کشتوکاڵ وسەرچاوەکانی ئاو) دەبێت .
١٠- دەرمان و کەل و پەلی پزیشکی و دەرمان تەنها بەڕەزامەندی (وەزارەتی تەندروستی) دەبێت .

**ب ـ ئەو بابەتانەی کە هاتنیان بۆ ناو هەرێم قەدەغەیە:**

١- چیمەنتۆ هەموو جۆرێك جگە لە چیمەنتۆی سپی .
٢- بەرمیلی کۆنەی بەکارهاتوو ( ملوثة ) .
٣-یاری ئاگرین و تفەنگ و ساچمە و چەك و تەقەمەنی تەنها بەڕەزامەندی (وەزارەتی ناوخۆ) هاوردە دەکرێت .
٤- دەمانچەی مۆرو هاوێژ .
٥- ژەهری ماسی .
٦- دەبەی پلاستیکی بەتاڵ کۆنە .
٧- چەوری و دونگی مەڕ .
٨- ماددەی بێهۆشکەر .
٩- بابەتی شوێنەوار ( اثار ) .
١٠- دەست نووسی کۆن .
١١- ماددەی کیمیایی ( مزدوج ) و ماددەی تیشکدەرەکان .
١٢- جگەرەی ئەلیکترۆنی ، نێرگەلەی ئەلیکترۆنی ، نێرگەلەی ئاسایی و پارچەکانی .
١٣-وێنە و تابلۆ و ئەفلامی سێکسی .

**ماددە(١٧):**

**یەکەم:** کار بە هیچ ڕێنماییەکی تر ناکرێت کە لەگەڵ ماددەو بڕگەکانی ئەم ڕێنماییە ناکۆك بن .
**دووەم:** ڕێنمایی ژمارە (١) ساڵی ٢٠١٧ هەڵدەوەشیتەوە .
**سێیەم:** ئەم ڕێنماییە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان).

**هۆکاری دەرچوونی**

هەناردە و هاوردە یەکێکە لەکارەکان کە ڕۆژانە ئەنجام دەدرێن لە لایەن بازرگان و خاوەن کارەکان سوودی لێوەردەگیرێ لەلایەن هاونیشتمانیانی هەرێمی کوردستان بەڕێژەیەکی بەرچاو و پێویست دەبێ چاودێری و ڕێکخستنەوی بۆبکرێ ، بۆیە بۆئەم مەبەستانەی سەرەوە ئەم ڕێنماییەمان دەرکرد.

**کمال مسلم**
**وەزیری بازرگانی و پیشەسازی**

**وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی**

**ژمارە: ٥٧٦١ لە ٢٠٢١/١٢/١٣**

پاڵپشت بەماددەی (سێیەم ) برگە (دووەم ) لە یاسای وەزارەتی بازرگانی وپیشەسازی هەرێمی کوردستان ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠١٠ی هەموارکراو ، و بۆ پاراستنی مافەکانی بەکاربەر لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتی چاودێری بازرگانی کە بە دواداچوون دەکەن لەو کاڵایانەی لەبازارەکان دەفرۆشرێت و هاووڵاتیان بەکاری دێنن بۆ ڕێگری کردن لە فرۆشتنی کەل وپەلی ساختەو ماوە بەسەرچوو ، ئەم ڕێنماییەی خوارەوەمان دەرکرد.

**ڕێنمایی ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٢١**
**تایبەت بە چاودێری بازرگانی**

**ماددە(١):**

لایەنی دەسەڵاتدار لە چاودێریکردنی بازاڕ لە هەرێمی کوردستان (وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی بازرگانی / بەڕێوەبەرایەتی بازرگانی ناوخۆ / بەڕێوەبەرایەتی چاودێری بازرگانی) دەبێت :

**ماددە(٢): ئەرکەکانی بەڕێوەبەرایەتی چاودێری بازرگانی**

**یەکەم** :

١- پاراستنی هاووڵاتیان لە هەموو چەواشەکارییەك .

٢- پاراستنی تەندروستی و سەلامەتی هاووڵاتیان لە کاتی کڕین و بەکار هێنانی ئەو کاڵایانەی کە کڕیویەتی لەوانە کوالێتی و ماوەی بەسەرچوونی وەك لە خوارەوە دیار کراوە :ـ

أ ـ ئەو زانیاریانەی کە لەسەر کاڵاکان تۆمار کراوە ، دیاری کردنی پێکهاتەی کاڵاکە وە شوێنی بەرهەم هێنان و بەرواری بەسەرچوون دەبێت بە زمانی عەرەبی یان ئینگلیزی نووسراو بێت وە بۆ بەرهەمی ناوخۆ دەبێت زمانی کوردی تێدابێت.

ب ـ ڕێککەوتی بە سەرچوون دەبێت لێزەری بێت نابێت بەدەست لابچێت یاخود دەبێت بەشێوەی هەڵکەندن(حفر) یان بارز بێت .

ج ـ ڕێکەوتی بەسەرچوون لە جۆری لەزگە دەبێت لێکردنەوەی ئەستەم بێت نابێت بە ئاسانی لێبکرێتەوە.

د ـ ڕێکەوتی بەسەرچوون نابێت لە سەر قەپاغ تۆمار کرابێت بەتایبەت ئەوانەی کە لەنێو قوتوون.

هـ ـ یەك کاڵا نابێت دوو ڕێکەوتی بەسەر چوونی هەبێت .

و ـ ئەو کاڵایانەی کە لە ناوخۆ لە قوتوو یان لە نایلۆن دەکرێت دەبێت ڕێککەوتی بەسەرچوونی لێزەریان لەسەر دابنرێت وبەئاسانی نایلۆنەکە هەڵنەپچرێت وجوان کەپس بکرێت.

ز- یەکسان کردنی نرخ لەسەر ڕەفەکان لەگەڵ نرخی (کاشێر ).

**دووەم** : کاڵا پێچراوەکان .
١- کـاڵا پێچراوەکـان دەبێـت ژمـارەی مۆڵـەتی کارگـەو مۆڵـەتی تەندروسـتی و پشـتگیری کـوالێتی کۆنترۆلی هەبێت.
٢- ناونیشـانی شـوێنی کـارکردنی دیـار بێـت وە لۆگـۆی تایبـەتی هـەبێت لـە وەزارەتـی بازرگـانی و پیشەسازی/ بەڕێوەبەرایەتی هێما بازرگانیەکان تۆمار کرابێت .
٣- پێکهاتەی کاڵاکە واتا گشت زانیارییەکان لە سەر نایلۆنەکە یان قوتووەکە تۆمار کرابێت .
٤- ئـەو نـایلۆن و قوتـوو شووشـانەی کـە لـەدەرەوە هـاوردە دەکـرێن دەبێـت بـە ڕەزامەنـدی بەڕێوەبەرایەتی چاودێری بازرگانی بێت و تەنها بەمەبەستی دیاریکراو بەکار بهێنرێـت کارگـە یـان کۆمپانیا بۆی نیە کڕین و فرۆشتنی پێوە بکات.
**سێیەم**: هەر کاڵایەکی پیشەسازی یان کشتوکاڵی یان ئەو کاڵایانەی کـە گۆڕانکاریـان بەسـەردا دێـت لـە کاتی ئیش پێکردن یان نیوە دروستکراوەکان یان مەوادی خام دەبێت بەدوادا چوونی بـۆ بکرێـت لە کێشکردن ئەوەی بەکێشان دەپێورێت یان ئەوەی بە ژمارە هەژمار دەکرێت یان ئـەو کاڵایانـەی پێوەری درێژی و کورتیان مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت .
**چوارەم:**
١- پشتگیری کردن لەوکەسانەی کە لۆگۆو هێمای بازرگانی و ناوی بازرگانیان تۆمار کردووە لەهەرێمی کوردستان و عیراق پاڵپشت بەیاسایی هێمای بازرگانی ژمارە (٢١)ی ساڵی ١٩٥٧ی هەموارکراو.
٢- ڕێگریکردن لەوکەسانەی لۆگۆ و هێمای بازرگانی و ناوی بازرگانی کەسانی تۆمارکراو بەکار دەهێنن.
**پێنجەم** : بەدوادا چـوون لـە کۆگاکـان و مۆڵـەکان و مینـی مارکێـت و سـوپەرمارکێت و دووکانـەکان و گشت ئەوشوێنانەی کە جولەی بازرگانیان تێدا ئەنجام دەدرێت بۆ جێبەجێ کردنی ماددەی (یەکـەم و دووەم)ی ئاماژە پێکراو .
**مادده(٣): دەسەڵاتی سزادان بەم شێوەی خوارەوە دەبێت :**
بە پێی بڕیاری (٨٧)ی ساڵی ( ٢٠١٦ ) وەزارەتی بازرگانی و پیشەسـازی دەسـەڵاتی هەیـە بـە سـزادانی هەرشوێنێك لە(١,٠٠٠,٠٠٠) یەك ملیۆن دینار تاكو (٥,٠٠٠,٠٠٠) پێنج ملیۆن دینار بەم شێوەیەی خوارەوە :
١ـ وەزیری بازرگانی و پیشەسازی لە ( ٣,٥٠٠,٠٠٠ ) سێ ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار تا(٥,٠٠٠,٠٠٠) پێنج ملیۆن دینار
٢- بەڕێوەبەری گشتی بازرگانی لە (١,٥٠٠,٠٠٠) یەك ملیۆن و پینج سـەدهەزار دینـار تـا( ٣,٥٠٠,٠٠٠ ) سـێ ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار.
٣- بەڕێوەبەری چاودێری بازرگانی لە ( ٥٠,٠٠٠) پەنجا هەزار دینار تا( ١,٥٠٠,٠٠٠ ) یەك ملیۆن پێنج سـەد هەزار دینار .
٤- بەرپرسی بنکەکان لە (٥٠,٠٠٠)پەنجاهەزار دینار تا(١,٠٠٠,٠٠٠)یەك ملیۆن دینار.
٥- بەڕێوەبەری چاودێری بازرگانی وە بەرپرسی بنکەکان دەسەڵاتی داخستن هەیە لە (٣) سێ ڕۆژ بـۆ (١٠ ) دە ڕۆژ.

٦- کـار بە حوکمەکـانی مـاددەی ( ٩ و ١٠ ) لە یاسـای پاراسـتنی بەکـاربەر ژمـارە (١)ی سـاڵی ٢٠١٠ لە هەرێمی کوردستان دەکرێت .

**ماددە(٤): رێنمایی داشکاندن**

١-هەر داشکاندنێک کە دەکرێت دەبێت لە پێناو بەرژەوەندی کڕیار بێت نەک هەڵخەڵەتاندنی خەڵک.

٢- لەکاتی داشکاندن دەبێ لە مـاوەی (١٠) رۆژ پـێش داشـکاندن ئاگـاداری بەرێوەبەرایـەتی چـاودێری بازرگانی بکرێت لەگەڵ پێشکەش کردنی لیستی ئـەو کـەل و پەلانـەی داشـکاندنی بـۆ دەکرێـت لـە پێنـاو بەرژەونـدی گشـتی و چـاودێری کردنـی بـێ ئاگـاداری بەرێوەبەرایـەتی چـاودێری بازرگـانی بەسەرپێچی ئەژمار دەکرێت .

٣- دیاریکردنی بڕی ئەو کاڵایانەی کە داشکاندنی بۆ دەکرێت .

٤- دیاریکردنی شوێنی دروستکردنی کاڵاکە ( المنشاء ) .

٥- دیاریکردنی رێکەوتی بەرهەم هێنان و بەسەر چوونی کاڵاکە(تأريخ الأنتاج وإنتهاء مدة الصلاحية)

٦- نابێـت لەبـەردەم ئـەو شـوێنەی کـە داشـکاندنی بـۆ دەکرێـت بنوسـرێت داشـکانی شـێتانە یـان دایدەخەین بە زەرەر دەیفرۆشین ............... هتد .

٧- لـەکاتی ئەنجامـدانی داشـکاندن لـە هەرشـوێنێك ئـەو دەسـتەواژەی کـە لـە بـەردەم شـوێنەکە هەڵواسراوە دەبێت هەمان دەستەواژە بێت لە ژوورەوە بۆ نموونە (لە دەرەوە نووسراوە داشکاندن ٤٠%) کەکڕیار دەچێتە ژوورەوە لەسەر کاڵاکە نووسـراوە داشـکاندن (١٠ %) ئـەم کـردارە تـەنها بـۆ ڕاکێشانی کڕیارە ) .

**ماددە(٥): ڕێنمایی کۆگاکان**

**یەکەم : مەرجە هونەری وئەندازەییەکان**

١- دەبێت کۆگاکان دوور بێت لە قەڵەباڵغی و شوێنی نیشتەجێبوون .

٢- دوور بێت لە ئاوەڕۆ گەورەکان وە شوێنەکەی نزم نەبێت .

٣- دیواری کۆگاکان بە بلۆك دروستکرا بێت وە سەقفی سندویچ پەناڵ بێت وە ئەو کۆگایانـەی کـە بـۆ مەوادی کیمیاوی بەکاردێت کەرەستەی بیناکە بەرگری لە سووتان بکات .

٤- زەوی کۆگاکان صبی کۆنکریتی بێت .

٥- کۆگاکان بەگشتی نابێت لە ئاستی شەقام نزمتر بێت .

٦- دروستکردنی چەند شوێنێکی بچووك لە ناو ئەو کۆگایانەی کە چەند جۆرە کاڵا کۆگا دەکەن .

٧- دانانی کارەبا بڕ ( قاطع ) نزیك دەرگای سەرەکی کۆگا .

٨- بەستانی کارەبا دەبێت بەشێوەی ئەندازەیی بێت .

٩- پێویسـتە گشـت کۆگاکـان هەواگـۆڕکێی هـەبێت بەپێـی جـۆری کـاڵای کۆگـا کـراو بـە شـێوەیەك لەسەعاتێکدا (١٠ تا ٢٠) جار هەوای ناو کۆگا بگۆڕدرێت .

١٠-گەرمی پێو (محرار) لە ناو کۆگا لەچەند شوێنێکی دیار هەبێ .
١١- دانانی پەنجەرە بۆ هەواگۆڕکێ وە پەنجەرەکان بە تێل داپۆشراو بێت بۆ ڕێگرتن لە هاتنە ژوورەوەی زیندەوەر و باڵندە .
١٢-ڕووناك کەرەوەکانی ناو کۆگاکان (گڵۆپ) لە جۆری ئەمین بێت گەرمایی نەدات داپۆشراو بێت وە لە شوێنی بەرز چەسپاو بێت .
١٣- دانانی بلاجیکتۆر لە دەرەوەی کۆگاکان لە چەند شوێنی جیاواز .
١٤- کارەبای کۆگاکان بەشێوەیەکی بەردەوام بێت وە مۆلیدەی تایبەتی هەبێت بەپێی کاڵای عەمبار کراو
١٥- دەبێت دەرگای کۆگاکان گەورە بێت بۆ هاتنە ژوورەوە و چونەدەرەوەی بارهەڵگرەکان .
١٦- ڕێڕەوی ناو کۆگاکان لە (٢م) دوو مەتر کەمتر نەبێت .
١٧- نیشانکردنی ڕێڕەوی ناو کۆگاکان بە بۆیاغ .
١٨- کامێرای چاودێری وە دروستکردنی ژووری پاسەوان لە شوێنێکی گونجاو .
١٩- دابین کردنی فێنککەرەوە بۆ ئەو خۆراکانەی کە پێویستیان بە شوێنی فێنك هەیە.
٢٠- پێویستە کۆگاکانی خۆراك پابەندی ڕێنمایی و مەرجەکانی لایەنی پەیوەندیدار بن کە لە کاتی ڕێگەپێدان ڕەزامەندیان لەسەر داوە.
٢١- گشت کۆگاکان تەبلە (پالیت) دار یان پلاستکیان هەبێت

**دووەم:**

١- ئەو کۆگایانەی کە کاڵای کیمیاوی عەمبار دەکەن پێویستە ئامرازی خۆپاراستن لەوانە (دەستەوانەی تایبەت - پێڵاوی پلاستیکی - کەمامەی تایبەت - صەیدەلی بۆ دانانی ئەو دەرمانانە)ی پێویستیان هەبێ بۆ پاراستنی کارمەندەکان .
٢- هەموو کۆگایەك ژووری تایبەتی هەبێت بۆ هەڵگرتنی ماددەی قرتێنەرەکان یان گرێبەستی هەبێت لەگەڵ کۆمپانیای تایبەتمەند لە بواری لە ناو بردنی قرتێنەرەکان .

**سێیەم:** دانانی ئاگر کوژێنەوە (حریق) لە چەند شوێنی دیاریکراو لەوانە بەتایبەتی تۆپی حەریق و بوتڵی گەورە لە ژێر سەرپەرشتی بەڕێوەبەرایەتی بەرگری شارستانی (الدفاع المدنی) بەپێی جۆری کاڵای کۆگا کراو .

**چوارەم :** دانانی ئامێری ئاگادارکردنەوەی دووکەڵ (إنذار المبکر) .

**پێنجەم:**

١- ئەو خۆراکانەی کە پێویستیان بە پلەی گەرمی نزم هەیە خوار (١٠) پلەی سیلیزی پێویستە شوێنی تایبەتی بۆ دابین بکرێت سارد کەرەوەی تێدا بێت .
٢- نابێت مەوادی کیمیاوی و خۆراك لە یەك شوێن کۆگا بکرێت .
٣- نابێت خواردن و خواردنەوە لە شوێنی گەرم یان بەر خۆر دابنرێت .

٤- كۆگا كردنی خۆراك دەبێت بەپێی تایبەتمەندی و شێوازی دەستەكردن ئەنجام بدرێت بەپێی ڕێنماییەكانی كوالیتی كۆنترۆڵی جۆری یان ستانداردی جیهانی .
٥- دیاریكردنی شوێنی تایبەت بۆ ئەو كاڵایانەی كە دەگەڕێتەوە بۆ كۆگا لە لایەن كڕیارەكان كە ماوەیان بە سەر چووە دووربێت لەو شوێنە و بنووسرێت شوێنی گەڕاوەكان و شوێنی ماوە بەسەرچووەكان .
٦- ئەو كۆگایانەی كە مەوادی فەل دەكەنە ناو فەردە یان نایلۆنی چاپكراو (لۆگۆ یان هەر نووسینێك)ی لە سەر بێت پێویستە مۆڵەتی لایەنی پەیوەندیداری هەبێت .
٧- ئەو كرێكارانەی كە لە كۆگاكان كار دەكەن پێویستە كارتی كاركردنی (كارت عمل)و كارتی تەندروستیان هەبێت وە كرێكارە بیانیەكانیش دەبێت كارتی نیشتەجێ بوونیان هەبێت بەپێی ئەو ڕێنماییانەی كە لە وەزارەتە تایبەتمەندەكان دەردەچێت .
٨- كۆمپانیا بازرگانیەكان بواری هاوردە و هەناردە دوای دامەزراندنی كۆمپانیا لە بەڕێوەبەرایەتی تۆماری كۆمپانیاكان پێویستە لەلایەن لیژنەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بازرگانی/ بەڕێوەبەرایەتی بازرگانی ناوخۆ / بەڕێوەبەرایەتی چاودێری بازرگانی كەشفی كۆگایان بۆ بكرێت مۆڵەت و ژمارەی كۆگای بۆ دیاری بكرێت .
٩- ناساندنی كۆگا بە هەڵواسینی تابلۆ وە دیاریكردنی ئەم زانیاریانە :
أ ـ ژمارەی مۆڵەت .
ب ـ ناوی خاوەن كۆگا .
ج ـ ناوی كۆمپانیا .
د ـ جۆری پیشە .
هـ ـ ژمارەی مۆبایل .
و ـ دەفتەری سەردانیان هەبێت وە لە بەڕێوەبەرایەتی چاودێری بازرگانی ختم كرا بێت .

**مادده(٦): ڕێنمایی ئارایشتگاكان**

١- ئارایشتگا مۆڵەتی پیشەیی هەبێت لە وەزارەتی كاروكاروباری كۆمەڵایەتی وە مۆڵەتی تەندروستی لە وەزارەتی تەندروستی وە كارمەندەكانی بە هەمان شێوە مۆڵەتیان هەبێت .
٢- ڕووبەری شوێنی ئارایشتگای پیاوان لە (١٢) دوازدە مەتر كەمتر نەبێت وە لەدوو كورسی زیاترنەبێت بۆ زیاد بەكار هێنانی هەر كورسیەك دەبێت (٦) شەش مەتر لە ڕووبەری زیاد بكات .
٣-ڕووبەری شوێنی ئارایشتگای ژنان لە (١٦) شازدە مەتر كەمتر نەبێت وە لە دوو كورسی زیاتر نەبێت بۆ زیاد بەكار هێنانی هەر كورسیەك دەبێت (٨) هەشت مەتر لە ڕووبەری زیاد بكات .
٤- دەبێت شوێنی ئارایشتگا بە بلۆك یان كەرپوچ (خشت) دروستكراوبێت وەسەقفی صەبی كۆنكرێتی بێت .

٥- دەبێت دیوارو سقفی بۆیاغکراو بێت یان داپۆشراو بێت بە دیکۆری نوێ .

٦- ئارایشتگا دەبێت ئامرازی شوشتنی هەبێت وە ئاوی گەرم بەکار بهێنێت وە ئاوەکە لە ئاوەڕۆ دەربچێت .

٧- پێشەوەی شوێنی ئارایشتگا لە ماددەیەکی باش دروستکراوبێت باشتر وایە ئەلەمنیۆم یان شوشە بێت بۆ ئاسان خاوێنکردنەوە .

٨- ئارایشتگا دەبێت هەوا گۆڕ (مفرغە)ی هەبێت بە ئەندازەی شوێنەکەی .

٩- ئارایشتگا دەبێت ئامرازی گەرمی و ساردی هەبێت (تدفیئە و تبرید) بەپێی پێویستی شوێنەکەی .

١٠- دەبێت دەرمانخانەی هەبێت .

١١- لە ئارایشتگاکانی پیاوان و ژنان دەبێت نرخی ڕازاندنەوە لەشوێنێکی دیار هەڵواسن وە نرخەکەی دیاری بکرێت .

١٢- ڕێگا نادرێت بە فرۆشتنی مەوادی جوانکاری لە ئارایشتگاکان .

١٣- مانگانە بەڕێوەبەرایەتی چاودێری بازرگانی نرخی ئارایشتگاکان دیاری دەکات بە هەماهەنگی لەگەڵ یەکەی کارگێڕی (قایمقامیەت ـ ناحیەکان) .

١٤- ئەم ئارایشتگانەی کە بەر لە ڕێنماییەکان دروست کراون و گونجاو نین و بەپێی مەرجەکان نین لە دەسەڵاتی بەڕێوەبەری گشتی بازرگانیە ڕەزامەندی بدات بەمەرجێك ڕەچاوی خاڵەکانی تری کردبێت.

**ماددەی (٧):**

ئەم ڕێنماییە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان).

**هۆکاری دەرچوونی ئەم ڕێنماییە**

لەبەر نەبوونی یاسای ڕێکخستنی چاودێری بازرگانی لە هەرێمی کوردستان و پاراستنی تەندروستی و سەلامەتی هاوولاتیان و پاراستنی هاوولاتی لە خۆراک و کەل و پەلی ماوە بە سەرچوو یەکخستنی نرخ و چاودێری کردنی بازاڕ و پاراستنی مافی بەکاربەر و یەکخستنی ڕسوماتی سەرپێچیەکان ئەم ڕێنماییەمان دەرکرد.

**کمال مسلم**

**وەزیری بازرگانی و پیشەسازی**

**دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە**

**بەیـانی**

**ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢١**

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (١٠)ی یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٠ ی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە و ماددەی (٨)ی یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ١٩٩٩ی یاسای بڵاوکردنەوە لە رۆژنامەی رەسمیی(وەقایعی کوردستان) ئەم بەیانەمان دەرکرد:

**یەکەم:** زیادکردنی پاشکۆی ژمارە (٢) و پاشکۆی ژمارە (٣)، بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی بۆ رێنمایی ژمارە(١)ی ساڵی ٢٠٢١ تایبەت بەڕاو، کە بەهۆی هەڵەی چاپ و پەڕینەوە بڵاونەبۆتەوە لە ژمارە (٢٧٥)ی وەقایعی کوردستان.

**دووەم:** زیادکردنی (کلۆریدی فینیل: ٥٠٠گرام/تەن) بۆ خشتەی خاڵی(٧) بە زمانی کوردی لە پاشکۆی ژمارە(٤ - أ)ی رێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢١ پاراستن و چاککردنی هەوا ، کە بەهۆی هەڵەی چاپ و پەڕینەوە بڵاونەبۆتەوە لە ژمارە (٢٧٥)ی وەقایعی کوردستان.

**سێیەم** :ئەم بەیانە لە ڕێکەوتی بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) کاری پێدەکرێت .

**ئەندازیار/ عبدالرحمن صدیق**
**سـەرۆکی دەسـتە**

**پاشکۆی (٢) باڵندە کێویەکان (الطیور البریة )**

| ژ | ناوی کوردی<br>الاسم الكردی | ناوی عەرەبی<br>الاسم العربی | ناوی ئینگلیزی<br>الاسم الانجلیزی | ناوی زانستی<br>الاسم العلمی | نرخی یەك دانە بە دینار<br>سعرالعدد الواحد بالدینار |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | شەهێن | شاهین | Peregrrine Falcon | Falco peregrines | ١٠ ملیون |
| ٢ | باڵەبان | الصقر الغزال | Saker Falcon | Falco cherrug | ١٠ ملیون |
| ٣ | سێ کوژە | شاهین مغربی | Barbay Falcon | Falco pelegrinoides | ١٠ ملیون |
| ٤ | لەیل | شویهین (البیق) | Hobby | Falco subbuteo | ١٠ ملیون |
| ٥ | لاجین | الصقر الحر | Lanner falcon | Falco biarmicus | ١٠ ملیون |
| ٦ | هەموو جۆرەکانی هەڵۆ- بازەکان – باشوکەکان- شەهێنەکان- دالاشەکان- شەم قارەکان- هەلۆیەکان - هەڵۆی ماسی گیر<br>انواع الشاهین – الصقور – النسور | | | | ١٠ ملیون |
| ٧ | شینە قورنگ | الکرکری الرمادی | Common Carne | Grus grus | ٣ ملیون |
| ٨ | چرك | حباری | Houbara Bustard | Chlamydotis undulate | ٥ ملیون |
| ٩ | قوی بێدەنگ | التم الصامت | Mute Swan | Cygnus olor | ٣ ملیون |
| ١٠ | هەموو جۆرەکانی قوو | | | | ٢ ملیون |
| ١١ | فلامینکو (سوورە قورینگ) | النعام الکبیر | Greater Flamingo | Phoenicopterus roseus | ٣ ملیون |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٢ | مریشكە كێوی | طهويج اسو قفقازی | Caucasian Black grouse | Lyrurus Mlokosiewiczi | ٥٠٠,٠٠٠ |
| ١٣ | كەڵك سپی | البجع الابيض | Pelican White | Pelrcanus onocrotalus | ٣ مليون |
| ١٤ | بوكەس | الوزة الحمراء | Red brerasted Goose | Branta ruficollis | ٢ مليون |
| ١٥ | هەموو جۆرەكانی قاز | انواع البط | | | ١ مليون |
| ١٦ | كەوی دەری | تدرج الثلج القزوينی | Snowocok | Tetraogallus caspius | ٥ مليون |
| ١٧ | پۆر | حجل او درج اسود | Black Francolin | Francolinus francolinus | ٣٠٠,٠٠٠ |
| ١٨ | زرە پۆر | حجل درج رمادی | Grey Partride | Francolinus pondicerianus | ٣٠٠,٠٠٠ |
| ١٩ | حاجی لەق لەق | لقلق ابيض | White Stork | Ciconia ciconia | ١ مليون |
| ٢٠ | قشقەڵە سوورە | العقع الاحمر | Pleskes Groundjay | Podoces pleskie | ٥٠,٠٠٠ |
| ٢١ | جۆرەكانی تری قاز – قازووندنوكزەرد- قازوومە- قژاوكە- قشقەڵە-قەڵەبەكە- قەلەرەشە | | | | ٥٠,٠٠٠ |
| ٢٢ | سوورەقانك | بط ابو فروة | Ruddy Shelduck | Tadorna ferruginea | ٥٠٠,٠٠٠ |
| ٢٣ | ئەحمەد راوكەر دەندەك بارێك | الكراونی الماء رفيح المنقار | Slender – billed Curlew | Numenius tenuirostris | ٣٠٠,٠٠٠ |
| ٢٤ | تاوسە (مریشكی زەلكاو) | ارجوانی فرفر (البرهان) (سحنون) | Purple Gallinule | Porphyrio Porphyrio | ١٠٠,٠٠٠ |
| ٢٥ | مراوی سەرسپی | ابو مروحة – بط ابيض | White Headed Duck | Oxyura Leucocephala | ٤٠٠,٠٠٠ |
| ٢٦ | مراوی سپیلكە | شرشير الخطط | Marbled Teal | Mamaronetta angustirostris | ١٥٠,٠٠٠ |
| ٢٧ | مينا | مينة اعتيادی | Common Mynah | Acridotheres tristis | ٤٠٠,٠٠٠ |
| ٢٨ | هەموو جۆرەكانی مراوی | | | | ١٠٠,٠٠٠ |
| ٢٩ | كەو | الحجل الرمادی - القبج | Chukar | Alectoris chukar | ١٥٠,٠٠٠ |
| ٣٠ | زەركەو | الحجل | Common partridge | Perdix perdix | ١٥٠,٠٠٠ |
| ٣١ | سوێسكە | الحجل سی سی | See-see prtiridge | Ammoperdix grisoegularis | ١٥٠,٠٠٠ |
| ٣٢ | هەوێردە | السمان(السلوی) | Quail | Coturnix coturnix | ١٥٠,٠٠٠ |
| ٣٣ | كور كورەی بەرزگ خەیی | قطا ليشتنستين | Lichtensteins Sandgrouse | Pterocles lichtensteinii | ١٠٠,٠٠٠ |
| ٣٤ | هەموو جۆرەكانی قەتێ | | | | ١٠٠,٠٠٠ |
| ٣٥ | كۆترە شينە | حمام جبلی | Rock Dove | Columba Livia | ١٠٠,٠٠٠ |
| ٣٦ | هەموو جۆرەكانی كۆتر-كۆترە گايە-كۆترە نەخشينە-قومری رۆژهەڵاتی | | | انواع الحمام | ١٠٠,٠٠٠ |
| ٣٧ | رەشۆڵە | الزرزورالشائع | Starling | Sturnus Vulgaris | ١٠٠,٠٠٠ |
| ٣٨ | بلبل خورما | بلبل التمر | Nhitc-eared bulbul | Himalayan bulbul | ٣٠,٠٠٠ |
| ٣٩ | بوكە سور | طائر الحسون | Coldfinch | Carduelic | ٣٠,٠٠٠ |

**پاشکۆی (٣): (وشکاویەکان):**

| نرخی یەك دانە بە دینار<br>سعرالعدد الواحد بالدينار | ناوی زانستی<br>الاسم العلمى | ناوی ئینگلیزی<br>الاسم الانجليزى | ناوی عەرەبی<br>الاسم العربى | ناوی کوردی<br>الاسم الكردى | ژ |
|---|---|---|---|---|---|
| 200 000 | Acanthobrama centisquama | ...................... | اكانثوبراما | ...................... | ١ |
| 200000 | Albumoides bipunctatus | ...................... | النوع | ...................... | ٢ |
| 100 000 | Barbus sharpeyi | ...................... | بني | ...................... | ٣ |
| 100 000 | Barbus xanthopterus | ...................... | كطان | ...................... | ٤ |
| 300 000 | Barbus kersin | ...................... | جصان | ...................... | ٥ |
| 100 000 | Barbus grypus | ...................... | شبوط | ...................... | ٦ |
| 500 000 | Barbus esocinus | ...................... | بز | ...................... | ٧ |
| 300000 | Caecocypris bsimi | ...................... | سمك اعمى | ...................... | ٨ |
| 100 000 | Chondrostoma regium | ...................... | بلعوط الملكي | ...................... | ٩ |
| 100 000 | Leuciscus spurious | ...................... | برعان هجين | ...................... | ١٠ |
| 100 000 | Typhlogarra widdosoni | ...................... | سمك اعمى | ...................... | ١١ |
| 100 000 | Barbus luteus | ...................... | حمري | ...................... | ١٢ |
| 500000 | Refetus euphraticus | ...................... | رفش | ...................... | ١٣ |

---

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە: ٢٥٧٩٢ لە ٢٠٢١/١٢/١٩**

## بەیانی ژمارە (٣٥)ی ساڵی ٢٠٢١
## گواستنەوەی گوندی شێخالک

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و ماددەی شەشەم بڕگە سێزدەیەم لە یاسای پارێزگاکانی هەرێم ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ی هەموارکراو ، و ڕێنمایی وەزارەتی ناوخۆ تایبەت بە فراوانکردنی و هێنانەکایە و گواستنەوەی شوێنی گوندەکان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٥ی هەموارکرا و ئاماژە بە نووسراوی پارێزگای دهۆک ژمارە (٥٩٠٧ لە ٢٠٢١/١١/١) و بڕیاری ئەنجومەنی پارێزگای دهۆک ژمارە (١٩)ی ساڵی ٢٠٢١ ، لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندابە:

**یەکەم:** گواستنەوەی گوندی (**شێخالک**) و چەسپاندنی لەسەر نەخشەی گادسترۆ لە سنووری ناحیەی دارەتوو/قەزای بەردە ڕەش لە پارێزگای دهۆک بە ڕووبەری (١٣٣ دۆنم و ٤ ئۆلک) سەد و سی وسێ دۆنم و چوار ئۆلک لەسەر پارچە زەوی ژمارە (٦/١-٨/١) لە کەرتی ٥٢/شێخالک بەردە ڕەش) وەک لە نەخشەی هاوپێچی نووسراوی پارێزگای دهۆک لەسەرەوە هاتووە بەپێی یاسا کاری کوژانەوە و دەست هەڵگرتن بکرێت .

**دووەم:** ئەم بەیانە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) کاری پێدەکرێت.

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە: ٢٥٧٩٧ لە ٢٠٢١/١٢/١٩**

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و ئەحکامی بڕگەی (ت) لە بەشی (٣٦) لە یاسای هاتووچۆ ژمارە (٨٦)ی بەرکار لە هەرێمی کوردستان بڕیارماندا بە دەرچواندنی ئەم بەیانە:

**بەیانی ژمارە (٣٦)ی ساڵی ٢٠٢١**

**بەیانی دیاریکردنی شێواز و قەبارە و ڕەنگی تابلۆی ژمارەی کاتی نوێ**

**ماددەی (١):**

١- تابلۆی ژمارە کاتی هەرێمی کوردستان بە ڕەنگی سپی دەبێت.

٢- درێژی تابلۆ (٣٢٠ ملم) و پانی (١٦٠ملم) و ئەستوری (١ملم) دەبێت کە لە پێکهاتەی ئەلمنیۆم دروستکراوە و بە پێکهاتەی (PVC) شەوقدراوی سپی رووپۆش کراوە و لە لای راستی خوارەوەی تابلۆ هێمای بەرێوەبەرایەتی گشتی هاتووچۆ بە هێلۆگرامی فسفۆری چەسپێنراوە.

**ماددەی (٢):**

تابلۆی نوێ کاتی ئەم پیت و ژمارانەی خوارەوە بە زمانی ئینگلیزی تێدا چاپ دەکرێت:

١- هێمای (IRQ) کورتکراوەی (IRAQ) لە لای چەپی سەرەوەی تابلۆ.

٢- هێمای (KR) کورتکراوە (Kurdistan Reginal)لەژێر هێما (IRQ) لەلای چەپی خوارەوەی تابلۆ.

٣- کۆدی (21) وەك هێمای پارێزگای سلێمانی و کۆدی (22) وەك هێمای پارێزگای هەولێر و کۆدی (23) وەك هێمای پارێزگای هەڵەبجە و کۆدی (24) وەك هێمای پارێزگای دهۆك.

٤- هێمای ( - ) بۆ جیاکردنەوەی هێمای پارێزگا و ساڵی دەرچوون.

٥- ژمارەی (22) وەك ئاماژە بە ساڵی چاپکردن و ئەم ژمارەیە ساڵانە دەگۆر درێت وەك هێمای ساڵانی دواتر.

٦- بڕگەکانی (٣-٤-٥-٦) لە لای سەرەوەی تابلۆ بەشێوەیەکی ئاسۆیی چاپ دەکرێت.

٧- زنجیرەی تابلۆ لە ژمارە (١) دەست پێ دەکات لە (١/١)ی هەموو ساڵێك تاکو (١٢/٣١)ی هەموو ساڵێك و ساڵانی دواتر لە زنجیرە ژمارە (١) دەست پێ دەکاتەوە.

**ماددەی (٣):**گشت ووشە و پیتی تابلۆکان بە رەنگی سوور چاپ دەکرێت.

**ماددەی (٤):**تابلۆی ژمارە کاتی پێویستە بەپێی ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢١ تایبەت بە گرێبەستی ئەلیکترۆنی ئۆتۆمبێل بگۆڕدرێت بۆ هەمیشەیی.

**ماددەی (٥):**

١- بڕی (٣٠،٠٠٠) سی هەزار دینار بۆ هەرجووت تابلۆیەك وەردەگیرێت.

٢- بـڕی (٥،٠٠٠) پێـنچ هەزار دینـار بـۆ لێـدانی چـوار برغـوی سـیکیورێتی بـۆ هەر جـووت تـابلۆیەك وەردەگیرێت .

٣- بڕی (٥،٠٠٠) پێنچ هەزار دینار وەك رسوماتی کارگێری وەردگیرێت.

٤- ئەو بڕە پارانەی کە لە برگەی (٣،٢،١)ی سەرەوە دیاری کراون دەخرێتە سەر حیسـابی پـەرەپێـدانی پارێزگاکان.

**ماددەی (٦):**

١- تابلۆی ژمارە کاتی سلێمانی لە بەرێوەبەرایەتی هاتووچۆی پارێزگـای سـلێمانی چـاپ دەکرێـت و رەوانەی دەروازەی نێودەوڵەتی (باشـماخ و پەروێزخـان) و فرۆکەخـانەی نێـودەوڵەتی سـلێمانی دەکرێت بە مەبەستی بەکارهێنانی بۆ ئۆتۆمبێلی هاوردە کراو.

٢- تابلۆی ژمارە کـاتی هەولێـر لە بەرێـوەبەرایەتی هـاتووچۆی پارێزگای هەولێـر چـاپ دەکرێـت و رەوانەی دەروازەی نێودەوڵەتی (حاجی ئۆمەران) و فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێـر دەکرێـت بە مەبەستی بەکارهێنانی بۆ ئۆتۆمبێلی هاوردە کراو.

٣- تـابلۆی ژمـارە کـاتی دهـۆك لە بەرێـوەبەرایەتی هـاتووچۆی پارێزگـای دهـۆك چـاپ دەکرێـت و رەوانەی دەروازەی نێودەوڵەتی (أبراهیم خلیل) دەکرێت بە مەبەستی بەکارهێنانی بۆ ئۆتۆمبێلی هاوردە کراو.

**ماددەی (٧):** دیزاینی تابلۆی کاتی بەپێی هەر چوار پاشکۆی ژمارە (٤،٣،٢،١)ی ئەم بەیانە دەبێت.

**ماددەی (٨):** ئەم بەیانە لە ٢٠٢٢/١/١ جێبەجـێ دەکرێـت و لە رۆژنـامەی فەرمـی (وەقـایعی کوردسـتان) بڵاودەکرێتەوە.

**رێبەر ئەحمەد**
**وەزیـری ناوخۆ**

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە: ٢٥٩٨١ لە ٢٠٢١/١٢/٢٠**

بەپێـی ئەو دەسـەڵاتەی پێمانـدراوە لە یاسـای وەزارەتـی نـاوخۆ ژمـارە (٦)ی سـاڵی ٢٠٠٩ لەبەر بەرژەوەندی گشتی و دوابەدوای بەیانی مۆڵەتی شۆفێری نێـودەوڵەتی ژمـارە (١١)ی سـاڵی ٢٠٢١ کە لە رۆژنامەی وەقایعی کوردستان ژمارە (٢٦٤) لە ٢٠٢١/٤/١٣ بڵاوکراوەتەوە بریارماندا بە دەرچواندنی ئەم بەیانەی خوارەوە :

**بەیانی ژمارە (٣٧)ی ساڵی ٢٠٢١**

**هەمواری یەکەمی بەیانی دەرهێنانی مۆڵەتی شۆفێری نێو دەوڵەتی ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠٢١**

**ماددەی (١):** هەموارکردنی ماددەی (٣) لە بەیانی سەرەوە و ئەم دەقەی خوارەوە جێگای دەگرێتەوە :

**ماددەی (٣):**

١- دەرچوواندنی مۆڵەتی شوفێری نێودەوڵەتی بە واژووی بەرێوەبەری گشتی هاتووچۆی هەرێمی کوردستان و بەرێوەبەری هاتووچۆی پارێزگاکانی ( هەولێر و سلێمانی و دهۆک ) دەبێت .

٢- هیچ گۆرانکارییەک لە سیستەمی ئەلیکترۆنی مۆڵەتی نێودەوڵەتی یان دیزاینی مۆڵەت ناکرێت بەبێ رەزامەندی وەزارەتی ناوخۆ .

**ماددەی (٢):**

ئەم بەیانە لە رۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**رێبەر ئەحمەد**

**وەزیـری ناوخۆ**

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە: ٢٦٠٦٢ لە ٢٠٢١/١٢/٢١**

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩و ماددەی (٧٧) لە یاسای شێوازی دادگای هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە (١٧)ی ساڵی ٢٠٠٨ ، بریارماندا بە دەرچوواندنی ئەم بەیانە

**بەیانی ژمارە (٣٨)ی ساڵی ٢٠٢١**

**بەیانی هێنانەکایەی دادگای پێداچوونەوەی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و فەرمانگەی داواکاری گشتی لە وەزارەتی ناوخۆ**

**ماددەی (١):** هێنانەکایەی دادگای پێداچوونەوەی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لە وەزارەتی ناوخۆ.

**ماددەی (٢):** ئەم دادگایە بەم شێوەیەی خوارەوە پێك دێت:

**یەکەم:** سەرۆکی دادگا: ئەفسەرێك سەرۆکایەتی دەکات کە دەرچووی کولێژی یاسا بێت و پلەی (لیوا) بێت و شارەزا بێت لە بواری دادگایی کردن.

**دووەم:** دوو جێگری سەرۆکی دادگا: ئەفسەر بن وپلەیان لە (عمید) کەمتر نەبێت و دەرچووی کولێژی یاسا بن .

**سێیەم:** چوار ئەندامی ڕەسەنی دادگا: پلەیان لە (عمید) کەمتر نەبێت و دەرچووی کولێژی یاسا بن.

**چوارەم:** دوو ئەندامی یەدەکی دادگا: پلەیان لە (عمید) کەمتر نەبێت و دەرچووی کولێژی یاسا بن .

**ماددەی (٣):**بارەگای دادگا لە پارێزگای هەولێر دەبێت -

**ماددەی (٤):**هێنانەکایەی فەرمانگەی داواکاری گشتی لە وەزارەتی ناوخۆ.

**ماددەی (٥):**فەرمانگەی داواکاری گشتی ئەفسەرێك سەرۆکایەتی دەکات کە پلەی لە (عمید) کەمتر نەبێت و دەرچووی کولێژی یاسا بێت.

**ماددەی (٦):**فەرمانگەی داواکاری گشتی بەم شێوەیەی خوارەوە پێك دێت:

**یەکەم:** سەرۆکی فەرمانگەی داواکاری گشتی دەبێتە داواکاری گشتی ڕەسەن لە دادگای پێداچوونەوەی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ.

**دووەم:** سەرۆکی فەرمانگەی داواکاری گشتی جێگرێکی دەبێت کە لە کاتی ئامادەنەبوونی دەبێتە سەرۆکی داواکاری گشتی و داواکاری رەسەن لە دادگای پێداچوونەوەی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ.

**سێیەم:** دوو داواکاری گشتی ڕەسەن و دوو داواکاری گشتی یەدەك دەبنە نوێنەری مافی گشتی لە دادگای هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ کە پلەیان لە (عقید) کەمتر نەبێت و دەرچووی کولێژی یاسا بن .

**ماددەی (٧):**فەرمانگەی داواکاری گشتی پەیوەست دەکرێت بە وەزیری ناوخۆ.

**ماددەی (٨):** پەیکەری ڕێکخستنی دادگای پێداچوونەوەی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و فەرمانگەی داواکاری گشتی لە وەزارەتی ناوخۆ لە لایەن لیژنەی تایبەت بە پەیکەری ڕێکخستن لە وەزارەت دادەڕێژێت.

**ماددەی (٩):** پێناسەی کار (الوصف الوظيفي) بۆ دادگای پێداچوونەوەی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و دادگای هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و فەرمانگەی داواکاری گشتی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ بە پێی ستانددەردی (i s o 9001- 2015) دادەڕێژێت پاڵپشت بە یاسا پەیوەندیدارەکان .

**ماددەی (١٠):** ئەم بەیانە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان بڵاودەکرێتەوە.

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیـری ناوخۆ**

---

**وەزارەتی ناوخۆ**
**ژمارە: ٢٦٠٧٩ لە ٢٠٢١/١٢/٢١**

**بەیانی ژمارە (٣٩)ی ساڵی ٢٠٢١**
**هێنانەکایەی گوندی باساما**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و ماددەی شەشەم بڕگە سێزدەیەم لە یاسای پارێزگاکانی هەرێم ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ی هەمواركراو ، و ڕێنمایی وەزارەتی ناوخۆ تایبەت بە فراوانکردنی و هێنانەکایە و گواستنەوەی شوێنی گوندەکان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٥ی هەموارکرا و ، و ئاماژە بەنووسراوی پارێزگای دهۆک ژمارە (٥٩٠٩) لە ٢٠٢١/١١/١ و بڕیاری ئەنجومەنی پارێزگای دهۆک ژمارە (١٧)ی ساڵی ٢٠٢١ و لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندابە:

**یەکەم:** هێنانەکایەی گوندی (**باساما**) و چەسپاندنی لەسەر نەخشەی گادستڕۆ لە سنووری ناحیەی دینارتە/قەزای ئاکرێ لە پارێزگای دهۆک بە ڕووبەری (١٥ دۆنم و ٣ ئۆلک) پازدە دۆنم و سێ ئۆلک لەسەر پارچە زەوی ژمارە (٢/٢٦) لە کەرتی ١٣/دینارتە) وەک لە نەخشەی هاوپێچی نووسراوی پارێزگای دهۆک لەسەرەوە هاتووە بەپێی یاسا کاری کوژانەوە و دەست هەڵگرتن بکرێت .

**دووەم:** ئەم بەیانە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) کاری پێدەکرێت.

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیـری ناوخۆ**

**جمهورية العراق**
**اقليم كوردستان**
**الرئيس**

**قرار رقم (١٥) لسنة ٢٠٢١**

وفقا للصلاحيات الممنوحة لنا في الفقرة (الاولى) من المادة (العاشرة) لقانون رئاسة إقليم كوردستان رقم (١) لسنة ٢٠٠٥ المعدل، بعد إعادة القانون الى البرلمان بقرار رئاسة إقليم كوردستان المرقم (١٠) لسنة ٢٠٢١، لإعادة النظر في المادة (٤) من تعديل القانون، وبناءاً على ما شرعه برلمان كوردستان في جلسته الاعتيادية المرقم (٦) بتاريخ ٢٠٢١\١١\٩، قررنا إصدار:

**قانون رقم (٨) لسنة ٢٠٢١**
**قانون التعديل الأول لقانون حقوق وامتيازات المعاقين وذوي الاحتياجات الخاصة في إقليم كوردستان ـ العراق رقم (٢٢) لسنة ٢٠١١**

**المادة (١):**

يعدل عنوان (القانون رقم (٢٢) لسنة (٢٠١١) قانون حقوق وامتيازات المعاقين وذوي الاحتياجات الخاصة في إقليم كوردستان ـ العراق) ويقرأ على الوجه الآتي:

**((قانون حقوق وامتيازات المعاقين وذوي الاحتياجات الخاصة وقصار القامة في إقليم كوردستان ـ العراق.))**

**المادة (٢):**

**أولاً**: تعدل الفقرة (**رابعاً**) من المادة (**الأولى**) من القانون، وتقرأ على الوجه الآتي:

(**رابعاً**: **المجلس**: مجلس رعاية المعاقين وذوي الاحتياجات الخاصة وقصار القامة).

**ثانياً**: تعدل الفقرة (**سادساً**) من المادة (**الأولى**) من القانون، وتقرأ على الوجه الآتي:

(**سادساً**: **المعاق**: كل شخص مصاب بعجز طويل الأمد، سواءً كان بدنياً أم عقلياً أم ذهنياً أم حسياً، بصورة كلية أو جزئية، بحيث يكون مانعاً أو أكثر يحول دون مشاركته في المجتمع بصورة طبيعية على غرار الأشخاص الآخرين).

**ثالثاً**: تضاف فقرة بتسلسل (**سابعاً**) إلى المادة (**الأولى**) من القانون ويعاد تسلسل الفقرات اللاحقة تباعاً، وتقرأ على الوجه الآتي:

(**سابعاً**: **قصير القامة**: الشخص الذي يكون مستوى طول قامته قصيراً بشكل غير عادي بسبب اختلال في نظام نموه، ويحدد ذلك بقرار لجنة طبية مختصة).

**رابعاً**: تعدل الفقرة (**سابعاً**) من المادة (**الأولى**) من القانون، وتصبح الفقرة (**ثامناً**) وفقاً للتسلسل الجديد، وتقرأ على الوجه الآتي:

(**ثامناً**: **الهوية**: وثيقة خاصة تصدرها الوزارة للتعريف بالمعاق وذوي الاحتياجات الخاصة وقصار القامة، ويستفيد حاملها من الحقوق والامتيازات التي يمنحها هذا القانون).

**خامساً**: تعدل الفقرة (**عاشراً**) من المادة (**الأولى**) من القانون، وتصبح الفقرة (**حادي عشر**) وفقاً للتسلسل الجديد، وتقرأ على الوجه الآتي:

(**حادي عشر**: **مراكز الإيواء**: المراكز التي تأوي المعاقين وذوي الاحتياجات الخاصة وقصار القامة، ممن ليس لديهم مأوى وبحاجة لمن يرعاهم).

**سادساً**: تضاف فقرة بتسلسل (**ثاني عشر**) إلى المادة (**الأولى**) من القانون، وتقرأ على الوجه الآتي:

(**ثاني عشر**: الصندوق: صندوق الإعانات لرعاية المعاقين وذوي الاحتياجات الخاصة وقصار القامة).

المادة (٣)

تعدل الفقرتان (**ثانياً**) و(**ثالثاً**) من المادة (**الثالثة**) من القانون وتقرأن على الوجه الآتي:

**ثانياً**: ممثلين عن الوزارات الآتية على أن لا تقل درجة أي منهم عن مدير عام:

١- التعليم العالي والبحث العلمي.

٢- التربية.

٣- الصحة.

٤- الثقافة والشباب.

٥- المالية والاقتصاد.

٦- البلديات والسياحة.

**ثالثاً**: ممثل عن إحدى جمعيات المعاقين وذوي الاحتياجات الخاصة وقصار القامة، تختاره هذه الجمعيات فيما بينها.

**المادة (٤):**

تعدل الفقرتان (**ثانياً**) و(**ثالثاً**) من المادة (**السادسة**) من القانون، وتقرأ على الوجه الآتي:

**ثانياً:**

١- يستحق المشمولون بأحكام الفقرة (أولاً) من هذه المادة، من الموظفين المعاقين، مخصصات بدل إعاقة وفق النسب التي يقررها مجلس الوزراء بما يعادل (٣/٢) ثلثي إعانة الحماية الاجتماعية.

٢- يحق للمشمولين بأحكام الفقرة (أولاً) من هذه المادة، من الموظفين المتقاعدين، بغض النظر عن مصادر دخلهم، تسلم معونة بدل إعاقة من شبكة الحماية الأجتماعية تعادل (٣/٢) ثلثي إعانة الحماية الاجتماعية.

**ثالثاً:** يستحق المشمولون بأحكام الفقرة (أولاً) من هذه المادة، من الأشخاص ذوي الدخل المعدوم، بدل إعاقة يعادل (٣/٢) ثلثي إعانة الحماية الاجتماعية إضافة إلى إعانة أخرى تحدد على الوجه الآتي: (إعانة الحماية الاجتماعية × نسبة العجز)

**المادة (٥):**

تضاف فقرة بتسلسل (**رابعاً**) إلى المادة (**التاسعة**) من القانون، وتقرأ على الوجه الآتي:

**رابعاً**: وضع مناهج خاصة حول المعاقين وذوي الاحتياجات الخاصة وقصار القامة في المناهج التربوية.

**المادة (٦):**

تعدل الفقرة (**رابعاً**) من المادة (**العاشرة**) من القانون وتضاف فقرتان بتسلسل (**خامساً**) و(**سادساً**) إلى تلك المادة، وتقرأ على الوجه الآتي:

**رابعاً**: يلتزم أصحاب المشاريع الخاصة بتشغيل نسبة من المعاقين وذوي الاحتياجات الخاصة وقصار القامة في مشاريعهم، بما يتناسب مع قدراتهم ومؤهلاتهم، مع التأهيل والتدريب الملائم لهم بما ينسجم ومتطلبات العمل، وتتحمل الحكومة نصف أجورهم الشهرية لمدة (٣) ثلاث سنوات مع مراعاة أحكام المادة (السادسة) من هذا القانون.

**خامساً**: لا يجوز حرمان الشخص المعاق وذوي الاحتياجات الخاصة وقصار القامة من فرص التوظيف أو العمل بسبب أوضاعهم إذا كانوا يتمتعون بقدرات ومؤهلات لإداء الوظيفة أو العمل.

**سادساً**: يحق للمعاق وذوي الاحتياجات الخاصة وقصار القامة الحصول على إجازة السياقة بموجب التعليمات النافذة.

**المادة (٧):**

تضاف فقرة للمادة (**الحادية عشرة**) من القانون بتسلسل (**خامساً**) وتقرأ على الوجه الآتي:

**خامساً**: تلتزم الجهات التي تنفذ المشاريع السكنية، بالتنسيق مع الوزارة، بتخصيص نسبة معينة من الوحدات السكنية للمعاقين وذوي الاحتياجات الخاصة وقصار القامة دون بدل على أن تكون ملائمة لظروفهم المعيشية والبدنية.

**المادة (٨):**

يضاف بند إلى الفقرة (**ثانياً**) من المادة (**الثانية عشرة**) من القانون بتسلسل (٣)، ويقرأ على الوجه الآتي:

٣. إنشاء مركز متطور لتشخيص العوق، وتنظم مكوناته ومهامه وكيفية عمله بتعليمات يصدرها الوزير بالتنسيق مع مجلس وزراء الإقليم ووزير الصحة.

**المادة (٩):**

تعدل الفقرة (**أولاً**) من المادة (**الثالثة عشرة**) من القانون، وتقرأ على الوجه الآتي:

**أولاً**: تلتزم الجهات ذات العلاقة في الحكومة بإتاحة فرص النشاطات الرياضية والاجتماعية للمعاقين وذوي الاحتياجات الخاصة وقصار القامة، ومساعدتهم على ممارسة الرياضة التي تناسب أوضاعهم، وذلك من خلال:

١- ملائمة الملاعب والقاعات الرياضية والمخيمات والنوادي الخاصة.

٢- إلزام الجهات الأخرى صاحبة الملاعب والقاعات والنوادي الرياضية بتوفير الأقسام والأماكن الخاصة بحيث تمكنهم من ممارسة الرياضة والنشاطات الاجتماعية وإشراكهم في النشاطات الرياضية الدولية.

**المادة (١٠)**

تضاف فقرتان بتسلسل (**ثالثاً**) و(**رابعاً**) إلى المادة (**الرابعة عشرة**) من القانون، وتقرأ على الوجه الآتي:

**ثالثاً:**

١- يعاقب بغرامة لا تقل عن (١،٠٠٠،٠٠٠) مليون دينار ولا تزيد على (١،٥٠٠،٠٠٠) مليون وخمسمائة ألف دينار كل من حرم معاقاً أو ذوي احتياجات خاصة أو قصير القامة أو قام بفعل يؤدي إلى حرمانه من ممارسة الحقوق الواردة في هذا القانون.

٢- يعامل المساهم في المخالفة الواردة في البند (١) من هذه الفقرة، معاملة شخص الفاعل.

٣- تضاعف قيمة الغرامة المنصوص عليها في البند (١) من هذه الفقرة في حالة العود إلى المخالفة.

**رابعاً:** فضلاً عن أي عقوبة واردة في القوانين النافذة، يعاقب بغرامة لا تقل عن (٢،٥٠٠،٠٠٠) مليونين وخمسمائة ألف دينار ولا تزيد على (٥،٠٠٠،٠٠٠) خمسة ملايين دينار كل من جعل نفسه شخصاً ذو إعاقة أو ذو احتياجات خاصة أو قصير القامة احتيالاً، أو انتحل صفاتهم، أو ساهم معه أو ساعده بقصد الاستفادة دون وجه حق من أي حق منصوص عليه في هذا القانون.

**المادة (١١):**

تلغى المادة (**السابعة عشرة**) من القانون ويحل محلها النص الآتي:

يكون تنفيذ الفقرات والمواد الخاصة بحقوق وامتيازات المعاقين وذوي الاحتياجات الخاصة وقصار القامة في هذا القانون وأي قانون آخر ذي علاقة نافذ في الإقليم، بمراعاة أسس مساواة النوع الاجتماعي.

**المادة (١٢):**

على وزير العمل والشؤون الاجتماعية بالتنسيق مع وزير الصحة إصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ أحكام هذا القانون.

**المادة (١٣):** لا يعمل بنص أي قانون أو قرار يتعارض وأحكام هذا القانون.

**المادة (١٤):** على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذا القانون.

**المادة (١٥):** ينفذ هذا القانون من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**الأسباب الموجبة**

بغية مواءمة حقوق وامتيازات المعاقين وذوي الاحتياجات الخاصة وقصار القامة مع المعايير الدولية، وإتاحة فرص العمل وتقديم الخدمات المناسبة مع أوضاعهم المعيشية وحياتهم الخاصة، وضمان حقوقهم في المجالات الصحية والاجتماعية والتربوية، وإزالة التمييز ضدهم، ومعالجة النواقص التي برزت عند تنفيذ القانون رقم (٢٢) لسنة ٢٠١١، شرع هذا القانون.

**نيچيرڤان بارزاني**
**رئيس إقليم كوردستان**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**باسم الشعب**
**برلمان كوردستان ـ العراق**
**رقم القرار: ١٢**
**تأريخ القرار: ٢٠٢١/١٢/٨**

**قرار**
**رقم (١٢) لسنة ٢٠٢١**

استناداً إلى أحكام الفقرات (ثانياً، رابعاً، خامساً) من المادة (٢٨) من النظام الداخلي لبرلمان كوردستان ـ العراق، قرر برلمان كوردستان بجلسته الاعتيادية رقم (١١) لدورته الانتخابية الخامسة والمنعقدة بتأريخ ٢٠٢١/١٢/٨، مايلي:

**أولاً:**
قبول استقالة عضو برلمان كوردستان (سيروان فرج محمد) من عضوية لجنة (العلاقات والجالية الكوردستانية).

**ثانياً:**
ينفذ هذا القرار من تأريخ صدوره في ٢٠٢١/١٢/٨ وينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**د. ريواز فائق حسين**
**رئيس برلمان كوردستان – العراق**

**هيئة حماية وتحسين البيئة**

**بيان**

**رقم (١) لسنة ٢٠٢١**

استناداً للصلاحية المخولة لنا، طبقاً للمواد رقم (١٠) من قانون رقم (٣) لسنة ٢٠١٠ لهيئة حماية وتحسين البيئة، و كذلك المادة رقم (٨) من قانون رقم (٤) لسنة ١٩٩٩ قانون النشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان) أصدرنا البيان التالي:

**أولاً:** تتم اضافة الملحقين/ ملحق (رقم ٢)، و ملحق رقم (٣) باللغتين الكوردية والعربية إلى التعليمات رقم (١) لسنة ٢٠٢١ الخاص بالصيد في إقليم كوردستان، لعدم نشرها سهواً بسبب ( أخطاء مطبعية) في وقائع كوردستان رقم (٢٧٥) .

**ثانياً:** تتم إضافة (كلوريدى فينيل: ٥٠٠غرام/طن) باللغة الكوردية لجدول رقم (٧) من الملحق/ رقم (٤ - أ) لتعليمات رقم (٢) لسنة ٢٠٢١ حماية وتحسين الهواء، لعدم نشرها سهواً بسبب (أخطاء مطبعية) في وقائع كوردستان رقم (٢٧٥) .

**ثالثاً:** ينفذ هذا البيان من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان) .

**المهندس / عبدالرحمن صديق**

**رئيس الهيئة**

**ملحق (٢) (الطيور البرية)**

| ژ | ناوی كوردی<br>الاسم الكردی | ناوی عه‌ره‌بی<br>الاسم العربی | ناوی ئینگلیزی<br>الاسم الانجليزی | ناوی زانستی<br>الاسم العلمی | نرخی یه‌ك دانه به‌ دینار<br>سعرالعدد الواحد بالدينار |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | شه‌هێن | شاهين | Peregrrine Falcon | Falco peregrinus | ١٠ مليون |
| ٢ | باڵه‌بان | الصقر الغزال | Saker Falcon | Falco cherrug | ١٠ مليون |
| ٣ | سێ كوژه‌ | شاهين مغربى | Barbay Falcon | Falco pelegrinoides | ١٠ مليون |
| ٤ | له‌یل | شويهين (البيق) | Hobby | Falco subbuteo | ١٠ مليون |
| ٥ | لاجين | الصقر الحر | Lanner falcon | Falco biarmicus | ١٠ مليون |
| ٦ | هه‌موو جۆره‌كانی هه‌ڵۆ- بازه‌كان – باشوكه‌كان- شه‌هێنه‌كان- دالاشه‌كان- شه‌م قاره‌كان- هه‌لۆیه‌كان - هه‌ڵۆی ماسی گیر<br>انواع الشاهين – الصقور – النسور | | | | ١٠ مليون |
| ٧ | شينه قورنگ | الكركرى الرمادى | Common Carne | Grus grus | ٣ مليون |
| ٨ | چرك | حبارى | Houbara Bustard | Chlamydotis undulata | ٥ مليون |
| ٩ | قوی بێده‌نگ | التم الصامت | Mute Swan | Cygnus olor | ٣ مليون |
| ١٠ | هه‌موو جۆره‌كانی قوو | | | | ٢ مليون |
| ١١ | فلامينكو (سووره قورينگ) | النعام الكبير | Greater Flamingo | Phoenicopterus roseus | ٣ مليون |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٢ | مریشکە کێوی | طهويج اسو ققفازي | Caucasian Black grouse | Lyrurus Mlokosiewiczi | ٥٠٠,٠٠٠ |
| ١٣ | کەڵك سپی | البجع الابيض | Pelican White | Pelrcanus onocrotalus | ٣ مليون |
| ١٤ | بوکەس | الوزة الحمراء | Red brerasted Goose | Branta ruficollis | ٢ مليون |
| ١٥ | هەموو جۆرەکانی قاز | انواع البط | | | ١ مليون |
| ١٦ | کەوی دەری | تدرج الثلج القزويني | Snowocok | Tetraogallus caspius | ٥ مليون |
| ١٧ | پۆر | حجل او درج اسود | Black Francolin | Francolinus francolinus | ٣٠٠,٠٠٠ |
| ١٨ | زرە پۆر | حجل درج رمادي | Grey Partride | Francolinus pondicerianus | ٣٠٠,٠٠٠ |
| ١٩ | حاجی لەق لەق | لقلق ابيض | White Stork | Ciconia ciconia | ١ مليون |
| ٢٠ | قشقەڵە سوورە | العقع الاحمر | Pleskes Groundjay | Podoces pleskie | ٥٠,٠٠٠ |
| ٢١ | جۆرەکانی تری قاز – قازوودندوکزەرد- قازوومە- قژاوکە- قشقەڵە-قەڵەبەکە- قەلەرەشە | | | | ٥٠,٠٠٠ |
| ٢٢ | سوورەقانك | بط ابو فروة | Ruddy Shelduck | Tadorna ferruginea | ٥٠٠,٠٠٠ |
| ٢٣ | ئەحمەد راوکەر دەندەك بارێك | الكراوني الماء رفيح المنقار | Slender – billed Curlew | Numenius tenuirostris | ٣٠٠,٠٠٠ |
| ٢٤ | تاوسە (مریشکی زەلکاو) | ارجواني فرفر (البرهان) (سحنون) | Purple Gallinule | Porphyrio Porphyrio | ١٠٠,٠٠٠ |
| ٢٥ | مراوی سەرسپی | ابو مروحة – بط ابيض | White Headed Duck | Oxyura Leucocephala | ٤٠٠,٠٠٠ |
| ٢٦ | مراوی سپیلکە | شرشير الخطط | Marbled Teal | Mamaronetta angustirostris | ١٥٠,٠٠٠ |
| ٢٧ | مینا | مينة اعتيادي | Common Mynah | Acridotheres tristis | ٤٠٠,٠٠٠ |
| ٢٨ | هەموو جۆرەکانی مراوی | | | | ١٠٠,٠٠٠ |
| ٢٩ | کەو | الحجل الرمادي - القبج | Chukar | Alectoris chukar | ١٥٠,٠٠٠ |
| ٣٠ | زەرکەو | الحجل | Common partridge | Perdix perdix | ١٥٠,٠٠٠ |
| ٣١ | سوێسکە | الحجل سي سي | See-see prtiridge | Ammoperdix grisoegularis | ١٥٠,٠٠٠ |
| ٣٢ | هەوێردە | السمان(السلوى) | Quail | Coturnix coturnix | ١٥٠,٠٠٠ |
| ٣٣ | کور کورەی بەرزگ خەیی | قطا ليشتنستين | Lichtensteins Sandgrouse | Pterocles lichtensteinii | ١٠٠,٠٠٠ |
| ٣٤ | هەموو جۆرەکانی قەتێ | | | | ١٠٠,٠٠٠ |
| ٣٥ | کۆترە شینە | حمام جبلي | Rock Dove | Columba Livia | ١٠٠,٠٠٠ |
| ٣٦ | هەموو جۆرەکانی کۆتر-کۆترە گایە-کۆترە نەخشینە-قومری رۆژهەڵاتی | | | انواع الحمام | ١٠٠,٠٠٠ |
| ٣٧ | رەشۆڵە | الزرزورالشائع | Starling | Sturnus Vulgaris | ١٠٠,٠٠٠ |
| ٣٨ | بلبل خورما | بلبل التمر | Nhitc-eared bulbul | Himalayan bulbul | ٣٠,٠٠٠ |
| ٣٩ | بوکە سور | طائر الحسون | Coldfinch | Carduelic | ٣٠,٠٠٠ |

**ملحق (٣): برمائيات**

| ژ | ناوی کوردی الاسم الكردى | ناوی عەرەبی الاسم العربى | ناوی ئینگلیزی الاسم الانجليزى | ناوی زانستی الاسم العلمى | نرخی یەك دانە بە دینار سعرالعدد الواحد بالدينار |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ...................... | اكانثوبراما | ...................... | Acanthobrama centisquama | 200 000 |
| ٢ | ...................... | النوع | ...................... | Albumoides bipunctatus | 200000 |
| ٣ | ...................... | بني | ...................... | Barbus sharpeyi | 100 000 |
| ٤ | ...................... | كطان | ...................... | Barbus xanthopterus | 100 000 |
| ٥ | ...................... | جصان | ...................... | Barbus kersin | 300 000 |
| ٦ | ...................... | شبوط | ...................... | Barbus grypus | 100 000 |
| ٧ | ...................... | بز | ...................... | Barbus esocinus | 500 000 |
| ٨ | ...................... | سمك اعمى | ...................... | Caecocypris bsimi | 300000 |
| ٩ | ...................... | بلعوط الملكي | ...................... | Chondrostoma regium | 100 000 |
| ١٠ | ...................... | برعان هجين | ...................... | Leuciscus spurius | 100 000 |
| ١١ | ...................... | سمك اعمى | ...................... | Typhlogarra widdosoni | 100 000 |
| ١٢ | ...................... | حمري | ...................... | Barbus luteus | 100 000 |
| ١٣ | ...................... | رفش | ...................... | Refetus euphraticus | 500000 |

---

**وزارة الصحة**

استنادا (للمادة السادسة/فقرة (٢) من قانون وزارة الصحة في أقليم كوردستان رقم (١٥) لسنة ٢٠٠٧ ولمقتضيات المصلحة العامة و حسب برنامج وزراتنا لتقديم أفضل الخدمات الصحية للمجتمع فى كوردستان قررنا:-

**بيان رقم (٤٩) لسنة ٢٠٢١**

- (فتح مركز دهوك التخصصي لأمراض الكلي) في المديرية العامة لصحة دهوك. من تاريخ صدور هذا البيان.
- من تأريخ صدور هذا البيان ٢٠٢١/١١/٢ .

**بيان رقم (٥٠) لسنة ٢٠٢١**

- (فتح وحدة الوراثة الطبية) في مركز دهوك التخصصي للفحوصات المختبرية و(وحدة قوقعة الادن و وحدة المعينات السمعية ) في مستشفى أزادى التعليمي في المديرية العامة لصحة دهوك
- من تأريخ صدور هذا البيان ٢٠٢١/١١/٢ .

**بيان رقم (٥١) لسنة ٢٠٢١**

- (فتح المركز العلاجي لمرضى Multiple Sclerosis) في مستشفى رزگارى في المديرية العامة لصحة اربيل
- من تأريخ صدور هذا البيان ٢٠٢١/١١/٢ .

**بيان رقم (٥٢) لسنة ٢٠٢١**

- (فتح مستشفى نانەكەلى لأمراض الدم والأمراض السرطانية) في المديرية العامة لصحة اربيل.
- من تأريخ صدور هذا البيان ٢٠٢١/١١/٢ .

**د. سامان حسين برزنجي**
**وزير الصحة**

**وزارة الصحة**

استنادا (للمادة السادسة/فقرة (٢) من قانون وزارة الصحة في أقليم كوردستان رقم (١٥) لسنة ٢٠٠٧ ولمقتضيات المصلحة العامة و حسب برنامج وزراتنا لتقديم أفضل الخدمات الصحية للمجتمع فى كوردستان قررنا:-

**بيان رقم (٥٣) لسنة ٢٠٢١**

- (فتح شعبة البايولوجي) في مركز أربيل التعليمي للأمراض الجلدية في المديرية العامة لصحة اربيل.
- من تأريخ صدور هذا البيان ٢٠٢١/١١/٢ .

**بيان رقم (٥٤) لسنة ٢٠٢١**

- (فتح مستشفي اربيل التعليمي للعيون) في المديرية العامة لصحة اربيل.
- من تأريخ صدور هذا البيان ٢٠٢١/١١/٢ .

**بيان رقم (٥٥) لسنة ٢٠٢١**

- (فتح مركزلتسجيل مرضى المصابين بالامراض النادرة) في مستشفي راپەرین التعليمي للأطفال في المديرية العامة لصحة اربيل.
- من تأريخ صدور هذا البيان ٢٠٢١/١١/٢ .

**بيان رقم (٥٦) لسنة ٢٠٢١**

- (فتح مستشفى التخصصي التعليمي لجراحة القلب) في المديرية العامة لصحة اربيل.
- من تأريخ صدور هذا البيان ٢٠٢١/١١/٢ .

**بيان رقم (٥٧) لسنة ٢٠٢١**

- (فتح مركز أمراض الكلي) في مستشفي أربيل التعليمى في المديرية العامة لصحة اربيل.
- من تأريخ صدور هذا البيان ٢٠٢١/١١/٢ .

**بيان رقم (٥٨) لسنة ٢٠٢١**

- (فتح مركز امراض وجراحة القلب) في المديرية العامة لصحة السليمانية.
- من تأريخ صدور هذا البيان ٢٠٢١/١١/٢ .

**بيان رقم (٥٩) لسنة ٢٠٢١**

- (فتح شعبة الأستشارية للعيون ) في مستشفى شهيد ئاسۆ في المديرية العامة السليمانية.
- من تأريخ صدور هذا البيان ٢٠٢١/١١/٢ .

**بەیانی ژمارە (٦٠)ی ساڵی ٢٠٢١**

**وەزارەتی تەندروستی**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (شەشەم / بڕگەی دووەم) لەیاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ بڕیارماندا بە :-

کردنەوەی (بنکەی تەندروستی شەمە) لە گوندی شەمە سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی

- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونییەوە ڕێکەوتی ٢٠٢١/١١/٣.

**د. سامان حسين برزنجي**
**وزير الصحة**